PDF4Kurd

ڕێبازە ئەدەبییەکان

PDF4Kurd

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب
* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

PDF4Kurd

ڕێبازە ئەدەبییەکان

کلاسیزم   ڕۆمانسیزم   ڕیالیزم   پەرناس

سمبوولیزم   دادایزم   سوریالیزم

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە

د. فەرهاد پیربالّ

PDF4Kurd

ناوی کتێب: ڕێبازە ئەدەبییەکان
ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. فەرهاد پیرباڵ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٠٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٤٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ دراوەتێ

PDF4Kurd

پێشکەشە

بە قوتابیان و خوێندکاران و فێرخوازان،

ئەوانەی ئەم کتێبە دەکەنە هەنجەتێک بۆئەوەی لەژێر درەختەکان،

لە پەنا دیوارەکان،

لەناو سەنتەرەکان،

لەناو یانەکاندا..

قسە لەبارەی خۆشەویستی و خۆپێشاندان و شووتی و مامۆستای خراپ و سۆبە و دوارۆژی وڵاتەوە دەکەن...

PDF4Kurd

PDF4Kurd

دەسپێک

ئەم کتێبە، پیشاندانێکی پانۆرامایی هەندێ لە ڕێبازە ئەدەبی- هونەرییەکانی ئەورووپایە: بارودۆخی سەرهەڵدانیان، سەرچاوە فەلسەفییەکانیان، یاسا و ڕێساکانیان. بەرگی دووەم بریتی دەبێت لە فوتووریزم و کووبیزم و ناماقووڵ و ئەبستراکت و بێهوودەیی و لێتریزم و کۆبرا و ئەوانی تر.

هیوادارم ئەم پەرتووکە ببێتە سەرچاوەیەکی دیکە بۆ ئەو پۆلانەی کە دەرسی «ڕێبازە ئەدەبییەکان» لە زانکۆ و ئەکادیمیا و پەیمانگە هونەرییەکاندا دەخوێنن.

دانی پێدا دەنێم: بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە، مێتۆدێکی ئەکادیمیم پەیڕەو نەکردووە، چاوم لەوە نەبوو بیکەمە تۆژینەوەیەک و تەرقیەی پێ بکەم، تەنیا ئەوەندەم ویستووە خوێنەر بتوانێت بەزمانێکی ئاسانکراو و سادە چەند زانیارییەکی پانۆرامایی و بنچینەیی لەبارەی گەوهەری ئەو قوتابخانە ئەدەبی- هونەرییانەوە تێ بگات و چیتر تەنیا و تەنیا پشت بەو ڕستە کۆن و قسە سارد و سڕانە نەبەستێت کە لەناو هۆڵی موحازەڕاتدا، هەر ڕۆژەی لاپەڕەیەکی پێ دەنووسرێتەوە.

بۆ ئەو سەرچاوانەی بەکارم هێناون، گرفتم نەبوو: زیاتر پشتم بە سەرچاوە تیۆری و ئەکادیمییە فەرەنسییەکان بەستووە. جگە لەمەش زۆربەی بەرهەمی نووسەرە کلاسیک و ڕۆمانسی و ریالیستەکان کە لە تویی باسەکاندا ناویان هاتووە، نوسخە فەرەنسییە ئۆریژیناڵەکانیان تەماشاکراون.

PDF4Kurd

زاراوەی «ڕێباز» و ڕێبازە ئەدەبییەکان

وشەی «ڕێباز» لە کوردیدا گەلێک جاران پێیشی دەڵێن «قوتابخانە»، لە «مدرسە» و «مذهب»ی عەرەبی وەرگیراوە، لە زمانی فارسیشدا پێی دەڵێن «مکتب» کە هەمووشیان لە ئێکۆڵ Ecole ی لاتینی و فەرەنسییەوە وەرگیراون.

ئێکۆڵ Ecole لە قامووسی لارووسی زمانی فەرەنسیدا لە لاپەڕە ٤٦٧دا واتە: «سەرجەم ئەو لایەنگیرانەی کە سەر بە یەک کۆمەڵە بنەمای فەلسەفی یا ئەدەبی یا هونەرین؛ یان کۆمەڵە بنەمایەکی فیکریی فەیلەسووفێک یان هی هونەرمەند و نووسەرێک؛ هەروەها واتە: هەموو ئەو نووسەر یان هونەرمەندانەی کە خاوەن یەک جۆر تێگەیشتنی جوانیناسین».

ئەم پێناسەیە، کەواتە، نزیک دەکەوێتەوە لە چەند بنەمایەکی ئێستەتیکی و بیریی هاوبەش کە پێکەوە لەسەری ڕێککەوتبن و پیادەی بکەن. هەر بۆیەش لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر جاران پێی دەگوترێ «Doctrine» واتە چەند بنەمایەک کە لەسەری بڕۆین و پیادەی بکەین.

ڕێباز لە بواری ئەدەبیاتدا بریتییە لە کۆمەڵە تیۆر و بۆچوونێکی ئەدەبی و هونەری کە لە شارێک، لە وڵاتێکدا سەرهەڵدەدات، نوێنەرەکانیشی بە بەرهەمەکانیان دەیچەسپێنن. زۆربەی جاران وەک چەند بنەمایەک دووبارە دەبێتەوە و سنووری ئەو وڵاتە دەشکێنێ و بەناو وڵاتانی دیکەدا بڵاودەبێتەوە.

تۆژینەوە لە هەر ڕێبازێکی ئەدەبی یان هونەری دەچێتە خانەی تۆژینەوە لە فەلسەفەی جوانیناسییەوە Esthetique، یان هیچ نەبێت پەلکێشی ئەویمان دەکات. بۆیە، تۆژینەوە لە بنەما و خاسیەتەکانی هەر یەکێک لەو ڕێبازانە، واتە تۆژینەوە لە ئێستاتیکا.

کێ ئەم ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە جۆراوجۆرانەی – بۆ یەکەمین جار– لە یەکتری جودا کردەوە و ناوی لێ نان و پۆلێنی کردن؟ کەی بوو؟ بۆچی؟

یەکەمین جار تۆژەرە ڕۆژئاواییەکان، واتە ئەدەبناس و هونەرناسە ئەوروپاییەکان بوون کە هاتن ئەو ڕێبازە ئەدەبی و ئەو قوتابخانە هونەریانەیان – هەر یەکەیان بەپێی بنەما فەلسەفی و فیکرییەکانیان و خاسیەتە تایبەتییەکانی خۆیان – لە یەکتر جودا کردەوە و پۆلێنیان کردن. ئەمە جگە لەوەی، بەشێکی زۆر لەو ڕێبازانە، هەر لەلایەن خودی دامەزرێنە ئەوروپاییەکانیانەوە ناویان لێ دەنرا، تەنانەت بنەما ئێستەتیکی و خاسیەتەکانیشیان دادەڕێژران.

ئەوەش لەبیر نەکەین کە خودی ئەوروپاییەکان، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژئاواییەکان بوون (گریک و ڕۆمانییەکان، پاشانیش بەتایبەتی فەرەنسی و ئینگلیز و ئەڵمان) کە بنەما و دەستوور و خاسیەتەکانی ئەو ڕێبازانەیان دادەمەزراند.

کەواتە، قوتابخانە ئەدەبی و ڕێبازە هونەرییەکان، لەلایەن خودی ئەوروپاییەکانەوە دروست کراون و لە خودی ئەوروپادا سەریان هەڵداوە.. هەر لەلایەن خودی خۆشیانەوە پۆلێن کراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە. گومان لەمەدا نامێنێ ئیتر کە هەموو ئەم ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییانە لە سەدا سەد ئەوروپایین، تەنانەت مێتۆدی پۆلێنکردن و فەلسەفەی تۆژینەوەکانیش لێیان، ئەوروپین و لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیەکی ئەوروپایی دامەزراون.

PDF4Kurd

بەم شێوەیە، هەموو ڕێبازە ئەدەبی و قوتابخانە هونەرییەکان - بە لای کەمییەوە ئەوانەی لە تۆژینەوە ئەکادیمی و زانکۆییەکاندا دەیانخوێنین - بەرهەمی چێژ و بیر و کۆمەڵگەی ئەورووپان، کە پاشان - بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە- دارژانە ناو ئەدەبیات و پۆلێنبەندی و تۆژینەوەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە: هەر نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵات - بەتایبەتی لە سەرەتادا تورک و عەرەب، ئنجا فارس و کورد - هاتن لاسایی ئەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییانەی ئەوانیان کردەوە، یانیش هاتن کەرەستە و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی مێژووی خۆیان، بەپێی مێتۆد و پۆلێنکردنە ئەورووپییەکانەوە لە یەکتری جودا کردەوە.

تۆژەر و ئەدەبناسە عەرەبەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، پێش هەموو نەتەوەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵات هاتن ماتێریاڵە ئەدەبی و کەرەستە هونەرییەکانی مێژووی عەرەبیان بەشێوەیەکی ئەوتۆ شیتەڵ کردەوە کە چۆن لەناو ئەو ڕێبازە ئەورووپاییانەدا جێگەیان بۆ بکەنەوە. ئەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییانەی ئەورووپایان کردە کراسێک و کردیانە بەر کولتووری خۆیان. نووسەر و تۆژەرە عەرەبە پێشڕەوەکان کە دامەزرێن و ڕێبەری ڕۆشنبیریی نوێی دنیای عەرەب بوون، بۆ نموونە، تەها حوسێن، لە کتێبی (مستقبل الثقافة في مصر) هەروەها سەلامە موسا و زۆری دیکەش، پێیان وابوو کە پێویستە عەرەب هەموو پۆلێنکردن و بنەمایەکی ئێستاتیکیی خۆیان لە ئەورووپاوە وەربگرن.

ئەم دەسپێشخەرییەی ئەورووپا بۆ پۆلێنکردنی ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان واتای ئەوە ناگەیەنێ کە گەلانی ڕۆژهەڵات ئەدەبیات و هونەریان - لە سەدەکانی سەردەمی گریک و ڕۆماندا یان لە سەدەکانی پێش سەدەی بیستەمدا - نەبووە، بەڵام هێندە هەیە کە ئەورووپا (لە سایەی پێشکەوتنە فیکری و زانستییەکانی سەردەمی ڕێنسانس لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ هەروەها لە سەدەی ڕۆشنگەریدا لە سەدەی ١٨م) توانی بۆ خۆی دەسپێشخەر بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە و تەنزیرات لە بارەی مێژووی ئەو ئەدەبیات و هونەرە بێنێتە ئارا: گەلانی ڕۆژهەڵات نەپرژانە سەر ئەوەی کە خۆیان بتوانن دەسپێشخەری بکەن، پۆلێنکردن و تەنزیراتی خۆیان بەشێوەیەکی جوداواز - بەپێی خاسیەت و قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئەدەبیات و هونەری خۆیان - دابڕێژن.

ئەم دەسپێشخەرییەی ئەورووپا و ئەم لەدووامانەی جیهانی ڕۆژهەڵات، سەبارەت بە کۆمەڵێک هۆکار بوون کە هەموویان دواکەوتوویی جیهانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامەتی دەسەلمێنن: بۆ نموونە گەلانی ڕۆژهەڵات، تەنانەت تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش، هیچ ئێستاتیکا و تێگەیشتنێکی هاوچەرخانەی ئەوتۆیان بۆ ئەدەب و هونەر و داهێنان نەبووە کە بتوانێ مێژووی ئەدەبیات و هونەر و ڕێبازەکان پۆلێن بکات. ئەگەر چەند هەوڵدانێک، بۆ نموونە بەم دواییییە لە لای مەحمود سامی ئەلبارودی، د. نەجیب گەیلانی، مستەفا سادق ئەلرافعی، محەمەد ئیقبال.. هەشبووبێت، ئەوا ناکامڵ و کەموکورت، سادە و ڕووکەش، یان ناکۆک و ناتەبا، یانیش یەکلابین بوونە، تەنیا لەسەر بنچینەی ئایدیۆلۆژیەت و سیاسەتبازی و بەرژەوەندییەکانی ئیسلامی سیاسی دامەزراون: نەگەیشتوونەتە ئاستی فەلسەفەی جوانیناسی و پۆلێنکردنێکی دروستی تازەی ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان.

ئەمڕۆ، تەنانەت ئەو نووسەرە ناوبراوانە خۆشیان ناتوانن نکۆڵی لەمە بکەن کە ئەورووپاییەکان لە بواری فەلسەفە و شارستانییەت و ئێستاتیکاوە لە ئێمە پێشکەوتووتر و بەهێزترن. هەر بۆیەش توانیویانە چەمکە ئێستاتیکی و پۆلێنکردنە ئێستاتیکییەکانیان، هەروەها ئەو مێتۆدە باوەی پۆلێنکردنی ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان، بەسەر خۆیان و دنیای ئێمەشدا فەرز بکەن.

ئەو بزووتنەوە فراوانە کولتووری و زانستی و شارستانییەی لە ماوەی سەدەکانی ١٥ تا ١٦ بە ناوی ڕێنسانس

PDF4Kurd

Renaisance له ئەورووپا سەری هەڵدا وای کرد هەر نەتەوەیەکی ئەورووپا -بەتایبەتی ئیتالیا و فەرەنسا و ئینگلتەرە و ئەڵمانیا - کولتووری تایبەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکات و ببێتە خاوەن ئەدەبی نەتەوەیی خۆی و ڕێبازی تایبەتی ژیانی خۆی بگرێتە بەر. لە هەمان کاتدا ڕێنسانس ڕێگای خۆشکرد بۆ پەرەسەندنی چێژ و بیری ئەورووپایی بۆئەوەی بتوانن دەستنووسی کۆن کۆبکەنەوە و ئەدەبیاتی هەموو دنیا -بەوانەی گریک و ڕۆمانییەکانیشەوە- لەبەر دەستیاندا بێت و پاشانیش بتوانن بە عەقڵیەتێکی تازەوە لێکۆڵینەوەی ئێستاتیکیی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن.

جگە لەمەش، بەرەوپێشەوەچوونی بازرگانی لە ئەورووپا و دۆزینەوە جوگرافییەکان و ناسینی وڵاتان، لەمانەش گرنگتر داهێنانی چاپخانە (گۆتێنبێرگ لە ساڵی ١٤٤٥ لە ئەڵمانیا) و بەرەوپێشەوەچوونی چاپخانە و داهێنانی چاپکردنی نوێ و توانای بڵاوکردنەوەی بەرهەم و کولتوور و نووسراوەکانیان بە دنیادا، وایکرد کە کولتووری ئەورووپایی و تێگەیشتنەکانیان زووتر و بەشێوەیەکی ئاسانتر خۆی فەرزبکاتە سەر گەلانی دنیا، - لەناو ئەمانەدا ئەدەبیات و هونەر و بیری ئێستاتیکیشیان.

نووسەرانی سەردەمی ڕێنسانس ڕێگەیان بۆ سەرهەڵدانی پۆلێنکردنی ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان خۆش کرد: ڕەخنەگری ناوداری فەرەنسی، نیکۆلا بوالۆ Nicolas Boileau (١٦٣٦- ١٧١١) لە ساڵی ١٦٧٤دا کتێبە ناودارەکەی خۆی (هونەری شیعر Art Poethique)ی بڵاوکردەوە و دەستوور و بنەماکانی کلاسیزمی بەشێوەیەکی تیۆری تێدا شی کردەوە و چەسپاند.

بە هەمان شێوە، لەدوای ڕێنسانس، سەدەی ڕۆشنگەری، بە ئینگلیزی Enlightenment، بە فەرەنسی L age des lumieres بزاڤێکی هزری بوو کە لە کۆتایی سەدەی ١٧ دەستی پێکرد و بە درێژایی سەدەی ١٨ ئەورووپای هەژاند، هەمان ڕۆڵی کاریگەری بینی لە بواری پەرەسەندنی چەمکە ئێستەتیکییە ڕۆژئاواییەکان و بڵاوکردنەوەی تێگەیشتنە فەلسەفییە ئەورووپاییەکان لە بارەی ئەدەبیات و هونەر و پۆلێنکردنی ڕێبازەکان.

بەم شێوەیە، دەرکەوت کە بیرۆکەی پۆلێنکردنی ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان و تەنانەت سەرهەڵدانی خودی ڕێبازەکانی دیکە خۆشیان -ئەوانەی لەدوای کلاسیزمەوە هاتوون: ڕۆمانسیزم، پەرناس، ریالیزم، سمبوولیزم- پرۆسەیەکی تازەیە، لەدوای سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە دەرکەوتن و بیریان لێ کرایەوە.

شایانی باسە، زۆربەی ڕێبازەکان (ریالیزم، پەرناس، سمبوولیزم، سوریالیزم) لە فەرەنسا سەریان هەڵدا و دواتر بە وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا بڵاوبوونەوە. ئەمە لەکاتێکدا ڕۆمانسیزم لە سەرەتادا لە ئینگلستان، بەڵام ڕێبازێکی وەک دەربڕینخوازی لە سەرەتادا لە ئەڵمانیا بڵاوبووەتەوە.

کەواتە، سەرهەڵدانی هەر ڕێبازێکی ئەدەبی یان هونەری پابەند بووە بە بارودۆخی گشتیی کۆمەڵگەکەوە. هەر بۆیەش هەندێ ڕێباز لە هەندێ وڵاتدا لاوازترن یان بەهێزترن، یان دەبینین هەندێ جار ڕێبازێک تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم لە وڵاتێکدا دەوام دەکات و ڕێبازێکی دیکە جێی پێ دەگرێتەوە.

بۆیەش دەبینین سەردەمی دەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا مەرج نییە لەگەڵ سەردەمی دەرکەوتنیان لە ئەورووپادا پێکەڵپێک بێتەوە. کرۆنیکی یەک لەدوای یەکتر هاتنی ئەم ڕێبازانە لە ئەورووپا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

کلاسیزم لە سەدەکانی پ.ز تا کۆتایی سەدەی ١٨م

PDF4Kurd

رۆمانسیزم لە ١٧٩٧ بەملاوە

پەرناس لە ١٨٧٦ بەملاوە

ریالیزم لە ١٨٤٣ بەملاوە

سمبوولیزم لە ١٨٨٦ بەملاوە

فوتووریزم لە ١٩٠٦ بەملاوە

دادابیزم لە ١٩١٦ بەملاوە

سوریالیزم لە ١٩١٩ بەملاوە

ئەمە لە کاتێکدا دەشێ لای هەندێ میللەتانی ڕۆژهەلات، بۆ نموونە ڕۆمانسیزمی کوردی، لە سەردەمی کلاسیزمی ئەورووپیدا دەرکەوتبێت.. یان ریالیزمی عەرەبی لە سەردەمی سوریالیزمی ئەورووپیدا دەرکەوتبێت. مەرجیش نییە ناوەرۆک یا شێوازی ئەو ڕێبازانە لە هەموو ولاتێکدا لە یەکتر بچن و وەک یەکتر وابن.

ڕێباز بە یەکێک لەم شێوانەی خوارەوە لەدایک دەبێ:

١- لە ڕێگای کۆمەلێک نووسەری جیاجیاوە بەشێوەیەکی بێ بەرنامە و پەرت و بلاو، لە ولاتێک یان لە چەند ولاتێکدا پێکەوە و لە ماوەیەکی درێژدا؛ بۆ نموونە: کلاسیزم.

٢- لەسەر دەستی تەنیا یەک نووسەردا، بۆ نموونە: ناتوورالیزم کە ئێمیل زۆلای فەرەنسی لە پاریس بلاوی کردەوە.

٣- لە ڕێگای کۆبوونەوەی کۆمەلێک نووسەر و هونەرمەند و ڕووناکبیرەوە و بلاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، یان بلاوکردنەوەی گۆڤارێک و چەند گۆڤارێک، بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو، لە شارێکی دیاریکراودا کە پاشان بە ولاتانی دیکەدا بلاودەبێتەوە؛ بۆ نموونە: ریالیزم، دادابیزم و سوریالیزم.

بلاوبوونەوەی هەر ڕێبازێکی ئەدەبی یان هونەری، بێگومان لە ڕێگەی کەنالی جۆراوجۆرەوە دەبێت. یەکێک لەم کەنالانە تەرجەمەیە، کە بێگومان ئەگەر بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو بێت کاریگەرتریش دەبێت. هەندێ جاریش نووسەرانی نەتەوەیەک ڕاستەوخۆ لەناو بزاڤی کولتووریی نەتەوەی دووەمدا دەژین و ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر ئەرک و پێویستیی گواستنەوەی ئەو ڕێبازە تازەیەی نەتەوەی دووەم بۆ ناو کولتووری خۆیان. هەندێ جاریش ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆلی مەزن دەبینێ لە بلاوکردنەوەی ڕێبازێکی ئەدەبیدا بەناو میللەتانی دنیادا، بەتایبەتی ئەگەر ئایدیۆلۆژیەتێک - بۆ نموونە لە کاتی بلاوکردنەوەی ڕێبازی ریالیزمی سۆشیالیستیدا - لە پشت ئەو ڕاگەیاندنەدا بێت.

PDF4Kurd

PDF4Kurd

کلاسیزم

PDF4Kurd

PDF4Kurd

کلاسیزم

لەبارەی ڕەچەڵەکی زاراوەی کـــلاســـیـــزم چەندین بۆچوونی جۆراوجۆر هەن:

١- لە کلاسیکۆس Classicus ەوە هاتووە، کە بە واتی چین دێت.

٢- لە وشەی Classise لاتینییەوە هاتووە کە بە واتای پارچەیەکی کەشتی دێت.

واتای زاراوەی کلاسیزم قۆناغ لە دوای قۆناغ پەرەی سەندووە و واتای تازەی پەیدا کردووە، لەوانە:

١- لە زمـانی هاوچەرخی ئینگلیـزی و فـەرەنسـیـدا Classe بە واتای پۆل بەکاردێت.

٢- لە سـەدەی بووژانەوە (ڕێنسـانس)دا و بەتایبـەت لە لایەن هوومانیستەکانەوە کلاسیک بە شاکارە ڕۆمانی و یۆنانییەکان دەگوترا.

٣- ئەو ئەدەب و هونەرە دەگـرێتـەوە کـە لە سـەدەی حەڤدەمدا باو بوو.

٤- لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا کلاسیک بەو ئەدەبیات و هونەرە بەرزە دەگـوترا کـە شـایانی شـوێن پێ هەڵگرتن و لاساییکردنەوە بوو. گۆتەی شـاعـیـری ئەڵمـانی بە ئەدەبی باشی دەگـوت "کـلاسـیـک" بە ئەدەبی خراپیشی دەگوت"ڕۆمانتیک".

٥- ئەو بەرهەمـانە دەگرێتـەوە کـە لەسەر ڕێسـاکـانی نووسـەرانی گـریک (ئەسکیلۆس و ئۆریپـیـد و سۆفۆکلیس و ئەرستۆ) دەڕۆیشتن.

٦- ئەمـڕۆش کـلاسـیـک بە هەمـوو ئەو بەرهەمـانە دەگـوترێ کە پەسەند و ڕەسەن و دانسـقـەن، هەروەها بەو بەرهەمانە دەگوترێ کە پێش ڕۆمانسیزم سەریان هەڵداوە.

یەکـەم جـار نووسـەری ڕۆمـانی ئۆلیـژیلیـۆس Au-liscellius بوو، کـە لە سـەدەی ٢ی زاییندا، لە کـتـێـبی

پەیکەرێکی سەردەمی **بارۆک**

PDF4Kurd

(شەوانی ئەتیکا) ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا. ئەمەش لە دوو شوێنی جیادا:

١- Scriptor Classicus

واتە: نووسراوی چینی سەرەوە

٢- Proletarius Scriptor واتە: نووسراوی چینی پرۆلیتاریا

ئەم دوو شێوە بەکارهێنانە، خۆی لە خۆیدا سیفەتێکی چینایەتیی دایە ئەدەب: ئەدەبی کلاسیکی دایە پاڵ چینی سەرەوەی کۆمەڵ.

کلاسیزمی سەردەمی **بارۆک**

سەرچاوەکانی کلاسیزم

دەستوور و بنەماکانی کلاسیزم لە چەندین سەرچاوەی ئێستەتیکییەوە، کە زۆربەیان سەرچاوەی یۆنانیی کۆنن، هەڵێنجراون:

١- هونەری شیعر Poetica نووسینی ئەرستۆ (٣٢٢ - ٣٨٤ پ. ز).

٢- هونەری شیعر، نووسراوی هۆراس Horace (٦٥- ٦٨ پ. ز).

ئەرستۆ و هۆراس لەم دوو شاکارەی خۆیاندا بنەما و دەستوورەکانی کلاسیزمیان داڕشتبوو. ئیتالییەکان لە سەدەی ١٥ و ١٦مدا چەندین جار ئەم دوو شاکارەیان لە یۆنانییەوە تەرجەمە کردە سەر زمانی ئیتالی، ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بنەماکانی کلاسیزم.

لە هەمان کاتدا، نووسەرانی مەزنی گریک و ڕۆمان (پێش لەدایکبوونی مەسیح) وەک: ئەسکیلۆس، ئۆریپید، هۆمیرۆس.. سەرچاوەیەکی دیکەی کلاسیزمی ئەورووپی بوون کە لە لایەن نووسەرانی ئەورووپای سەردەمی ڕێنسانسەوە، تەنانەت هەر لە پێشتریشەوە لاساییان دەکرایەوە. تەنانەت هەندێ ڕەخنەگر وای دەبینن کە ئەدەبیاتی سەردەمی گریک (سەردەمی یۆنان و ڕۆمانی دێرین) بە کلاسیزمی کۆن دادەنرێت، ئەو

PDF4Kurd

کلاسیکەی دواتری ئەورووپاش کلاسیزمی نوێیە.

٣ - بەرهەمەکانی نووسەرانی سەردەمی ڕێنسانس Rennaissance لە ماوەی سەدەی ١٥م و ١٦مدا، هەروەها بەرهەمی نووسەرانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری Enlightenment لە کۆتایی سەدەی ١٧ تا کۆتایی سەدەی ١٨م، بوونە چەند سەرچاوەگەلێکی دیکەی کلاسیزم. بەتایبەتیش کاتێ لە ساڵی ١٦٧٤دا ڕەخنەگری فەرەنسی، نیکۆلا بوالۆ (١٦٣٦ - ١٧١١) کتێبە گرنگەکەی خۆی(هونەری شیعر Art Poethique)ی بڵاوکردەوە و دەستوور و بنەماکانی کلاسیزمی تێدا شی کردەوە و چەسپاندنی؛ توانی گیانێکی هاوچەرخانە بە ڕێبازەکە بدات و کتێبەکەی وەک سەرچاوەیەکی تیۆریی گرنگی کلاسیزم پێشکەش بکات.

١- ئەرستۆ

هەرچەند ئەفلاتوون پێش ئەرستۆ باسی ئەدەبیات و هونەری کردووە، بەڵام کتێبی «هونەری شیعر Poet-ica»ی ئەرستۆ بە گرنگترین و یەکەمین سەرچاوەی کۆنی تیۆری دادەنرێت لە بواری داهێنانی ئەدەب و هونەری کلاسیکدا.

ئەفلاتوون لە فەلسەفەکەیدا زۆربەی کات پەنای بردووەتە بەر ئەفسانە، ئایدیالیزمانە دنیا و فەلسەفەی هونەری لێک داوەتەوە. هەرچی ئەرستۆیە بەرهەمە وێژەیی و هونەرییەکانی سەردەمی خۆی ریالیزمانە هەڵسەنگاندووە و پشتی بە مێتۆدی زانستیانە بەستووە. بۆیەش ڕافائێلی پەیکەرتاشی ئیتالی لە تابلۆیەکی خۆیدا ئەفلاتوونی وا نیشان داوە کە دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردووەتەوە، کەچی ئەرستۆی وا نیشان داوە کە دەستی بۆ زەوی درێژکردووە. مەبەستی ئەمە بووە: ئەفلاتوون ئایدیالیست و ئەرستۆ ریالیست بووە.

کتێبی «هونەری شیعر Poetica »ی ئەرستۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٤٩٨ لە ڤینیس تەرجومە کرا و بە

پەیکەرێکی سەردەمی **کلاسیزم**

PDF4Kurd

ئیتالّی بڵاوبووەوە. لە ٢٦ بەش پێکهاتووە:

ئەرستۆ لە کتێبەکەی خۆیدا بنەماکانی داهێنانی ئەدەبی و هونەری دەستنیشان دەکات. پاشان شیعر و تراژیدیا و کۆمێدیا و لاساییکردنەوە و دراما و مۆسیقا و شانۆ دەخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە. هۆی پەیدابوونی شیعر و چەشنەکانی لاساییکردنەوە و ئامرازەکانی لاساییکردنەوە دیاری دەکا. لە بابەت و چەشنەکانی تراژیدیا دەکۆڵێتەوە، ئنجا دێتە سەر باسکردنی ئەو هەڵانەی کە لە شیعر و هونەردا، واتە لای شاعیر و هونەرمەند بەدی دەکرێن.. پاشان بەراوردکردنی شیعری تراژیدی و شیعری پاڵەوانێتی.

ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا، ڕەخنەگرانە و بەفراوانی، باسی بەرهەمە شانۆییەکانی هاوچەرخانی خۆی کردووە؛ هەروەها باسی جیاوازییەکانی تراژیدیا و کۆمێدیا، داستان و چیرۆک و توخمەکانیان.

ئەرستۆ لە بواری ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا مێتۆدێکی ئیستیدلالیی Deduction بەکارهێناوە، واتە لە هەموانییەوە بۆ هەندەکی (جزئی) شۆڕدەبێتەوە؛ بەمەش توانیویەتی وەڵامی چەندین پرسیاری گرنگ بەوردییەوە تۆمار بکات: شیعر چییە؟ جیاوازیی نێوان شیعر و پەخشان چییە؟ شاعیری ڕاستەقینە کامەیە؟ شیعر بۆچی دەنووسرێ؟

ئەرستۆ لاساییکردنەوە بە غەریزە دادەنێ و دەڵێ: "شاعیران بە ئامرازی جۆراوجۆر، یان بە بابەتی جیاجیا، یانیش بە شێوازی جیاواز لاسایی دەکەنەوە".

ئەرستۆ لە سەرەتای بەشی سێیەمدا دەڵێ: ڕووداوەکانی تراژیدیا هەستی بەزەیی و ترس لە دەروونی بینەردا دەوروژێنن، ئەمەش ئەنجامێکی باشی هەیە"، هەروەها دەڵێ: "هەموو تراژیدیاکان ئەمانەیان تێدایە: دیمەنی شانۆیی، گرێ، گوفتار، مۆسیقا و گۆرانی، بیر". پاشان باسی جۆرەکانی تراژیدی دەکات: تراژیدیای ئاوێتە، تراژیدیای ساکار، تراژیدیای هەڵچوو، تراژیدیای ئاکاری".

پێترارک

PDF4Kurd

بە ڕای ئەرستۆ دەبێ عەقڵ لە شیعردا سەرمەشق بێت. ئەگەریش پەنای بردە بەر سۆز و ویژدان و هەڵچوونی دەروونی، ئەوا نابێ لەو سنوورە تێ بپەڕێنێ کە ئەقڵ دایناوە. لە شیعر و هونەر و ئەدەبیاتدا دەبێ باس لە شتی هەمەکی و گشتی بکرێت.

بە بۆچوونی ئەرستۆ " ئەرکی شاعیر ئەوە نییە ئەو شتانە بگێڕێتەوە کە ڕوویان داوە، بەڵکو پێویستە ئەو شتانە باس بکات کە لەوانەیە ڕوو بدەن. مێژوونووس ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە ڕوویان داوە شاعیریش ئەو شتانە باس دەکات کە لەوانەیە ڕووبدەن".

هەروەها دەڵێ: "ئەگەر شاعیر شتێکی ناماقووڵی هێنا و زانی چۆن ڕوواڵەت و بەرگێکی ڕاستەقینەی بەبەردا بکات، هەرچەند ئەمە عەقڵ نایبڕێ، بەڵام بۆی هەیە ئەمە بکات".

ڕاسین

٢- هونەری شیعر

نووسراوی هۆراس Horace (٦٥- ٦٨ پ. ز).

«هونەری شیعر»ی هۆراس بە دووەم سەرچاوەی کلاسیزم دادەنرێ. هۆراس لەم کتێبەیدا بەدرێژی لە جۆرەکانی هونەر و ئەدەب، بەتایبەتی لە تراژیدیا و کۆمیدیا، هەروەها لە بنەماکانی دراما و جۆرەکانی شانۆنامە و شیعر دەدوێ، ئنجا چەند مەرجێکیش بۆ شانۆنامە دەستنیشان دەکات.

هۆراس یەکەم کەسە کە تێگەیشتنی کلاسیزم و مەرجی کلاسیزم بوونی لەگەڵ مەرجی گەڕانەوە بۆ کۆن گرێ داوە.

کتێبی هونەری شیعری هۆراس لەم بابەتانە دەکۆڵێتەوە:

١- بەرزی و جوانیی ئەدەبیات و هونەری گریک و یۆنان.

٢- مەبەست و ئامانج و ئەرکی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەت. لەم بارەوە دەڵێ: "مەبەستی شاعیران یا سوودبەخشینە یا چێژپێگەیاندنە یان لە یەک کاتدا

PDF4Kurd

ئارەزووبزواندن و پەندەکانی ژیانە".

٣- لە بەشی درامادا کۆمەڵێک بیر و ڕا لە بارەی شانۆ (تراژیدیا و کۆمیدیا) دەردەبڕێ کە بەگشتی لە ئەرستۆ وەرگیراون. هۆراس لەگەڵ ئەوەش هەندێ مەرج و بنەما و خاسیەت دەستنیشان دەکا کە پێویستە لە شانۆدا هەبن. بۆ نموونە بە ڕای ئەو شانۆنامە دەبێ لە ٥ پەردە پێکهاتبێ.

٤- سنعەتبوونی ئەدەب و هونەر.

باس لە پیشەسازیی هونەر دەکات، ئنجا بایەخی بەهرە و خەیاڵفراوانی لە کاری داهێناندا ڕوون دەکاتەوە. هەروەها باس لە بەرهەمی باش و خراپ دەکات و لە یەکتریان جودا دەکاتەوە.

٥- مەرجەکانی شاعیری چاک دەستنیشان دەکات.

٣- کولتووری ڕێنسانس

بزووتنەوەی ڕێنسانس Rennaissance لە ماوەی سەدەی ١٥م و ١٦مدا ڕۆڵێکی مەزنی بینی لە بەرەوپێشەوەبردنی ڕێبازی کلاسیزم. جێی سەرنجە بزووتنەوەی ئوومانیستەکان Humanisme لە سەدەی ١٥مدا ڕوویەکی گەشی بزووتنەوەی ڕێنسانس بوو.

هەروەها بزووتنەوەی ڕۆشنگەری Enlightenment کە بزاڤێکی هزری بوو - لە کۆتایی سەدەی ١٧ دەستی پێکرد و بە درێژایی سەدەی ١٨ ئەورووپای هەژاند و ناوەندەکەیشی پاریس بوو- ئەویش ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە بڵاوکردنەوەی پرەنسیپ و دەستوورەکانی کلاسیزم.

بەم شێوەیە بەرهەمی نووسەر و فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕێنسانس Rennaissance و ڕۆشنگەری Lage des lumieres بوونە چەند سەرچاوەگەلێکی دیکەی کلاسیزم.

مێژوونووسەکان مێژووی گەلانی ئەورووپا بەسەر سێ چاخ دابەش دەکەن:

١- چاخی کلاسیکی دێرین Antique (سەردەمی

Donatello (1386?-1466):
Madeleine – vers 1455.
Bois polychrome – H. 1,88 m.
Florence, Baptistère.

پەیکەرێکی **کلاسیک**

PDF4Kurd

دەسـەڵاتدارێتی گـریک و ڕۆمـان، کـە پێش لەدایکبوونی مەسیح دەگرێتەوە). هەندێ ڕەخنەگر وای دەبینن کە ئەدەبیاتی ئەم سەردەمە (سەردەمی یۆنان و ڕۆمانی دێرین) کلاسیزمی کۆنە، ئەو کلاسیکەی دواتری ئەورووپاش کلاسیزمی نوێیە.

٢- چاخەکانی ناوەڕاست، کە بە سەردەمێکی زۆر تاریک دەژمێردرێت لە ئەورووپادا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت بە ئەورووپادا دەست پێدەکات تا کۆتایی سەدەی ١٦م. بەسەر دوو قۆناغ دابەش دەکرێ:

یەکەم: چاخەکانی ناوەڕاستی بەرایی، واتە پێش ڕێنسانس، کە دەسەڵات و بۆچوونی کەنیسە تێیدا باڵادەست بوو، لەگەڵ هەرچی بینینێکی میتافیزیکیانە و ئاخیرەتپەرستانە و فەرامۆشکردنی دنیا.

دووەم: چاخەکانی ناوەڕاستی دواتر (سەردەمی ڕێنسانس، واتە سەدەی ١٥ و ١٦م) کە بیرکردنەوەی زانستی و مێتۆدباوەڕی و دنیاباوەڕی سەرهەڵدەدەن.

٣- چاخی نوێ. بە بۆچوونی ئارنۆڵد هاوزەر: نوقتەگۆڕانی ڕاستەقینە، واتە «چاخی نوێ» تەنیا لەگەڵ هاتنی سەدەی هەژدەمەوە (لەگەڵ هاتنی سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە) دەست پێ دەکات.

کۆرنەی

سەردەمی ڕێبازی کلاسیزم (چاخەکانی ناوەڕاست تا ڕێنسانس: لە دوای بڵاوبوونەوەی مەسیحییەتەوە تا کۆتایی سەدەی ١٦م) لە بواری سیستەمی سیاسییەوە بە قۆناغی هێرارشی Herarchie دەناسرێتەوە لە بواری فەرمانڕەوایەتیدا: پاشایەتی لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرایەوە. حکوومەت زۆر توندڕەوانە فەرمانڕەوا بوو. پاشا، کە "خودا" مافی دەسەڵاتی پێدابوو فەرمانڕەوای موتلەق بوو. خۆشەویستیی وڵات دەبووایە تێکەڵ بێت بە خۆشەویستی بۆ پاشا؛ دروشمی هەموو کەسێک ئەمە بوو: " یەک قانوون، یەک دین، یەک

PDF4Kurd

پاشا "Une Loi, une foi, un Roi". کلاسیزم ئەم دەستوورانەی بە موتڵەق دادەنا و نەدەبووایە لێی لابدرێ.

ژیانی ناو دیوەخان و سالۆنە ئەدەبییەکانی چینی بەگزادە تابلێی درەوشاوە و جیلوەدار بوو. هەموو کەس دەبووایە زۆر بەوردییەوە پەیڕەوی داب و دەستووری بکردایە. نەزانین و پەیڕەونەکردنی دەستوور و یاسا واتای خەشیمی و کەم نەزانین بوو، جێگای گاڵتەپێکردن بوو لە لایەن خەڵکەوە. بەم شێوەیە ژیانی ئەدەبیش دەبووایە پەیڕەوی هەمان دەستوور و یاسا بکات. ئەدەب و هونەر لەوکاتەدا ئەدەب و هونەر بوو کە دەرسێک فێری مرۆڤ بکات و لە خزمەتی "ئەخلاق"دا بێت.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (پێش ڕێنسانس) هونەر بەگشتی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی کلێساوە. پیاوانی ئاینی بەو چەشنەی لەگەڵ بیروڕای کلێسەدا بگونجێ، هونەریان ئاراستە دەکرد و دەیانویست لە خزمەتی ئاین و پیاوانی ئایندا بێت. شیعر و چیرۆک و شانۆ و پەیکەرتاشین و نیگارکێشان، بە ڕادەیەک کەوتنە ژێر چاوەدێری و فەرمایشتی پاپا و قەشەکانی کلێسا کە هیچ نووسەر و هونەرمەندێک بۆی نەبوو سەرپێچی لە ئاستیدا بکا.

ژان راسین

هەر بۆیە فەیلەسووفانی ئێستاتیکا ڕایان وایە کە ڕێنسانس قەڵەمبازێکە بەسەر سەدەکانی ناوەڕاست و بیروڕای کلێسە؛ هەوڵدانێکی مەزن بووە بۆ ڕزگارکردنی ئادەمیزاد لەو کۆت و پێوەندانەی ئێستاتیکای دەرەبەگایەتی، کە لە دەست و پێی نووسەر و هونەرمەندان توند کرابوو.

ڕێنسانس Rennaisance کە بە فەرەنسی واتای بووژانەوە یان ڕاستتر لەدایکبوونەوە دەگەیەنێ، بریتییە لەو بزووتنەوە فراوانە ئەدەبی و هونەری و زانستی و شارستانییەی کە لە ماوەی سەدەکانی ١٥ تا ١٦ لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا و پاشان هەموو ئەورووپای

PDF4Kurd

گـرتەوە. جـێی سـەرنجـە ئەم بزووتنەوەیە، سـەرەڕای تازەگەری و داهێنانەکانیشی، لەسەر بنچینەی گەڕانەوە بۆ ڕیشە شارستـانییـەکانی ئەورووپای کۆن Antiquite دامـەزرابوو: زیندووکـردنەوەی کـولتـووری دێرین و ئەدەبیاتی کۆن بەشێوەیەکی تازە و داهێنەرانە.

پەرەسـەندنی بازرگـانی ڕۆڵی زۆر بوو بەسـەر پەرەسەندنی سیستەمی پەروەردە. فێربوونی خوێندنەوە و نووسین، -کە گرنگ بوو بۆ بازرگانی- لە سەردەمی پێش ڕێنسانسدا بەدەست کڵێسا و قەشەکانەوە بوو. لە سەردەمی ڕێنسانسدا گوازرایەوە دەست توێژی بازرگان و چینی بۆرژوای ئەکتیڤ.

بازرگـانی پێـویسـتی بە فـێـربوونی زمـانی دیکەی غەیری لاتینییەوە هەبوو. ئیتر بۆیە خەڵک وردە وردە دەستیان کردە خۆفێرکردنی زمانە ناوچەیییەکان، ئەمەش لە قـوتابخـانە عـەلمانیـیـەکـانی دەرەوەی کـەنیـسـەی قـەشـەکـاندا. کـەواتە، فـێـربوون و بەکـارهێنانی زمـانە ناوچەییـیـەکـانی غـەیری لاتینی، وردە وردە، بووە هۆی ئەوەی کـە خوێندەواری وەک ئیـمـتیـازێکی کـەنیـسـە و پیـاوانی دینی نەمـێنێـتـەوە. لە لایەکی دیکەشەوە وای لێـهـات کـە خـوێندەواری مـۆرکـێکی عـەلمانی بەخـۆوە بگرێت و ڕۆشنبیرییەکی فراوانتر بگرێتەوە.

گۆڕانکارییەکانی سەردەمی ڕێنسانس هەر لە سەدەی پازدەمەوە دەستیـان پێکرد: لاچوونی یاسای کۆیلایەتی و سـوخـرە، لە جـیـانی ئەمـەش بەکـارهێنانی پارە وەک پێـوەرێکی پەیوەندییـەکانی نێوان جوتیـار و ئاغـاکان، کـەمبـوونەوەی بەرهەمـهـێنانی دەست و جـێـگـەگـرتنەوەی بەرهەمـهـێنانی وەرشـە و کـارگـەکـان و سـەرمـایەداری، دۆزینەوە جوگرافییـەکان، پەرەسـەندنی بازرگانی کە لە کـۆتاییـیـدا گـەیشـتـە کـۆلۆنیـالکردنی وڵاتان و سوودوەرگرتن لە سامانەکانیان.

یەکـێک لە دەسکەوتەکـانی سـەردەمی ڕێنسـانس دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوە بوو، واتە دروستبوونی دەوڵەت لەسەر بنچینەی نەتەوە. ئەمـە وای کرد زمانی

دیدرۆ

PDF4Kurd

لاتینی کە زمانی نووسینی زۆربەی نەتەوەکانی ئەورووپا بوو وردە وردە بداتە پاش و زمانی نەتەوەکان برەو بسێنێ و هەر نەتەوەیەک زمان و رۆشنبیریی نەتەوەیی خۆی ببووژێنێتەوە. لە فەرەنسا بۆ نموونە لە ساڵی ١٥٣٩ مەرسوومێکی پاشایەتی دەرکەوت کە رێگەی دایە بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی لەناو دادگاکاندا و لەناو هەموو مامەڵەیەکی ئۆفیسال و تایبەتیشدا. لێرەشەوە زمانی فەرەنسی ئیتر بووە زمانی تەدارەکە دینییەکانی ناو کەنیسە پرۆتێستاییەکان. پاشانیش ژمارەی کتێبە زانستییەکان وردە وردە رووی لە زیادبوون کرد و ئیتر وردە وردە خەڵک بەوە راهاتن کە زمانی لاتینی پشتگوێ بخەن: زمانی فەرەنسی یان زمانە نەتەوەییەکانی دیکەی وەک ئیتاڵی و ئیسپانی و ئینگلیزی بۆ نووسین بەکاربێنن و ئەدەبیاتێکی نەتەوەیی لەدایک ببێت.

میناتۆرێکی کلاسیک

لەگەڵ ریشەداکوتانی دەوڵەت - نەتەوە لە ئەورووپا، رێنسانس پێگەیشت کە مەبەستی رووخاندنی رۆشنبیریی دەرەبەگایەتی و باوەڕی کڵێسایی بوو بۆئەوەی رۆشنبیرییەکی دنیایی و بزووتنەوەیەکی عەقڵانی جێی بگرێتەوە. هەر ئەم رێنسانسە فراوانەش بوو کە، دواتر، رۆڵی بینی لە هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا.

هەر بۆیەش دەبینین رۆشنگەرەکان، دواتر، بنەماکانی رێنسانسیان بە پاڵپشتێک دادەنا بۆ خۆیان لە خەباتی خۆیاندا دژی کەنیسە.

رێنسانس لە سەرەتادا لە ئیتالیا، پێش وڵاتانی تر پەیدا بوو. هۆیەکان ئەمانە بوون:

١- ئیتاڵیا لە رووی پیشەسازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە پێشکەوتووتر بوو: چەندین بانک و کارگەی مەزن لە شارە گەورەکانی وەکو فلۆرەنسا و ڤینیس دامەزرابوون.

٢ - ئیتالیا مەڵبەندی بازرگانی بوو، ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئەورووپا و رۆژهەڵات بوو.

PDF4Kurd

٣ - پاپا نیکۆلای پێنجەم ژمارەیەک لە نوێنەرانی خۆی بە ئەورووپادا بڵاوکردەوە بۆئەوەی دەستنووسی کۆن کۆبکەنەوە و لێکۆڵینەوان ئەنجام بدەن. بەمەش کتێبخانەی ڤاتیکان دەوڵەمەندتر بوو.

٤ - ئیتاڵیا هەر لە کۆنەوە لانکەی شارستانییەت و ڕۆشنبیری بووە؛ کەڵە داهێنەکانی وەکو لیۆناردۆ دافینشی و مایکڵ ئەنژێلۆ و ڕافائێل و دانتی و بۆکاچیۆ و پێترارک هەموویان ئیتالی بوون.

بزووتنەوەی ڕێنسانس وردە وردە بە وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا بڵاوبووەوە. هەر وڵاتێک بەشێوەیەکی جیاواز ئەم بزووتنەوەیەی تێدا بەرپا دەبوو: بۆ نموونە لە ئەڵمانیا ڕێنسانس بریتی بوو لە ڕیفۆرم و چارەسەرکردنی کەنیسە، فەرەنسییەکان ڕوویان کردە لێکۆڵینەوەی قانوون و ڕۆمانییە کۆنەکان. ئینگلیزەکانیش لە فەلسەفە و ئێستاتیکایان کۆڵییەوە. ئیتاڵییەکانیش بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو بوارەکاندا. داهێنێکی وەکو لیۆناردۆ داڤینشی پەیکەرتاش و پزیشک و نووسەر و ئەندازیار بوو، لە هەمان کاتدا نیگارکێشێکی بلیمەتیش بوو.

تابلۆیەکی **کلاسیک**

یەکێک لە ئاکامەکانی ڕێنسانس ئەوە بوو کە زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو لای میللەتانی ئەورووپا، هەروەها هەستی نەتەوایەتیشی لای ئەو نەتەوانە بووژاندەوە. بۆیەش دەبینین لە سەردەمی ڕێنسانسدا، دوو ئاراستەی هونەریی بنجی تێکەڵ بە یەکتر دەبن: کولتوورێکی دێرینی هونەری، لەگەڵ نەریتە نەتەوەیییەکانی گەلانی نوێی ئەورووپا. جگە لەمانەش بایەخدان بە دەستنووسی کۆن و لێکۆڵینەوەیان و لەبەرگرتنەوەیان، هەروەها داهێنانی چاپخانە (گۆتێنبێرگ لە ساڵی ١٤٤٥ لە ئەڵمانیا) و بەرەوپێشەوەچوونی چاپخانە و داهێنانی چاپکردنی نوێ لە خانەی دەسکەوتە زانیاری و کولتوورییەکانی ڕێنسانس دادەنرێ. هەموو ئەمانە پێکەوە ڕێگایان بۆ چاخێکی نوێ و بۆ بووژانەوەی ڕێبازی کلاسیزم خۆش کرد.

PDF4Kurd

ئوومانیزم Humanisme ئەو بیر و بنەمایانە بوون کە لە سەدەی پازدەمدا، هاوکاتی ڕێنسانس، مەبەستیان پەرەسەندن و بووژاندنەوەی مرۆڤ بوو؛ ئوومانیزم بزووتنەوەی مرۆڤپەروەرەکانی سەردەمی ڕێنسانسی ئەورووپا بوو، کە سەرلەنوێ بایەخیان دایەوە بە زمان و ئەدەبیاتی کۆن و ڕۆم. بایەخدانی ئوومانیستەکان بە کەلەپووری کۆن یەکێک بوو لە خاسیەتە بنچینەییەکانی ڕۆژگاری ڕێنسانس.

لە ساڵانی ١٥٤٦ تا ١٥٥٠ لە ناکاو کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەندانی گەنجی فەرەنسی، کە درەنگتر ناویان لێ نرا ئوومانیست، گەیشتن بە دۆزینەوەی بیری "جوانی" لە هونەر و ئەدەبیاتدا: "ئامانجیان ئەوە بوو کە پێ لەسەر سیما دونیاییبەکەی زانست و ئەدەب دابگرن و بایەخ بە ئادەمیزاد بدەن.



ناپلیۆن

ئەم نووسەر و هونەرمەندانە ئاشنایەتییەکی تەواویان لە بارەی ئەدەبیاتی یۆنانیی کۆن و ئەو نووسەرانە هەبوو کە بەرهەمەکانی خۆیان بە لاتینی دەنووسی. ڕۆنسارد Ronsard و دۆرا Daurat و دۆبلێ Dubellay نموونەی نووسەرانی ئەم قۆناغەن، کە شاکارەکانی هۆمەر و سۆفۆکلیسی یۆنانییان خوێندبووەوە و کۆمەڵەی حەوت کەسییان بە ناوی «چلچرا» یان بە فەرەنسی پلێیاد Pleiade دامەزراند کە (٧ نووسەری فەرەنسی بوون لە سەردەمی هینریی دووەمدا ١٥٤٧- ١٥٥٩). پاشانیش دۆبلێ Dubellay خاوەن کتێبی "بەرگریکردن لە زمانی فەرەنسی"ڕایگەیاند کە «تا ئەو ڕۆژە شاعیرانی فەرەنسی لە جاهیل زیاتر هیچی تر نەبوون؛ تەنیا شاعیرانی یۆنانی و لاتینی شاعیری ڕاستەقینەن، فەرەنسییەکان پێویستە شوونپێی ئەوان هەڵبگرن و بگەنە ئاستی ئەوان». دۆبلێ ڕای وابوو کە تەنانەت پێویستە جۆر و ڕەگەزە ئەدەبییەکانی یۆنانیی کۆن دەقاودەق بگوێزرێنەوە ناو ئەدەبی فەرەنسی و بەکاربهێنرێن.

وێڕای کۆششی ئوومانیستەکان (ڕۆنسار و دۆبلێ و

PDF4Kurd

ئەوانی تر)، تۆژەران کەوتنە ئەوەی کە دەستوور و یاساکانی ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانیی کۆن لێک بدەنەوە و شرۆڤە بکەن، ئنجا پاشان لاساییان بکەنەوە و پەیڕەوی یاساکانیان بکەن لە نووسینەکانیاندا.

ئیسپانی و ئیتالّییەکان لەم بارەیەوە پێش فەرەنسییەکان بوون. ئەم گەڕان و کۆششە لە ئیسپانیا لە ساڵی ١٥٩٦ تا ١٦٤٠ درێژەی کێشا، بەڵام دەبێ بگوترێ کە ئیسپانییەکان هیچ جۆرە تەئسیرێکیان بەسەر فەرەنسییەکانەوە نەبوو. فەرەنسییەکان لەم بارەیەوە زیاتر قەرزاری ئەرستۆ و ئیتالییەکان بوون. مامۆستای گەورەی ئەم ڕێبازە لە فەرەنسا بوالۆ Boilod بوو، کە یاساکانی کلاسیزمی بۆ فەرەنسییەکان بەشێوەیەکی ورد لێک دایەوە. لای کلاسیکەکان، هونەر و ئەدەبی ڕاستەقینە بریتی بوو لە پەیڕەوکردنی ئەو دەستووره "کلاسیکانە" کە بوالۆ لە کتێبەکەی خۆیدا Art Poetique دایڕشتبوو.

مۆلییێر

قۆناغی ١٥٥٠ تا ١٥٩٠ دەتوانرێ ناوی لێ بنرێت قۆناغی ڕێنسانسی ئەدەبی فەرەنسی. لەم قۆناغەدا نووسەران و شاعیرانی فەرەنسی بەشێوەیەکی فراوان کەوتنە لاساییکردنەوەی نووسەرانی یۆنانی و ڕۆمانیی کۆن، هەروەها پەیڕەوکردنی دەستوورەکانی نووسەرانی هاوچەرخی سەر بە ڕێنسانسی ئیتالّی. لە نووسەرانی ئوومانیستی ئەم قۆناغەی ڕێنسانسی ئەدەبی فەرەنسی: ڕۆنسار Ronsard و دۆبلێ و مۆنتاین Mon- tagne، هەروەها ڕاسین Racine، مۆلییێر Moliere، لافۆنتێن La Fontaine، لابرویێر La Bruyere، مەدام دوو لافاییەت Mme de Lafaytte، بۆسوێت Boussuet.

بەم شێوەیە کلاسیزم لە ئەدەبی فەرەنسی هەر لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەوە دەبینرێت. داستانی (عەزرا یان ئازادکردنی فەرەنسا) کە لە ١٦٥٦ لەلایەن ژان شاپلان ١٥٩٥- ١٦٧٤ نووسراوە و پاڵەوانەکەی بریتییە لە ژان دارک، بەرهەمێکی پایەداری کلاسیزمی فەرەنسییە. لەسەر داخوازیی کاردینال ڕێشیلیۆ

PDF4Kurd

نووسرابوو: لە پێناو ڕق ئەستوورکردنی فەرەنسییەکان بۆئەوەی داگیرکەرە ئینگلیزەکان لە خاکی فەرەنسا بچنە دەرەوە.

پاشان ئەکادیمیای فەرەنسی لە ساڵی ١٦٣٤دا لەسەر دەستی ڕیشیلیۆ دامەزرا و زمان و ئەدەبی نەتەوەیی فەرەنسیی بەرەوپێشەوە برد. لە کۆتاییشدا دۆبلێ لە ١٥٤٩ بەرهەمە ناودارەکەی خۆی «بەرگریکردن لە زمانی فەرەنسی» بڵاوکردەوە.

کلاسیزمی فەرەنسی لە ١٦٦٠ تا ١٦٨٠ لە گەیشتبووە لووتکەی پەرەسەندنی خۆی. ئەمەش لە سەردەمی لویسی چواردەمدا و بەو ئەدەبیاتەی کە ڕاسین Racine ١٦٣٩- ١٦٩٩ و کۆرنێی Corneille (١٦٠٦-١٦٨٤) و بوالۆ و ئەوانی تر دروستیان کردبوو.



بیناسازیی ڕۆکۆکۆ-کلاسیزم

دەستوور و یاساکانی کلاسیزم

١- لاساییکردنەوەی سروشت

بوالۆ، یەکێک لە تیۆردارێژەکانی کلاسیزمی فەرەنسا، لە بەشی سێیەمی "هونەری شیعر"دا دەڵێ: تەنانەت یەک چرکەش لە سروشت غافڵ نەبی!

جێی سەرنجە، نووسەرانی ڕێبازەکانی دیکەش لاسایی سروشت دەکەنەوە، بۆ نموونە ڤیکتۆر هووگۆی پێشەوای ڕۆمانسیزم کە دەیگوت: "سروشت، سروشت و ڕاستی"، هەروەها ئەمیل زۆلای دامەزرێنی ڕێبازی ناتورالیزم "سروشتخوازی" کە واتێدەگەیشت خۆی سروشتی وەکو توخمێکی تازە بۆ یەکەمین جار هێناوەتە ناو ئەدەبیاتەوە.

کەواتە لاساییکردنەوەی سروشت لای کلاسیکەکان نیشانە و خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازیی هەیە لەچاو لاساییکردنەوەی سروشت لای ڕۆمانسی و ناتورالیستەکان.

PDF4Kurd

لای کلاسیکەکان دەبوایە سروشت تەنیا شتە باش و ناواخنە ئەخلاقییە بەرزەکانی لێ وەربگیرایە. کلاسیکەکان سروشتیان بەشێوەیەکی وا لە بەرهەمەکانیاندا باس دەکرد کە لەگەڵ ڕاستی و واقیع بگونجابایە و خزمەتی عەقڵ و ئەخلاقی باوی کۆمەڵی بکردایە، هەروەها باسی شتە ورد و پەراوێزی و لابەلاکانی سروشتیان نەدەکرد. ئەمە لەکاتێکدا ناتورالیزم سروشت و سروشتی مرۆڤایەتیی -وەک خۆی چۆنە ئاوها - بە هەموو گەندەڵی و خراپەییەکانیەوە دەردەبڕی. هەروەها ڕۆمانسییەکانیش تارایەکی جیاواز و دروستکراوی خۆیانیان دەدا بەسەر سروشت و سروشتی مرۆڤایەتیدا.

نووسەری کلاسیک، لەجیاتی ئەوەی وەسفی سروشت بکا، دەهات بە چەند وشە و دەستەواژەیەکی کەم و پوختەکراوە و بەهێز، سروشتی وا دەردەبڕی کە لەگەڵ ئامانج و نموونە بەرزەکانی مرۆڤ یەکانگیر ببێتەوە.

نووسەری کلاسیک هەرگیز سیفاتە ناشیرینەکانی سروشت و خەسڵەتە خراپەکانی سروشتی مرۆڤایەتی وێنە ناکێشێ. یاسای کلاسیزم ڕێ لەم کارە دەگرێ. بوالۆی ڕەخنەگریش خۆی لەم کارە بەدوور ڕاگرتووە، چونکە بەپێی کلاسیزم: ئەم سیفەت و نیشانە خراپە سروشتیانە لە ئاژەڵیشدا هەن و مرۆڤ زۆر لەو خەسڵەتانە باڵاترە. مرۆڤ نابێ ببێتە ئەسیری غەریزە و لایەنە خراپەکانی سروشت، نووسەر نابێ ئەو لایەنە سروشتییە خراپانە بەیان بکات.

منارەیەکی سەردەمی **کلاسیزم**

٢- لاسایی کردنەوەی کۆنینەکان

نووسەرە گریکەکان و ڕۆمانییەکانی پێش لەدایکبوونی مەسیح توانیویانە لە پەند و دیاردەکانی ژیان و سروشتەوە شتە هەرە باشەکان و ڕاستییە هەرە بەرزەکان هەڵبژێرن و بەیان بکەن، کەواتە پێویستە لاسایی ئەوان بکرێتەوە و پەیرەوی دەستوور و شێوازەکانی ئەوان بکرێ.

PDF4Kurd

کلاسیکەکان دەڵێن: بۆ دۆزینەوەی جوانیی نەمر پێویستە ئێمە لەناو بەرهەمی نووسەرە کۆنینەکدا بگەڕێین، واتە پێویستە بەرهەمی نووسەرە یۆنانی و لاتینیەکیانی وەکو ئۆریپید Euripide و ڤێرژیل و سۆفۆکلیس و ئیزۆپ Esope و هۆمێرۆس و هۆراس و ئەرستۆ بکرێنە سەرمەشق، هەمان شێواز و تەکنیک و بابەت و کەرەستە و فۆرم و ڕەگەزە ئەدەبییەکانی ئەوانیش پەیڕەو بکرێن و لاسایی بکرێنەوە. هەر بۆیەش ڕاسین لاسایی ئۆریپید و لافۆنتێن لاسایی ئیزۆپی Esope کردووەتەوە. هەروەها دانتی و پێتتراک و بۆکاچیۆ ببوونە نموونەی لاساییکردنەوە.

شانۆنامەی ئاندرۆماک Andromaque شانۆنامەیەکە لە پێنج پەردەدا نووسراوی شانۆنامەنووسی فەرەنسی ڕاسین Racine، بەڵام ئۆریپیدسی گریک لە ساڵانی پێش زایندا ئەم شانۆنامەی نووسیوە و ڕاسین لەوەی ئەوی وەرگرتووە و جارێکی دیکە دایهێناوەتەوە.

ئەم لاسایی کردنەوەش، بە لای کلاسیکەکان، ئەسیربوون نییە، بەڵکو ڕێزگرتنی عورف و عادەت و قانوونە. ڕەخنەگری کلاسیکی فەرەنسی، بوالۆ، لەم بارەیەوە دەڵێ: "هەموو شتێک گوتراوە، بەڵام هیچ شتێک هێشتاش هەر کامڵ نەبووە" بۆیە پێویستە ڕاستییەکان لە هەموو قۆناغێکدا دووبارە بگوترێنەوە و دووپات بینەوە. لە هەمان کاتدا پێویستە نووسەر شوێن پێی یاسا و شێوە کۆنەکانیش هەڵبگرێ: زمانی دەربڕین، تەکنیک، شێواز، کێش، سەروا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

ڤۆلتێر

٣- کۆن گێڕانەوە

مێژوو و چیرۆکە مێژووییەکان وەک کەرەستەیەکی گرنگی شانۆی کلاسیزم ڕێزیان لێ گیراوە و بەردەوام لەلایەن کلاسیکەکانەوە وەک هەوێنێک بەکارهێنراون.

گێڕانەوەی سەرگوزشتە و چیرۆک و ڕووداوی مێژوویی و دێرین (بۆ نموونە یۆلیۆس قەیسەر و هاملێت

PDF4Kurd

و ئۆتێللۆ... وەک لای شکسپیر دەبینین)، هەروەها کەرەستە و بابەتە گریکی و ڕۆمانییە کۆنەکان بابەت و کەرەستەی دەربڕینی سەرەکیی کلاسیکەکان بوون. ئەو کەسەی لەو یاسایە دەرچووبایە بە دزێو دەبینرا. بۆ نموونە ژان ڕاسین (١٦٣٩ - ١٦٩٩) جارێکیان هەندێ ڕووداوی مێژوویی نزیکی کردبووە بابەتی شانۆنامەکانی دەیان ڕەخنەی لێ گیرا. لەم بارەیەوە ڕەخنەگری میسری، محەمەد مەندور دەڵێ: "ئەم تیۆرە بابەتیتر Objective و گونجاوتر بوو لە ئەدەبی زاتی Sub-jective".

٤ - عەقڵانییەت Rationalisme

عەقڵ بە توخمێکی بنچینەیی دادەنرێ، بناغەی فەلسەفەی جوانییە لە داهێنانی ئەدەبی کلاسیکیدا، چونکە لای ئەوان، عەقڵ تیشکدانەوەی ڕاستییە، ڕاستیش لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا نەگۆڕ و یەکسانە و بەردەوام دەمێنێتەوە.

فەلسەفەی عەقڵانییەت واتە هۆشگەرایی Rationalisme کە دیکارت و فەیلەسووفەکانی دیکەی ڕێنسانس و ڕۆشنگەری دایانهێنا و پەرەیان پێدا، بڕبڕەی پشتی کلاسیزمە. عەقڵ، لای ئەوان، بە توخمێکی بنچینەیی دادەنرێ؛ بناغەی فەلسەفەی جوانییە لە داهێنانی کلاسیکدا. چونکە لای ئەوان، عەقڵ تیشکدانەوەی ڕاستییە، ڕاستیش لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا نەگۆڕ و یەکسانە و بەردەوام دەمێنێتەوە.

سەردەمی **بارۆک - کلاسیزم**

عەقڵ خەیاڵی مرۆڤ بەرەو ڕێگایەکی ڕاست ڕێبەری دەکات و سنوورێکی بۆ دادەنێ، وا لە مرۆڤ دەکات پەیڕەوی یاسا گشتییەکان بکات. هەر لێرەشەوە، عەقڵ واتای ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ پابەند بیت بە یاسا گشتییەکان، کە تۆ پابەند بیت بە عورف و عادەت و ئەخلاقی باو: «عاقڵ بە !» واتە «لەسەر ئەخلاقیاتی باو بڕۆ!». ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە کلاسیزم

PDF4Kurd

ئازادیی تاکەکەسی دەخستەوە ژێر جلەوی کۆمەڵ.

ئایا هەبوونی بنچینەی عەقڵ لای کلاسیکەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ؟ ئەرستۆ تەنیا داوای ڕەچاوکردنی داب و نەریت و عورف و عادەتی دەکرد، بە ڕای ئەو نەدەبووایە نووسەر لێیان لابدات. بۆیە کلاسیکەکان لەم بارەیەوە زیاتر قەرزاری دیکارتن کە لە «چەند وتارێک لە بارەی ڕەوشی بەڕێوەبردنی عەقڵ»دا دەڵێ کە پێویستە عەقڵ و خواست بەسەر هەست و کەفوکوڵی دەروونی زاڵ بن، چونکە عەقڵ گەورەترین نیشانەیە کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جودا دەکاتەوە.

بوالۆ لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا دەڵێ: "عەقڵ و لۆژیکتان خۆش بوێ. هەمیشە گەورەترین زینەت و بایەخی بەرهەمەکانتان لە عەقڵەوە وەربگرن".

بوالۆ

٥ - فێرکەر و خۆشبین

بە ڕای کلاسیکەکان، تەنیا بەرجەستەکردنی جوانی لە بەرهەمی ئەدەبیدا بەس نییە، بەڵکو بەرهەمی ئەدەبی پێویستە لە هەمان کاتدا فێرکەر بێت و ئەنجامگیرییەکی ئەخلاقیش بەدەستەوە بدات؛ ئەو دەرسەی کە بەرهەمێکی کلاسیک دەیبەخشێت پێویستە گەشبین بێت. هەر چۆنی بێ کلاسیکەکان هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بەرهەمی ئەدەبی پێویستە ناوەڕۆک و لایەنێکی ئەخلاقیی هەبێت. ئەمەش بەتەواوەتی لەگەڵ عەقڵگەرایی و فەلسەفەی ڕاسیۆنالیزم یەکی دەگرتەوە.

٦ - ڕۆنی و کورتبێژی

بەرهەمی باش ئەوەیە کە هەم شێواز و هەم بابەت و هەم زمانی دەربڕین ڕۆن و ئاشکرا بێت. ئەمەش واتای ئەوە نییە کە ڕووکەش و سادە بێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ڕستەکان بە وردی و باریکبینییەکی هونەرمەندانەوە دارێژرابن، دوور بن لە وشە و دەستەواژەی زیاد و ناجۆر و ناقۆڵا.

PDF4Kurd

زمانی کلاسیک فراوان نییە، وشەکانی سنووردارن و کەمن. دەڵێن کە ڕاسین لە هەموو بەرهەمەکانی خۆیدا زیاتر لە ٨٠٠ وشەی بەکارنەهێناوە. نووسەری کلاسیک لە بەکارهێنانی وشەدا زۆر دەستی گرتووەتەوە، وشەی ناباو و جۆراوجۆری کەم بەکارهێناوە.

یاسایەکی دیکەی کلاسیک ئەوەیە کە بیر و واتاکان بە کەمترین وشە بەیان کراون، واتە بە شێوازی کورتبێژی. بۆ نموونە ئەگەر شانۆنامەیەک دوو هەزار دێر بێت و پەندە ئامۆژگارییەکەی بگاتە سێ دێر، ئەوا ئەو پەندە بە درێژدادڕ لە قەڵەم دراوە. ڤۆڵتێر وتوویەتی: "هیچ شتێکی بێ سوود نابێ بگوترێ".

٧ - لە ڕاستی چوون Vraissemblance

"لە ڕاستی چوون"، لای کلاسیکەکان، لە هەموو بنچینەیەکی کلاسیکیی دیکە گرنگترە. ئەرستۆ لە بەشی نۆیەمی "هونەری شیعر" دا دەڵێ: "بەرهەمی شاعیر باس لەو شتە ناکا کە ڕووی داوە بەڵکو باس لە شتێک دەکات کە لە ڕووی پێویستییەوە دەشێ ڕووبدات یان پێ دەچێ ڕووبدات".

کەواتە جیاوازیی مێژوونووس و شاعیر لەوەدایە: مێژوونووس باس لەو شتە دەکا کە ڕووی داوە، بەڵام شاعیر باس لەو شتە دەکا کە لەوەدەچێ ڕووی بدایە یا ڕووبدا.

لای کلاسیکەکان ئەم بنچینەیەی 'لە ڕاستی چوون'، شتێکە پێویستە بیروڕای گشتیی خەڵک، هەموو، لەسەری ڕازی بن. واتە بۆ نموونە کاتێ نووسەر پاڵەوانێکی لە ڕاستەچوو هەڵدەبژێرێ، پێویستە ئەو پاڵەوانە نموونەیەکی ناوێزە و سەرپەڕ نەبێت، هاوتیپی ئەو لە ژیاندا هەبێت و نموونەیەکی گشتیی توێژێک یا جۆرێکی خەڵک بێت.

٨ - مەوزووعی بوون Objectivite

مەوزووعی بوون، لە جیاتی زاتی بوون و خۆیی بوون

مۆنتسکیۆ

PDF4Kurd

(کە لای رۆمانسییەکان دەبینرێ) یەکێکە لە خاسیەت و بنەما هەرە بنچینەیییەکانی کلاسیزم.

مەوزووعی بوون واتە بەدەربوون لە بینین و بیروڕای خۆیی و زاتییانە، بەدەربوون لە هەوا و هەوەس و خەم و خەیاڵی خۆیی.

بایەخدان بە گشت و بە کۆمەڵ، نەک بە تاکەکەس، بنچینەیەکی دیاری کلاسیزمە. بۆیە داهێنی کلاسیست پاڵەوانی تاکرەو زۆر کەم و بەدەگمەن دروست دەکات، بەدەگمەن سەرگوزشتە و چیرۆک و کارەساتی خۆیی یان هی تاکەکەس دەگێڕێتەوە. بۆیەش لە بەرهەمە شانۆییە کلاسیکەکاندا تراژیدیا تراژیدیای کۆمەڵێک خەڵکە یان هی میللەتە نەک هی تاکەکەسێک. بۆ نموونە لای ئۆریپید Euripides لە "ئەفیژێنی لە ئۆلیس" کێشەی شانۆنامەکە پەیوەندیی بە بەرژەوەندی و شەرەفی گشت یۆنانەوە هەیە، یان لە ئۆدیپۆس بە پاشایی، شاکارەکەی سۆفۆکلیس، پەیوەندیی بە نەفرەتێکی یەزدانییەوە هەیە کە گشت خەڵکەکەی خستووەتە گێژاوێکەوە. یان شانۆنامەی پارسی ئەسکیلۆس پەیوەندیی بە شکۆداری و بەرگریی گشت نەتەوەیەکەوە هەیە.

هەروەها چیرۆکی کاوەی ئاسنگەری خۆمان کە پەیوەندی بە تراژیدیای یەک میللەتەوە هەیە، لەم بارەوە، خاسیەتێکی کلاسیکی ئەورووپیی هەیە. ئەمەش بەپێچەوانەی (خەج و سیامەند) کە خاسیەتێکی رۆمانسیی هەیە، چونکە باس لە تراژیدیای «تاکە کەس» دەکات.

سانت سیمۆن

فەیلەسووفی سوودخوازی

٩ - نەزاکەتی ئەدەبی

توخمە پێکهێنەکانی جوانی لە بەرهەمی کلاسیکدا (واتە هەموو ئەو شتانەی کە جوانن) پێویستە هارمۆنییەتییان هەبێت لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا. واتە لە دوو ئاستدا:

یەکەم: هەر دانەیەک لە توخمە پێکهێنەکانی جوانی لە بەرهەمی کلاسیکدا (واتە هەموو ئەو شتانەی کە

PDF4Kurd

جوانن) پێویستە هارمۆنیەتییان لەگەڵ یەکتر هەبێت. ڕەنگێک لەگەڵ ڕەنگێکی دیکەدا، بۆ نموونە لە تابلۆدا، فیگەرێک لەگەڵ فیگەرێکی دیکەدا. یان لە شانۆنامەدا، پاڵەوان لەگەڵ ڕووداوەکەدا، ڕیتم لەگەڵ ناوەرۆکدا.

دووەم: بەرهەمە هونەرییەکە، بە سەرجەم توخمە پێکهێنەکانی خۆیەوە، پێویستە لەگەڵ سروشتی میللەت و دابونەریتەکانمان بگونجێن. پێویستە هارمۆنیەتێکی ئەخلاقی هەبێت و بە نەزاکەتێکەوە بخرێنە ڕوو.

لەبەرچاوگرتنی ئەم گونجانە لای کلاسیکەکان، ناوی لێ نراوە" نەزاکەتی ئەدەبی". ئەمەش لە ڕەخنەسازیی هاوچەرخدا بە هارمۆنی ناوزەدکراوە. ئەمەش لەبەرئەوەی پێویستە هاوئاهەنگی و هارمۆنییەت لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمی هونەریدا هەبێ، هەروەها لە هەمان کاتدا هاوئاهەنگی لە نێوان ئەو بەرهەمە و ڕۆحییەتی جەماوەردا، واتە لە نێوان تێکست و خوێنەردا. لایەنی ئەخلاقی و ڕەفتاری پاڵەوانەکان پێویستە لەگەڵ عادەتی گشتیی خەڵک پێکەڵپێک بنەوە.

ئەم یاسایە هەم ئەرستۆ و هەم هۆراس باسیان لێوە کردووە. کلاسیکەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە پێویستە خۆیان لە بەیانکردنی ڕووداوی دژ بە ئەخلاق و پیشاندانی هەر دیمەنێکی دزێو و ناڕەحەت بەدوور ڕابگرن. ئەمە پێی دەگوترێ (هارمۆنییەت) یان (نەزاکەتی ئەدەبی)

دیکارت

«من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم..

بەم شێوەیە دەبینین، ئەم یاسایەش هەر لە خزمەتی فەلسەفەی عەقڵانی و چینی ئەرستۆکراتدا خۆی دەدۆزێتەوە.

سەدەی ١٧ی کلاسیزم دنیای دەرەوەی پیشان دەدا، مرۆڤ پێوەرێک نەبوو بۆ شتەکان. هەر لێرەشەوە، لاساییکردنەوەی سروشت و ئاراستەی عەقڵ و خۆگونجاندن و لەسەر نیزام ڕۆیشتن باو بوو. ئەمەش

PDF4Kurd

بەپێـچـەوانەی هونەری سـەردەمی نوێیـە کـە لەسـەر بنچینەی ناکۆکی و ناتەبایی دامەزراوە.

شکسـپـیـر بەپێـچەوانەی کـلاسـیکەکـان کـۆمـەڵ بە مـاقـووڵ نابینێ، بەڵکو زیاتر وای دەبینێ کـە کـۆمـەڵ مـرۆڤی داگـیـرکـردووە و بچووکی کـردووەتەوە، واتە بە لۆژیکی سەردەمی ڕێنسانس دەڕوانێتە شتەکان.

لە تراژیدیای فـەرەنسـیـدا، کـۆمـەڵ، بۆ نموونە لای کۆرنێ، لە ڕێگەی ئەو تەباییەوە سەیری دەکرێ کە لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵدا هەیە. تاکەکەس لای کۆرنێ سـروشـتـێکی نێگەتیـڤـانەی ئازارچێژی هەیە: تەنیـا ئەوەندەی دەوێ کـە خـۆی لە دەست داخـوازییـە نالەبارەکـانی کـۆمـەڵگە دڵڕەقـەکەی خۆی بپارێزێت و بەس. بەڵام شکسـپـیـر -لە ڕێگەی پاڵەوانی ڕێنسانسییەوە – ڕەخنە لەم تەباییە و لەم داگیرکردنەی تاکـەکـەس بەدەست کـۆمـەڵەوە دەگـرێ. تاکـەکـەس سروشتێکی پۆزەتیـڤی هەیە: دەیەوێ بەپێی پێوەرەکانی خـۆی، بام تاکـەکـەسـانەش بێت، دەوروبەری خـۆی بگۆڕێت.

١٠- قانوونی سێ یەکێتییەکان

مـەبەست لە قـانوونی سێ یەکـێـتـیـیـەکـان: یەکـەی بابەت، یەکـەی کـات، یەکـەی شـوێن؛ کـە بە یاسـا سەرەکییەکانی ڕێبازی کلاسیزم دەژمێردرێن و میراتی ئەدەبیـاتی یۆنانین و لە ئەرسـتـۆوە بۆ کـلاسـیکەکـان ماونەتەوە.

یەکێتیی بابەت: بریتییە لەوەی کە ڕووداوی لابەلا و زیاد و پەراوێزی تێکەڵ بە ڕووداوی بنچـیـنەیی نەبن. بابەتەکە یەک بابەت بێت و سەربەخۆیی خۆی هەبێ.

ئەم یاسـایە ئەرسـتـۆ لە لە هونەری شـیـعـردا باسی کـردووە، دەڵێ: «هەڵـبـژاردنی یەک تاقـە کـەس لە شانۆنامەیەکدا واتای ئەوە ناگەیەنێ کە ئیتر تێکستەکە یەکێتیی بابەتی خۆی دەپارێزێ، چونکە دەکرێ هەزار و یەک ڕووداو لەو تاقە کـەسـە بئاڵێن». پاشـان دەڵێ:

پەیکەرێکی **کلاسیک**

PDF4Kurd

''ئەفسانە یا چیرۆک پێویستە تەنیا یەک بابەت بەیان بکا، هەرچی بەشێکی کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە پێویستە بە شێوەیەکی یەکانگیر یەکەیەکی یەکگرتووی ئەوتۆ پێک بهێنن کە نەتوانرێت هیچ بەشێکی بچووکی ئەو یەکەیە لاببردرێ''.

ئەم یاسایەی ئەرستۆ لە چارەگی یەکەمی سەدەی ١٧مدا دەمەقاڵێیەکی زۆری لەسەر کرا، کلاسیکەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە هەر تێکستێکی شانۆیی پێویستە تەنیا باسی ژیانی یەک پاڵەوان بکات و بەس. لە ساڵی ١٦٦٠دا کۆرنێی فەرەنسی چەند بیروڕایەکی تایبەتیی خۆی خستە سەر ئەم یاسایەی ئەرستۆ و لە بەرهەمە شانۆییەکانی خۆیشیدا پەیڕەوی کردن.

لافۆنتێن

یەکێتیی کات: ئەمەش هەر میراتی ئەرستۆیە؛ دەڵێ: '' تراژیدیا هەوڵ دەدا تا پێی دەکرێ خۆی لە شەو و ڕۆژێکدا بئاخنێت و لەو سنوورە تێنەپەڕێنێ''. چونکە گێڕانەوەی ساڵ و دە ساڵ و پەنجا ساڵ لە یەک شانۆنامە یا لە چیرۆکێکدا جێی نابێتەوە و دوورە لە ''لە ڕاست چوون''.

تا نیوەی یەکەمی سەدەی ١٦ ماوەی ڕووداوەکانی شانۆگەری نەدەبوو ایە لە یەک ڕۆژ زیاتر بێت. لە نیوەی دووەمەوە کەمتر بووەوە و بووە دوازدە کاتژمێر.

یەکێتیی شوێن: ئەرستۆ لەم بارەیەوە هیچی نە وتووە؛ لە ساڵی ١٤٥٥دا ماگی Maggi ڕەخنەگری ئیتاڵی باسی کردووە: «ماوەی نواندن ئەگەر کورت بێت و شوێنەکانیشی جۆراوجۆر و دوور لە یەکتر، ئەوا تراژیدیاکە سروشتی بوونی خۆی لەدەست دەدات. بۆیە ڕووداو پێویستە تا لە توانادایە لە یەک شوێندا ڕووبدات».

تراژیدیا لەو کاتەدا دەتوانێ کاریگەر بێت کە کۆ و پوختە کرابێتەوە و پەرتەوازە نەبێت. تەنانەت لە ساڵی ١٦٣٥ نووسەرێکی کلاسیک بە ناوی شاپلن وتی: ''لە سەرتاسەری شانۆنامەیەکدا پێویست بە لابردنی دیکۆر

PDF4Kurd

و دانانی هیچ دیکۆرێکی دیکە ناکا". لە ساڵی ١٦٦٠ بەملاوە پەیڕەوکردنی ئەم سێ قانوونە بووە یاسایەکی کلاسیکیی چەسپاو.

چوارەمین یەکە: هۆراس لە سەرەتای هونەری شیعرەکەی خۆیدا یەکێتیی ئیقاعیشی Ton خستووەتە سەریان. واتە لە سەرتاسەری بەرهەمەکەدا پێویستە تەنیا یەک ئاواز، یەک ئیقاع بەکارببردرێت، لەو کاتەشدا بەرهەمێکی تێکەڵی تراژیدی و کۆمێدی دەردەچێت و چیتر بە کارێکی کلاسیک ناژمێردرێ.

ژانرە ئەدەبییەکانی کلاسیزم

ژانرە ئەدەبییەکانی کلاسیزم، هەندێکیان، لەگەڵ کۆتایی هاتنی کلاسیزم، ئەوانیش کۆتاییان پێ دێت. ژانری دیکە جێگەیان دەگرنەوە کە پێشتر لای کلاسیکەکان نەبوون. ئەمەش تیۆرێکە ژۆرژ لۆکاش لە کتێبی (ڕۆمان وەک داستانێکی بۆرژوازی) هەروەها پاشتر ڕەخنەگری فەرەنسی، تۆدۆرۆف، بەڕاستیان سەلماند: لە هەر سەردەمێکدا هەندێ ژانری کۆن کۆتاییان پێ دێت و هەندێ ژانری تازە سەرهەڵدەدەن.

ژانرە ئەدەبییەکانی کلاسیزم، وەک چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە، چەند جۆرێکن:

١- داستان: دەرکەوتنی بێ هاوتای ئێلیادە Iliada لە ڕیزی شاکارەکانی داستاندا بووە نموونەیەک کە هەموو نووسەرە کلاسیکەکان لاسایی بکەنەوە.

خاسیەتەکانی داستان: جەنگ و شکۆمەندیی بابەتەکە و ئازایەتیی پاڵەوانەکەیەتی، هەروەها ئەوین بە مەرجێک کە گەورە بێت.

پاڵەوانەکانی داستان، پێویستە تەنانەت هەنگاوەکانیشیان خاڵی نەبن لە کاریگەرێتیی پاڵەوانانە.

٢- ڕۆمان: داستان کاتێ لە جیاتی شیعر بە پەخشان بەیان دەکرێت، ناوی لێ دەنرێت "ڕۆمان"، کە ئەمەش ژانرێکی ئەدەبیی دیکەیە.



کۆرنێی

PDF4Kurd

جیاوازیی ڕۆمان و داستان لەوەدایە کە بابەت لە ڕۆماندا ئەوینە و لە داستاندا جەنگە. ڕۆمان بە پەخشانە و داستان بە شیعرە. لە ڕۆماندا بایەخ زیاتر دراوەتە "لە ڕاستچوون". لە ڕۆماندا پێویستە سەرەنجامێکی ئەخلاقی بەدەستەوە بدرێ.

جێی سەرنجە کە نووسەرانی کلاسیک کەمیان کەوتنە بیری ڕۆمان نووسین.

٣- تراژیدیا: بۆ تراژیدیا دەبێ بگەڕێینەوە لای ئەرستۆ، چونکە تۆژەر و نووسەران پەیڕەوی بیروڕاکانی ئەویان کردووە لەبارەی تراژیدیا. ئەرستۆ لە هونەری شیعرەکەیدا بەم جۆرە پێناسەی تراژیدیا دەکا: " تراژیدیا بریتییە لە لاساییکردنەوەی ڕووداوێکی گەورەی نزیک لە ڕاستی، ئەمەش بە دەربڕینێکی ناسک. جوانیی ئەم دەربڕینەش پێویستە لە شێوەی شانۆنامەیەک یا لە شێوەی چیرۆک و داستانێکدا بێت و لە هەموو بەشەکاندا وەک یەک ڕەنگ بداتەوە.

«نووسەر لە نووسینی تراژیدیادا سوود لە ترس و بەزەییی دەبینێت و هەست و سۆزی مرۆڤ پاک دەکاتەوە». ئەم پێناسەیە، دوای ئەرستۆ ڕووبەڕووی گفتوگۆیەکی زۆر بووەوە و بە سەدان شێوەی جیاواز لێک درایەوە.

لە بارەی ڕووداوی تراژیدیا هەموو خاوەنڕایان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە ڕووداوەکە لە ئەفسانە یا لە مێژوو وەرگیرابێ. بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کلاسیک ڕایان وایە کە ڕووداوەکە پێویستە لە ئەفسانە و مێژووی کۆنی ڕۆم و یۆنانی وەربگیرێ، واتە ڕووداوی تازە و هاوچەرخ نابێ بخرێتە ناو چیرۆکی تراژیدیا.

ئەرستۆ دەڵێ: پاڵەوانی تراژیدیا نابێ کەسێکی تاوانبار بێ، هەروەها ناشبێ زۆر خواپەرست و کارڕاست بێ. پێویستە "لە بەختەوەریی خۆیدا تووشی چەرمەسەرییەک هاتبێ، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی تاوانێکی کردبێ، بەڵکو ئەم چەرمەسەرییە ئەنجامی هەڵەیەک بێ ".

پاڵەوانی تراژیدیا" بە ڕای ئەرستۆ "دەبێ بتترسێنی یان وات لێ بکات کە بەزەییت پێیدا بێتەوە". ئەمەش خاڵێکە هەموو خاوەنڕایانی کلاسیک لەسەری ڕێک کەوتوون.

هەروەها خاوەنڕایانی کلاسیک دەڵێن: ماوەی تراژیدیا دەبێ نزیکەی سێ سەعات، ژمارەی بەیتەکانیشی: هەزار و پێنج سەد تا هەزار و شەش سەد بەیت، ژمارەی پەردەکانیشی: پێنج پەردە بێت.

٤- کۆمێدیا: تیۆری کۆمێدیا زۆر کورتە. ئەرستۆ هیچی ئەوتۆی لە بارەوە نەگوتووە، بەڵام خاوەنڕایانی کلاسیک دەڵێن: "کۆمێدی بریتییە لە کارێکی نواندنی سەرنجڕاکێش کە کەسایەتییەکان - لەچاو ئەوانی تراژیدیا - سادەتر و کەمپایە ترن. ڕووداوەکانی لە ژیانی ڕۆژانە وەرگیراون. کۆتاییەکەی پێویستە خۆش بێت و شتێکی تازە بێت". لە بارەی مەسەلەکانی دیکەی کۆمێدیا، هەمان دەستوورەکانی تراژیدی لەگەڵ کۆمێدیاش یەک دەگرنەوە.

٥- شیعری شوانکارەیی Bucolique: شیعری شوانکارەیی ئاوازی سروشت و ئەوین دەردەبڕێ. بایەخی ئەم جۆرە شیعرە سادەیی و ساکاری و ڕەوانی و سروشتی بوونیانە؛ پێویستە لایەنی سەرەتایی و لادێییانەی خۆی لە دەست نەدات.

٦- شیعری لیریکLyrique: شیعری لیریک چەندین جۆری هەیە، گرنگترینیان: Ode قەسیدەیە، کە تەرخان کراوە بۆ ستایشکردنی خودا و خواوەندان و وەسفکردنی شەڕ و سەرکەوتنەکان، هەروەها باس و خواسی ئەوین. چەند جۆرێکی دیکەی لیریک: Ballade, Epigramme, Satire جۆرێکن لە شێوەی شیعری هیجایی و پەیوەندییان بە چێژ و خرۆشانی گۆیندەکانیانەوە هەیە.

PDF4Kurd

پێشەواکانی ڕێنسانس

ئەو نووسەرانەی بوونە سەرچاوەگەلێک بۆ کلاسیزم

دانتی (١٢٦٥ - ١٣٢١)

دانتی، کە ڕۆشنبیرترین کەسی سەردەمەکەی خۆی بوو، یەکەمین مۆژدەدەری سەردەمی ڕێنسانسە. لە رووی سیاسییەوە سەر بەو ڕێبازە سیاسییانە بوو کە دژی دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی بوون. بۆیەش حوکم درا و لە " ڕاڤنا" بە ئاوارەیی و دوور لە نیشتیمان مرد.

دانتی بایەخێکی زۆری بە زمان و لێکۆڵینەوە لە زمانی نەتەوەیی دەدا، داخوازیی ئەوەی کرد کە زمانی نەتەوەیی (ئیتالی) لە جیاتی لاتینی لە نووسیندا بەکاربێت. بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیشی، زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی بۆ زمانی ئیتاڵی دروست کرد.

دانتی لە کتێبەکانیدا بانگهێشتی خەڵکی دەکرد بۆ خۆشویستنی گەل و نیشتیمان، هەروەها بۆ ڕەوشتی بەرز و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵانی خەڵک. هیوا و گەشبینییەکی زۆر لە بەرهەمەکانی دانتیدا بەدی دەکرێ.

بەرهەمەکانی: " لە بارەی زمانی زارەکییەوە"، "ژیانی نوێ" کە کۆمەڵە شیعرێک و چەند چیرۆک و چەند پارچە پەخشانێک بوو. هەروەها شاکارەکەیشی بریتیە لە " کۆمێدیای یەزدانی" کە لە ١٣٠٧ نووسراوە و بریتییە لە هەزار سروود و نزیکەی ١٤ هەزار بەیت. ئەم شاکارە فەرهەنگی زمانی ئیتاڵیی زۆر دەوڵەمەند کرد. ناوەرۆکی ئەم شاکارە پڕیەتی لە پەندی میللی و بیروڕای کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفیی جۆراوجۆر کە بەگژداچوونێکی توند و چاونەترسانەیان تێدایە دژی یاسای دەسەڵاتداران و نەریتی کۆن.

کۆمێدیای یەزدانی بەیتە شیعرێکی درێژی خەیاڵییە و نووسەرەکەی بە هۆیەوە دەچێتە ئەو دنیا " قیامەت" کە لە سێ شوێن پێکهاتووە: دۆزەخ، خاوێنگە (ئەو شوێنەی کە خۆتی تێدا پاک دەکەیتەوە)، بەهەشت. دانتی لەم گەشتەیدا شاعیری بتپەرستی ڕۆمانی دەکاتە ڕێ نیشاندەری خۆی بەرەو بەهەشت. کۆمێدیای یەزدانی چیرۆکێکی خەیاڵیی پڕ لە کارەسات و ڕووداوی سەیر و سەمەرەیە، ڕەخنەگرانە، ژیان و واقیعیی ناهەمواری ئیتاڵیامان نیشان دەدا.

پێترارک (١٣٠٤ - ١٣٧٤)

پێترارک لە سەرەتادا سەرقاڵی ژیانی کەنیسە دەبێ، پاشان دڵبەستەی کولتووری کۆن بوو و ڕووی کردە زمانی لاتینی. گرنگترین کارێک کە ئەو کردی و هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد: کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی دەستنووسە کۆنە جۆراوجۆرەکان بوو. پێترارک لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ڕەخنەگرێکی دلسۆزی کۆمەڵەکەی خۆی بوو. شیعریشی دەنووسی و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفیشی دەنووسی.

بەرهەمەکانی: "گیانی بەرز" کە باس لە ڕاپەڕینەکەی ڕۆما دەکا؛ "ئیتالیای نیشتمانم" کە بانگ بۆ یەکێتیی ئیتالیا هەڵدەدا؛ "ئەفریقا" کە گیانێکی نیشتیمانپەروەرانەی تێدا بەیان کراوە؛ "نامە بێ ناونیشانەکان" ڕەخنە لە لایەنە خراپەکانی کلێسا دەگرێ.

PDF4Kurd

بۆکاچیۆ (١٣١٣ - ١٣٧٥)

بۆکاچیۆ هاورێی پێترارک بوو، بۆیە لە سەرەتای ژیانیدا بەرەو لێکۆڵینەوە لە زانستی دین ڕۆیشت. پاشان کەوتە ژێر کاریگەرێتیی نووسەرانی گریکی وەکو هۆمێرۆس و پلاتۆن. بیرکردنەوەی بۆکاچیۆ سیمایەکی نەتەوەیی و دیموکراسی و نیشتیمانپەروەرانەی هەبوو؛ دەیویست هەمان پەیامی دانتی و پێترارک بگەیەنێتە جێ.

شاکاری ئەو بریتییە لە چیرۆکی "دی کامێرۆن" کە بریتییە لە سەد چیرۆکی کورت، چیرۆکەکان لەسەر زمانی حەوت کچ و سێ کوڕ دەگێڕدرێنەوە کە لە کاتی ڕشانەوەکەی ساڵی ١٣٤٨دا فلۆرەنسا جێدێڵن و لە ڤێللایەکی دەرەوەی شاردا دە شەو و دە ڕۆژ دەمێننەوە. هەر یەکەیان ڕۆژی چیرۆکێک دەگێڕێتەوە. دیکامێرۆن بە لاتینی واتە " یاداشتی دە ڕۆژە". چیرۆکەکان ڕەخنەگرانە باسی واقیع و ژیانی ناهەموار و پڕ چەرمەسەریی ئیتالیا دەکەن بەشێوازێکی فۆلکلۆری، هەر چیرۆکێک پەردە لەسەر لایەنێکی دەستنیشانکراوی خراپی ئیتالیا هەڵدەداتەوە: کەنیسە و پیاوانی کەنیسە، ئاغا و جۆتیاران، بازرگانە ساختەچی و جەردەکان، دەسەڵاتدارە مشەخۆر و دزەکان.

بوالۆ (١٦٣٦- ١٧١١)

لە ساڵی ١٦٧٤دا ڕەخنەگری فەرەنسی، نیکۆلا بوالۆ Nicolas BOILEAU کتێبی (هونەری شیعر Art Poethique)ی بڵاوکردەوە و دەستوور و بنەماکانی کلاسیزمی بەشێوەیەکی تیۆری تێدا شی کردەوە و چەسپاند؛ توانی گیانێکی هاوچەرخانە بە ڕێبازەکە بدات و کتێبەکەی خۆیشی وەک سەرچاوەیەکی گرنگی دیکەی کلاسیزم پێشکەش بکات.

بوالۆ بەرهەمەکانی مولیێری زۆر خۆش دەویست و ڕیزێکی زۆری لێ دەنان. لە کۆشکی لویسی ١٤م کاری دەکرد و لە ١٦٨٣ بووە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسا؛ ببووە ڕەمزی ڕۆشنبیریی سەردەمی لویسی ١٤م.

بوالۆ، کتێبەکەی دەکرێ بە ٤ بەش. لەو کتێبەیدا باسی بنەما بنچینەییەکانی داهێنانی شیعر دەکات، پاشان جۆرەکانی ئەدەب دەستنیشان دەکات (شیعری لیریک، هیجائی، کۆمێدی، غەزەل، تراژیدیا، کۆمێدیا و داستان).

بوالۆ، لە بواری تراژیدیادا ڕاسین بە نموونەیەکی بەرزی دراما و تراژیدیا دەزانێ؛ لە بواری کۆمێدیاشدا شاعیری لاتینی تێرانس TERANCE کە لە سەدەکانی پێش زایین ژیاوە بە نموونەیەکی سەرکەوتوو دەزانێ.

بوالۆ ئامۆژگاریی نووسەران دەکات: "لە سەرەتادا بیربکەنەوە ئنجا دەست بکەن بە نووسین"، هۆشیاریان دەکاتەوە کە بە دوای ژیانی خۆش و پارەدا نەکەون. هەروەها بوالۆ جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی هۆش و دەڵێ: "با هەمیشە بەتەنگ هۆشەوە بن، با تەنها لەوەوە هەرچی جوانی هەیە وەری بگرن".

زمانی شیعر لای بوالۆ پێویستە زمانێکی قورس و سنعەتکارانە بێت، بەم شێوەیە سروشتێکی ئورستۆکراتیانەی هەیە و خەڵکی عەوام لێی تێ ناگات. بوالۆ کاتێ لە ١٦٧٤ هونەری شیعری نووسی، شاعیری ئینگلیز جۆن ئۆلدهام تەرجەمەی ئینگلیزیی کرد و کاری کردە سەر درایدن Dryden ١٦٣١- ١٧٠٠ و ئەلکزاندەر پۆپ ١٦٨٨- ١٧٤٤.

هەروەها بەرهەمی ئەم هونەرمەند و نووسەرە پێشەنگانەش لە سەردەمی ڕێنسانس و ڕۆشنگەریدا بوونە سەرچاوەگەلێکی بناغەیی بۆ فراژووبوونی کلاسیزم. بەرهەمەکانیان بە شاکارەکانی کلاسیزم دەژمێردرێت:

PDF4Kurd

لیۆناردۆ داڤنشی (١٤٥٢ - ١٥١٩) پەیکەرتاش و نیگارکێش و نووسەری ئیتالّی.

ئارازمسی رۆتەردامی (١٤٦٦ - ١٥٣٦) زمانەوان و زانا و رووناکبیر.

ماکیاڤێللی (١٤٦٩ - ١٥٢٧) سیاسی و مێژوونووسی ئیتالّی. ناودارترین بەرهەمەکانی: «میر» کە کراوەتە کوردی.

میکائێل ئەنژێلۆ (١٤٧٥ - ١٥٦٤)، پەیکەرتاش و ئەندازیاری ئیتالّی.

سێرڤانتس ١٥٤٧- ١٦١٦، رۆمانووسی ئیتالّی. ناودارترین بەرهەمەکانی: دۆن کیشۆت کە دوو جاران تەرجەمەی کوردی کراوە.

شکسپیر (١٥٦٤ - ١٦١٦) شانۆنامەنووسی ئینگلیز. ناودارترین بەرهەمەکانی: هاملێت، ئۆتێللۆ، ماکبێس، شا لیر.. کە تەرجەمەی کوردی کراون.

دیکارت ١٥٩٦- ١٦٥٠ تیۆری رێژەیی بۆ جوانی هێنایە ئارا: جوانی، لە هەر ولاّتێک و لای هەر کەسێک چەمکی خۆی هەیە. فەلسەفەی دیکارت یارمەتیی چەسپاندنی کلاسیزمی دا.

پییێر کۆرنێی ١٦٠٦- ١٦٨٤ ناودارترین شانۆنامەنووسی (تراژیدیانووسی) کلاسیزمی فەرەنسییە. گرنگترین بەرهەمەکانی: (هۆراس) لە سالّی ١٦٤٠دا نووسیوە.

کۆرنێی هەموو خاسیەتەکانی کلاسیزمی بەوپەڕی وردبینییەوە بەکاردەهێنا: عیبرەتی ئەخلاقی بەشێوەیەکی چێژبەخش، لاساییکردنەوەی نووسەرانی پێشوو، وەسفی چاکە و خراپە، هەڵبژاردنی پاڵەوانەکانی رابردوو، مێژوو کردنە کەرەستەکردن بۆ کارکردنە سەر ئەمڕۆ، پیشاندانی شانۆنامە لە تەنیا پێنج پەردەدا، بەکارهێنانی بەحری ئەسکەندەری (بەیتی قافیەداری دووازدە هیجایی) کە وەک عەرووزی فەراهیدی - عەرەبی چەندین سەدە بوو باو بوو.

جۆن میلتۆن ١٦٠٨- ١٦٧٤ شاعیری گەورەی ئینگلیز، لە کۆتایی ژیانیدا کوێر بوو. خاوەن کتێبی ناوداری «بەهەشتی ونبوو».

لافۆنتێن ١٦٢١- ١٦٩٥، نووسەری ناوداری فەرەنسا، کە وای بە باشتر دەزانی شیعری چیرۆک ئامێز و ئەفسانە تەمسیلییەکان بنووسێت.

مۆلییێر ١٦٢٢- ١٦٧٣ گەورەترین کلاسیکی فەرەنسایە لە بواری کۆمیدیانووسیندا. بە بۆچوونی ئەو: تراژیدیا وێنەی نەجیبزادە و پاڵەوانەکان، بەلاّم کۆمێدیا وێنەی خەڵکی ئاسایی دەکێشێ.

جۆن لۆک ١٦٣٢- ١٧٠٤ دامەزرێنی رۆشنگەری لە بەریتانیا. ئەوەی سەلماند کە مرۆڤ هەر بە غەریزە بیروبۆچوون و شەڕ یان خێری لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتووە. هەموو شتێکی گەڕاندەوە بۆ ژینگە و ئەزموونەکان: «مرۆڤ خۆی بەرپرسی یەکەمە لە ئاسوودەبوون یان بەدبەختبوونی مرۆڤ».

ژان ڕاسین (١٦٣٩ - ١٦٩٩) تراژیدیانووسێکی گەورەی کلاسیزمی فەرەنسییە. ناودارترین بەرهەمەکانی:

PDF4Kurd

ئەسکەندەری گەورە، لە ١٦٦٥. ئەندرۆماک، لە ١٦٦٧. میتریدات، لە ١٦٧٣. بایەزید، لە ١٦٧٣ کە تاقە تراژیدیایەکی کلاسیکە باسی ژیانی هاوچەرخ، باسی سوڵتانە عوسمانییەکانی ئەوسەردەمە دەکات. ئاتالی، لە ١٦٩١.

دانیال دیفۆ ١٦٦١– ١٧٣١ نووسەری ڕۆمانی ڕۆبنسۆن کرۆسۆ.

جۆرج بێرکلای ١٦٨٥– ١٧٥٣ فەیلەسووفی ئینگلیز.

مۆنتسیکیۆ ١٦٨٩– ١٧٥٥، فەیلەسووفی فەرەنسی، خاوەنی «نامە ئێرانییەکان »لە ١٧٢١، کاریگەرترین بەرهەم دژی سیستەمی دەسەڵاتی سەدەی هەژدەم: «ئێمە دەمانەوێت دابونەریت و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی خۆرئاوا بەئاگا بێنین». پاشان کتێبی «ڕۆحی یاساکان»ی نووسی لە ١٧٤٨دا کە کراوەتە کوردی.

هەروەها **دیڤید هیوم** ١٧١١– ١٧٧٦ فەیلەسووفی ناوداری ئینگلستان، لەگەڵ دیدرۆ ١٧١٣– ١٧٨٤ فەیلەسووفی ناوداری فەرەنسا و دەیان ناوی درەوشاوەی دیکە کە هەندێکیان زەمینەیان خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم.

چەند تێبینییەکی گشتی لەبارەی ئەدەبیاتی کلاسیکی میللەتان

کلاسیزم لە ئەدەبی فەرەنسیدا هەر لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەوە دەبینرێت. هەندێک ڕەخنەگر کلاسیزمی فەرەنسی دابەش دەکەنە سەر دوو قۆناغ. قۆناغی یەکەم: لە ١٦٣٠– ١٦٦٠ کە قۆناغی خۆئامادەکردنی تیۆری و بۆچوونەکانە کە کۆرنێ گەڵاڵەی کرد و چەند شانۆنامەیەکی تێدا بڵاوکردەوە. دووەم قۆناغیش: لە ١٦٦٠ تا ١٦٨٨ کە تێیدا ڕاسین و مۆلییێر سەرهەڵدەدەن.

فەیلەسووفی ڕۆشنگەری فەرەنسا، ڤۆڵتێر ١٦٩٤– ١٧٧٨، لە «نامە فەلسەفییەکان» لە ١٧٧٣دا دەڵێ: «من لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی بەریتانیاوە هێرشم کردە سەر سیستەمی فەرەنسی و خاڵە لاوازەکانی و بێ دادییە فەرەنسییەکان. لێبوردنی ئایینی، ئازادیخوازی لە سیاسەت و بازرگانیدا، پایەبڵندیی زانست و فەلسەفە.. لە بەریتانیادا سەرنجی منیان ڕاکێشابوو».

ئەم قسەیەی ڤۆڵتێر ئەوە دەردەخات کە کلاسیزمی فەرەنسی لە کلاسیزمی ئینگلیزەوە ئاوی خواردووەتەوە. بەڵام ڕاستییەکەی، فەرەنسییەکان، لە بنیاتنانی ئەو دەستوورانەی کە بۆ کلاسیزمی خۆیان دایاننابوو، قەرزاری ئیتاڵییەکانن، چونکە لە ئەوانیان وەرگرتبوو. ئیتاڵییەکان نزیکەی سەد ساڵ پێش فەرەنسییەکان ئەم دەستوورە کلاسیکیانەیان بۆ خۆیان دامەزراندبوو. سەرچاوەی هەرە گرنگی ئەم دەستوورانەش هونەری شیعری ئەرستۆ بوو کە لە ساڵی ١٤٩٨ تەرجەمە کرابووە سەر زمانی لاتینی و ئیتاڵی.

کلاسیزم لە سەدەی هەژدەمدا لە ئیتاڵیا گەیشتە ئەوپەڕی پلەی درەوشانەوە. لە بواری شانۆگەریدا: کۆمێدیانووسی ئیتاڵی، گۆڵدۆنی Goldoni (١٧٠٧–١٧٨٣)، هەروەها تراژیدینووس، ئەلفیێری Alfieri (١٧٤٩– ١٨٠٣) ڕۆڵی دیاریان هەبوو.

ئەدەبیاتی ئەڵمانی کە لە سەدەی شانزەمدا لەژێر کاریگەریتی گۆڕانێکی گەورەدا بوو، لە سەردەمی ڕێنسانسدا هیچ بەرهەمێکی کلاسیکیی ئەوتۆی بەدەستەوە نەدا؛ تەنیا لە سەدەی حەڤدەم بەملاوە بوو کە ئەدەبیاتی ئەڵمانی توانی بگاتە شانی کلاسیک و لەگەڵ کلاسیزمی فەرەنسی و ئیتاڵی هاوئاهەنگ بکەوێتەوە. ئەمەش لە شێوەی

PDF4Kurd

لاساییکردنەوەیەکی لاواز و کزدا. لە شاعیرانی ئەڵمانیای سەدەی حەڤدەمدا، تەنیا ناوی ئۆپیتز Opitze (١٦٣٩-١٦٩٤) سەرنجمان ڕادەکێشێ کە خاوەنبیرێکی گەورەیە و لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی ئەڵمانیدا کاری زۆر گەورەی ئەنجام داوە. قۆناغی درەوشاوەی ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەڵمانیا لە سەدەی هەژدەمەوە دەست پێدەکا، لەگەڵ قۆناغی لیسینگ Leesing (١٧٢٩-١٧٨١)، کە نووسەر و ڕەخنەگر و شانۆنامەنووسێکی مەزنی ئەڵمانییە.

کلاسیزم لە ئینگلستان لە سەدەی حەڤدەم بەملاوە سەری هەڵدا. دیارترین نووسەرانی ڕێبازی کلاسیزم لە شیعردا: میلتۆن Milton (١٦٠٨- ١٦٧٤)، لە شانۆگەریدا: درایدن Dryden (١٦٣١- ١٧٠٠) و باکۆن Bacon (١٥٦١- ١٦٥٩) بوون.

کاتێ ئەدەبیاتی کلاسیک لە سەدەی شانزدەم و حەڤدەمدا لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا بڵاودەبێتەوە، ئەدەبیات لە ئینگلستاندا هێشتا هەر لەژێر تەئسیری ڕێنسانس دایە و کەم پەیڕەوی دەستوورەکانی کلاسیزم دەکا. نووسەرانی ئینگلیز بەشێوەیەکی گشتی زۆر کەم چوونە ژێر باری یاسا و دەستوورەکانی کلاسیزم، بەرهەمەکانیان خاوەن قانوون و خەسڵەتی تایبەتی ناوەوەی خۆیانن. ئەم بێ دەروەستییەش - لەوساوە - وای کرد کە ڕێگا خۆش ببێ بۆ ئەوەی لە جیاتی کلاسیزم ڕۆمانسییەتێکی بێ بەند و بار پەیدا ببێ. چونکە نووسەرە ئینگلیزەکان قانوون و دەستوورەکانی کلاسیزمیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ڕەچاونەدەکرد، بەرهەمەکانیان، وەک بەرهەمەکانی شکسپیر، شێوە و ڕێسا و خەسڵەتێکی تایبەتی خۆیان هەبوو.

PDF4Kurd

وشەی کۆتایی

کلاسیزم چەندین سەدە لە ئەورووپادا درێژەی کێشا. فەلسەفەی عەقلانییەتی کلاسیزم لە خزمەتی چینی ئەرستۆکراتیدا بوو. چینە بەرزەکان تیۆری کلاسیزمیان بەکاردەهێنا بۆ هێشتنەوە و چەسپاندنی دەستوور و قانوونە باوەکان، هەروەها بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. ئەمە لەکاتێکدا بارودۆخی شارستانیی ئەورووپا گۆڕانی بەسەردا دەهات، هەروەها چێژ و بینین و بیروڕاکانی مرۆڤ و کۆمەڵیش وردە وردە دەگۆڕان، بۆیە نووسەران لە کۆتاییدا لەم ڕێبازە بێزار بوون؛ گەیشتنە ئەو ڕایەی کە کلاسیزم تەنیا بەرهەمی عەقڵە، عەقڵیش سنوور بۆ سۆز و خەون و دەربڕینەکانی مرۆڤ دادەنێت، لەگەڵ خەم و ئاواتەکانی مرۆڤی سەردەمی تازە ناگونجێت، بۆیە هەوڵیان دەدا کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازە عەقلانییە وشکە دەرباز بن؛ شێوە و تەکنیک و شێوازی دیکەی دەربڕین بدۆزنەوە.

PDF4Kurd

بەراوردێکی کلاسیزمی ئەورووپی و کلاسیزمی کوردی

بۆ ئاسانکردنەوەی بابەتەکە و لە چوارچێوەگرتنی ئەکادیمییانەی کەرەستەکانی مێژووی ئەدەبیاتی کۆنمان، کارێکی تازە ناکەین ئەگەر ئێمەی کورد لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی خۆماندا، ناو لە قۆناغ و بەرهەمەکانی باباتاهیری هەمەدانی (٩٣٥- ١٠١٠) و ئەحمەدی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٧) و نالی (١٧٩٧- ١٨٥٥) بنێین «قۆناغی کلاسیک».. وەک چۆن ئەورووپاییەکانیش ناو لە سەرجەم چەند سەد ساڵێکی ئەدەبیاتی خۆیان دەنێن «کلاسیک».

ئەکادیمییە ئەورووپاییەکان بە سەرجەم ئەدەبیات و هونەری سەدەکانی ناوەراست تا سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەڵێن «کلاسیک»، دەشزانن کە فلان نووسەری سەدەی هەژدەم لەچاو فیسار نووسەری سەدەی حەڤدەم گەلێک نوێگەری و دەستاوەردی تازەیشی پێ بووە، بەڵام سەبارەت بەوەی هەردووکیان لەناو یەک جۆر سیستەمی بیر و رێسای نووسیندا کاریان کردووە، هەر لەناو یەک چوارچێوەی گشتیدا دەیانخوێننەوە.

عەرەب و تورک و فارس و زۆربەی نەتەوەکانی دیکەش لەم بوارەدا هەر وایان کردووە. بە هەمان شێوە ئێمەی کوردیش، لەپێناو ئاسانکردنی تێگەیاندن و دۆزینەوەی مێتۆدێکی لەبار بۆ تۆژینەوە و لێکتر حاڵیبوون، واباشترە هەمان پۆلێنی ئەورووپاییەکان و میللەتانی دیکە بەکار بێنین؛ بەڵام بێگومان بە رەچاوکردنی چەند خاڵێک:

- چەمکی کلاسیک، ئەگەر بەکاری بهێنین بۆ ناونانی ئەو ئەدەبیاتەی سەدەکانی یازدەم تا نۆزدەمی کوردی، واتایەکی ئێستاتیکیی ئەوتۆ ناگرێتەوە کە مێتۆد و خاسیەتەکانی هەمان رێبازی کلاسیزمی ئەورووپای هەبێت؛ بەڵکو تەنێ وەک ناونانێک دەبێت لەپێناو جیاکردنەوەی قۆناغەکانمان و لێک حاڵیبوونمان. ئەمەش چونکە کلاسیزمی ئەورووپا جیاوازە لە کلاسیزمی کوردی:
- کلاسیزمی کوردی پڕە لە سۆز و دیدی رۆمانسیانە و توخمی رۆمانسیزم، ئەمەش بەپێچەوانەی کلاسیزمی ئەورووپایی کە لەسەر بنچینەی عەقڵ و عەقڵگەرایی Rationalisme دامەزرابوو.
- کلاسیزمی ئەورووپایی لەسەر بنچینەی فەلسەفەی گریک دامەزرابوو، نووسەرانی کلاسیکی ئەورووپا لاسایی و پەیرەوی دەستوورەکانی یۆنانییە کۆنەکانیان دەکردەوە (سۆفۆکلیس، هۆمیرۆس، ئەرستۆ، هۆراس..)؛ بەڵام کلاسیزمی کوردی لاسایی و پەیرەوی دەستوورەکانی ئیسلامییەکانیان دەکردەوە (المتنبی، المعری، الفراهیدی، فضولی، فردوسی، شیرازی..).
- کلاسیزمی ئەورووپایی چەند سەرچاوەیەکی تیۆری و مێتۆدی و فەلسەفیی هەبوو کە لەسەری دەرۆیشت (کتێبەکانی هۆراس و ئەرستۆ و بوالۆ..) بەڵام کلاسیزمی کوردی هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆی نەبوو لە تێکستەکان زیاتر.
- کلاسیزمی ئەورووپایی لاسایی «عەرووزی ئەسکەندەری» و هونەرە رەوانبێژییەکانی یۆنانی دەکردەوە ؛ بەڵام کلاسیزمی کوردی لاسایی عەرووزی فەراهیدی و هونەرە رەوانبێژییەکانی عەرەبی دەکردەوە. بۆیەش دەبینین تەکنیک و فۆرمە ئەدەبییەکانمان هەمان شت نین؛ یان دەبینین کلاسیزمی ئەورووپی یاسای یەکیەتیی بابەتی هەبووە، بەڵام لە کلاسیزمی کوردیدا نەبووە.
- کلاسیزمی ئەورووپایی زۆر بەرچاو سیمای چینایەتی و مەتحی چینی ئەرستۆکراتیی پێوە دیارە و هەستی

PDF4Kurd

نەتەوەپەروەریی تێدا نابینی؛ بەڵام کلاسیزمی کوردی سیما چینایەتییەکەی کەم تێدا دەبیندرێت و جارجار نەتەوەپەروەریشی تێدا دەردەکەوێت. کلاسیزمی ئەورووپی نەتەوەپەروەر نییە و بە دەگمەن هەستی نەتەوایەتی دەردەبڕێ، بەڵام هی کوردی (بۆ نموونە لای ئەحمەدی خانی و حاجی کۆیی) سەرەتای ناسیونالیزم لایان وەدیار دەکەوێ.

- کلاسیزمی ئەورووپی ئەگەر لە خزمەت چینی دەرەبەگدا بووبێت و نەیتوانیبێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و دابونەریتەکان دەرچووبێت، ئەوا کلاسیزمی کوردی بە رێژەیەکی زۆر کەمتر ئەو خۆ بەستنەوەیەی بە خزمەتکردنی چینی دەرەبەگەوە هەبووە، تەنانەت بۆیەش دەبینین هەندێ لە شاعیرانی کلاسیکی کورد (شێخ ڕەزا، مەولەوی، حاجی، نالی..) ئەو چوارچێوە حەرام و قەدەغەیە یان ئەو هێڵە سوورە دەشکێنن.
- کلاسیزمی ئەورووپایی لەخۆگری ژمارەیەکی زۆر لە ژانرە ئەدەبییەکانە (شانۆنامە، وتار، چیرۆک، ڕۆمان.. هتد)، بەڵام کلاسیزمی کوردی، زۆربەی، تەنێ شیعرە!
- کلاسیزمی کوردی، زۆر زوو، چەند توخم و کەرەستە و بینینێکی ڕۆمانسیانەی تێ دەرژێ. بۆ نموونە بەرهەمەکانی بێسارانی و مەولەوی و وەلی دێوانە و وەفایی. لە کاتێکدا ئەم دووفاقی و تێکەڵبوونە لە کلاسیزمی ئەورووپیدا نابینین.
- کە کلاسیزمی ئەورووپایی لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا کۆتایی پێ دێت، بەڵام کورد تا کۆتایی سەدەی نۆزدەمیش هەر بەردەوامە.
- کلاسیزمی ئەورووپی یەکیەتیی بابەت مەرجێک بوو لە ئەدەبیاتەکەیدا، بەڵام لای کورد بەپێچەوانەوە.
- ئێمە بە سەرجەم ئەدەبیاتی کوردیی سەدەکانی ١١م تا ١٩م دەڵێین «کلاسیک»، بەڵام دەشزانین کە فلان شاعیری سەدەی هەژدەم (بۆ نموونە مەولەوی) لەچاو فیسار شاعیری سەدەی سێزدەم نوێگەر و کەمێک جیاواز بووە. ئەم تێک نەهاتنەوەیە با قیامەتی لەسەر هەڵنەستێ و قبووڵی بکەین، چ قەیدییە، بەتایبەتیش چونکە هەردووکیان (ئەوەی سەدەی هەژدەم و ئەوەی سەدەی سێزدەمیش) لەناو یەک جۆر سیستەمی بیر و ڕێسای نووسیندا کاریان کردووە.
- هەر یەکێک لە شاعیر و نووسەرەکانی سەدەکانی ڕابردوومان خاوەن نوێگەری و تایبەتمەندیی خۆیان بوونە. ئەمەش چونکە، هەموومان ئەوە دەزانین کە تایبەتمەندی و تازەگەرییەکانی بۆ نموونە ئەحمەدی خانی (داستانەکانی، بیرە نەتەوەییەکەی، ڕەنگرشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو شیعردا..) لەلای باباتاهیری هەمەدانیدا بە هیچ شێوەیەک نابینین. بەڵام وەکو گوتمان (لەپێناو ئاسانکردنی تێگەیاندن و دۆزینەوەی مێتۆدێکی لەبار بۆ توێژینەوە و لێکتر حاڵی بوون، هەروەها سەبارەت بەوەی هەردووکیان لەناو یەک جۆر سیستەمی بیر و ڕێسای نووسیندا کاریان کردووە) دێین هەموویان لەناو یەک چوارچێوەی گشتیی کلاسیزمدا دەخوێنینەوە.

کەواتە، بە هەمان شێوە، کاتێ باسی کۆنبوونی یان کلاسیک بوونی نالی-ش دەکەین، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە - ئەگەرچی نالی وەک ئەحمەدی خانی خراوەتە ناو هەمان قۆناغی کۆنەوە - بەڵام نالی لەچاو ئەحمەدی خانی خاوەن تایبەتمەندی و نوێگەرایی خۆیەتی و پێویستە لەو تایبەتمەندی و نوێگەراییەی ئەو بەوردی بکۆڵدرێتەوە. بە هەمان شێوە بەگوێرەی مەولەوی و حاجی قادری کۆییشەوە.

PDF4Kurd

سەرچاوە:

R. BRAY: La formation de la doctrine classique en France, Paris: 1951
Fidao- Justiniani: Qu est-ce qu un classique? Paris: 1930
Dictionnaire Encyclopedique Larousse, Paris: 1979.
Henri Lemaitre: La poesie depuis Baudlaire, Ed. Armand Colin Coll., Paris: 1965. P. 85-101
Ch. M. Des Granges: Histoire de la litterature Francaise, Ed. Hatier, Paris: 1962. P. 850-902.
George Emmanuel CLANCIER: Panorama de la poesie francaise, Ed. Seghers, Paris: 1970
Claude BONNEFOY: La poesie des origines a nos jours, Ed. Seuil, Paris: 1975.
Taine HYPROLYTE: Histoire de la Litterature Anglaise, Paris: 1865.
Cornell Kenneth: The Symbolist movement, New Haven, Conn: 1958.
رضا سید حسینی: مکتبهای ادبی، تهران؛١٩٥٧.
د. حسن هنرمندی: بنیاد شعر نو در فرانسه، طهران: ١٣٥٠.
دومینیک سکرتان: کلاسیسیزم، ت: حسن افشار، نشر مرکز، تهران: ١٣٧٥.
عبدالحسین سعیدیان: دایره المعارف ادبی، تهران،١٣٦٣ی هەتاوی، ل٤٧٧.
د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: ڕێنسانس، فوئاد میسری کردوویە بە کوردی، بەغدا: ١٩٨٤.
هۆراس: هونەری شیعر، حەمید عەزیز کردوویە بە کوردی.
د. عەلی لیلە: سەردەمی ڕۆشنگەری و هاتنەئارای کۆمەڵگەی مەدەنی، گ. ڕامان، ژ ١٤ – ١٥. هەولێر: ١٩٩٧
د. محمد مندور: الکلاسیکیة في الاداب و الفنون العربیة و الفرنسیة.
د. ماهر حسن فهمي و د. کمال فرید: الکلاسیکیة في الاداب و الفنون العربیة و المسرحیة، قاهرة.
د. محمد محمد صالح: تاریخ اوروبا من عصر النهضة و حتی الثورة الفرنسیة، بغداد: ١٩٨٢.

PDF4Kurd

ڕۆمانسیزم



PDF4Kurd

PDF4Kurd

وشەی رۆمانسیزم

رۆمانسیزم Romantisme یان رۆمانتیزم بەو بزووتنەوە رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییە دەگوترێ کە لە ئەورووپا لە کۆتایی سەدەی ١٨م بەملاوە بنەماکانی ئازادی و زاتییەتیان Subjectivite بلاوکردەوە دژی بنەماکانی کلاسیزم و عەقڵخوازیی فەیلەسووفانەی کلاسیکەکان.

رۆمانسیزم Romantisme بە رێبازەکە دەگوترێ، بەلام رۆمانتیک Romantique ئاوەڵناوە، هەروەها بە داهێنی سەر بە رێبازەکە دەگوترێ. وشەی رۆمانسییەت هەمان واتای رۆمانسیزم دەگەیەنێ. وشەی رۆمانسی واتای رۆمانتیک (نووسەر و هونەرمەندی رۆمانتیک) دەگەیەنێ.. عەرەب و کورد دایانهێناون.

وشەی رۆمان Roman لە زمانی لاتینی و لە زمانە سەرەکییە ئەورووپییەکاندا گەلێک واتای جۆراوجۆر دەگەیەنێ، لەوانە:

- ئەو زمانانەی کە لە لاتینییەوە هاتوون وەکو ئیتالی، فەرەنسی، پورتوگالی، ئیسپانی، رۆمانی.
- ئەو هونەر و شێوازە هونەرییەی کە لە ئەورووپادا لە ماوەی سەدەکانی ١١و ١٢دا سەری هەڵدا و بلاوبووەوە.
- ئەو چیرۆکانەی بە شیعر یا بە پەخشان بە زمانی رۆمانی لە سەدە کۆنەکاندا نووسراون، وەکو Roman de la Rose و Roman d Renart
- چیرۆکێک بە پەخشان لەسەر بنچینەی خەیاڵ ژیانێکی پڕ لە جەربەزەیی و هەستخرۆشێن بگێڕێتەوە.
- لێکۆڵینەوەی شەخسیەت و حەز و خولیا و هەست و سۆزی مرۆڤ.

هەروەها Romance بەم واتایانە دێ:

- کورتەشیعرێک
- گۆرانییەکی هەستخرۆشێن و ناسک
- شیعرێکی میللیی سۆزاوی کە قافیەی هەشت برگەیی هەبێت.

وشەکانی Romancer و Romanticsme و Romanesque و Romantique هەر لەمانەوە دروست کراون. رۆمانسیزم لە سەرەتادا لە ئەڵمانیا لە ١٧٩٧ (لەسەر دەستی گۆتێ Goethe و شیلەر Schiller و هۆلدێرن Holderin و هۆفمان)، لە ئینگلستاندا لە ١٧٩٨ (لەسەر دەستی وۆردزۆرث Wordsworth، بلاک Blak، کۆلێریدج Coleridge)، ئنجا لە فەرەنسا لە ١٨٢٠ (لەسەر دەستی لامارتین و هووگۆ)، پاشان لە ئیتاڵیا (لەسەر دەستی مانزۆنی Manzoni و لێۆپاردی Leopadrdi)، ئینجا لە دواییدا لە ئیسپانیا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیدا سەری هەڵدا.

PDF4Kurd

PDF4Kurd

ئەو دۆخە شارستانی و فیکرییەی ڕۆمانسیزم تێیدا سەری هەڵدا

شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩) و دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانتاری، لە ئاکامی ئەمەشدا بڵاوبوونەوەی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ (کە زەمینەیان خۆش کرد بۆ وەدیهێنانی ئازادییەکانی تاکە کەس)، هاوزەمانی ئەمانەش شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشەکانی ئینگلستان (١٨٢٦-١٨٥٦)، پێش ئەمانەش ئەو بزاڤە فیکرییەی کە بە «سەردەمی ڕۆشنگەری» ناسراوە لە ئەورووپای سەدەی هەژدەمدا (لە ئەڵمانیا بە ڕێبەرایەتیی هیگڵ ١٧٧٠ - ١٨٣١ و کانت ١٧٢٤ - ١٨٠٤، لە فەرەنساش بە ڕێبەرایەتیی ژان ژاک رووسۆ ١٧١٢- ١٧٧٨ و ڤۆڵتێر ١٦٩٤ - ١٧٧٨ و دیدرۆ و مۆنتسیکیۆ، لە ئینگلستانیش بە ڕێبەرایەتیی جۆن لۆک (١٦٣٢- ١٧٠٤) کاریگەرێتییەکی زۆریان هەبوو بەسەر گۆڕانی ژیانی ئەورووپا و سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی ڕۆمانسیانە و لە کۆتاییدا دامەزرانی ڕێبازی ڕۆمانتیسم.

جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، کە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی فەرەنسا و دامەزرانی سیستەمی پەرلەمان بوو، لە ٢٦ی ئاوگوستی ١٧٨٩ داڕێژرا، چەند پرەنسیپێکی گرنگی کردە دەستوور لەپێناو بەرگریکردن لە مافی تاکەکەس و ئازادییەکانی - کە پێشتر، لە سەردەمی کلاسیزمدا تەنانەت بیرلێکردنەوەشیان بڤە بوو، بۆ نموونە:

بەندی ١: مرۆڤ، هەموویان بە ئازادی لە دایک دەبن، یەکسانیشن لە نرخ و پایە و مافدا. عەقڵ و ویژدانیان پێ بەخشراوە و دەبێ بە ڕۆحێکی برایانە ڕەفتار لەگەڵ یەکتر بکەن.

بەندی ٢: هەموو مرۆڤێک بەبێ هیچ جیاوازییەک (ڕەگەز، ڕەنگ، جنس، زمان، ئاین، بیروڕای سیاسی..) شیاوی سوودوەرگرتنن لە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم بانگەوازەدا هاتوون.

بەندی ٣: هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە.

بەندی ٤: نابێت هیچ کەسێک بکرێت بە کۆیلە و بە نۆکەر بگیرێت. هەموو چەشنە کۆیلەتی و بازرگانیی کۆیلەیەک قەدەغەیە.

بەندی ٥: هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجە و سزا نادرێت، ڕەفتاری توندوتیژ و دڕندانە و ئابڕووبەری لە گەڵدا ناکرێت.

بەندی ٧: مرۆڤ، هەموویان لە بەردەم قانووندا یەکسانن، مافی ئەوەشیان هەیە کە بێ جیاوازی لەلایەن قانوونەوە بپارێزرێن.

بەندی ٨: هەموو کەسێک بۆ داوەری کردن و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی کە قانوون پێی داوە، لە کاتی دەستدرێژی کردنە سەریدا، مافی پەنابردنەبەر دادگە نیشتمانییەکانی هەیە.

بەندی ٩: هیچ مرۆڤێک نابێت بەشێوەیەکی ڕەمەکی بگیرێت، دەسبەسەر بکرێت یان دوور بخرێتەوە.

بەندی ١٨: هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئایینی هەیە. ئەم مافە ئازادیی گۆڕینی ئایین و بڕوا دەگرێتەوە و مرۆڤ لە دەربڕینی ئەو ئازادییەشدا، بە فێربوون و خەریکبوون و ئەنجامدان و پەیڕەوکردنی داب و دەستووری ئەو ئایین و بڕوایە بەپەنهانی یا بەئاشکرا، بە تەنێ یا بە کۆمەڵ، ئازادە.

PDF4Kurd

بەندی ١٩: هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێکەڵکردنی کەسێکی دیکە و وەرگرتنی هەواڵ و باوەڕ و بڵاوکردنەوەیان بە هەر شێوەیەک و بێ خۆبەستنەوە بە سنووری جوگرافی دەگرێتەوە.

بەندی ٢٠:

١. هەموو کەسێک مافی ئازادی و بەشداربوونی کۆمەڵە و تاقمە ئاشتیخوازەکانی هەیە.

٢. نابێت هیچ کەسێک بۆ چوونە ڕیزی هیچ کۆمەڵەیەک ناچار بکرێت.

بەندی ٢٣:

١. هەموو کەسێک مافی کارکردن و ئازادیی هەڵبژاردنی کاری هەیە لە سایەی چەند مەرجێکی ڕەوا و ماقووڵدا، هەروەها مافی پاراستنی لە بێکاری هەیە.

٣. هەموو کەسێک کە کاردەکات مافی مووچەیەکی ڕەوا و قایلکەری هەیە، مووچەیەک کە ژیانێکی لەبار و وەک مرۆڤێکی سەربەرز بۆ خۆی و خێزانی دابین بکات؛ لە کاتی پێویستیشدا ئامرازی دیکەی بخرێتە سەر بۆ بیمی کۆمەڵایەتی.

٤. هەموو کەسێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، مافی دامەزراندن و بوون بە ئەندامی سەندیکای هەیە.

بەندی ٢٤: هەموو کەسێک مافی پشوودان و کاتی ڤاڵا و بەتایبەت مافی دیاریکردنێکی لەباری سەعاتەکانی کار و مافی پشوودانی دەوریی بە مزی هەیە.

بەندی ٢٥:

١. هەموو کەسێک مافی ژیانێکی تێرای هەیە کە بەشی پاراستنی لەشساغی و خۆشگوزەرانیی خۆی و خێزانی بکات، ئەوەش خۆراک و پۆشاک و خانوو و چاودێری پزیشکی و خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان دەگرێتەوە. هەروەها مافی بیمەکردنی ژیانی لە کاتی بێکاری و نەخۆشی و پەککەوتەیی و بێوەژنی و بێوەپیاوی و پیری و لەدەستدانی ئامرازی ژیان بەهۆی هەلومەرجی دەرەکییەوە کە لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە.

٢. دایک و منداڵ مافی یارمەتی و چاودێرییەکی تایبەتییان هەیە، هەموو منداڵانیش ئەگەر بەڕێگەی شەرعی یان نا شەرعی لەدایک بووبن دەبێ هەمان پارێزگاریی کۆمەڵاتییان هەبێت.

تا دەگاتە: **بەندی ٢٦**:

١. هەموو کەس مافی فێربوونی هەیە و دەبێ بە لای کەمەوە پلە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی خوێندن بەخۆڕایی بن. دەبێ خوێندنی سەرەتایی بەزۆر بێت، خوێندنی هونەری و پیشەییش بڵاوبکرێتەوە. وەرگرتن لە خوێندنی بەرزیش، بەیەکسانیی تەواو، بۆ هەمووان و بەپێی توانا، هاسان بکرێت.

فەیلەسووفی ئەڵمانی، ئیمانوئێل کانت (١٧٢٤ - ١٨٤٠) لە کتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی بێ خەوش)دا چێژی جوانی بەستایەوە بە سەرنجدەرەوە نەک بە بابەتەکەوە. هەروەها، بە بۆچوونی کانت، ئامانجی جوانیی بابەتەکەش و هەستی خۆشییەکەش هەر لە خودی سەرنجدەرەوە پەیدا دەبێ نەک لە بابەتەکەوە.

ئەمەش سیفەتێکی ڕێژەییانەی بەخشییە «جوانی» چونکە لەم کاتەدا هەر کەسێک بۆ خۆی خاوەن بینینێکی تایبەتی و جیاواز لە یەکێکی دیکەی، لە بارەی حوکمدانی بۆ جوانی، دەبێت. ئەمەش بووە بنەمایەک بۆ

PDF4Kurd

ڕۆمانسییەکان.

جگە لەمەش، کانت پێی وابوو جوانی لەناو خودی شتەکەدا نییە، بەڵکو لەو تێگەیشتنەدایە کە لای بینەر هەیە بۆ جوانی. ئەمەشیان هەر دیسانەوە، کاری کردە سەر ئەوەی تاکەکەس لەمەودوا زۆرتر متمانە بە تێگەیشتن و چێژی جوانیناسیی خۆی بکات و چیتر گوێڕایەڵی چێژی باوی گەلەکۆیی نەمێنێتەوە.

بەم شێوەیە، لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی بیری کانتەوە، جوانی، چیتر وەک باوەڕێکی باوی کلاسیک نەمایەوە: لە بابەتییەوە گۆڕا بۆ ڕێژەیی و خۆیی. ڕۆمانسییەکان سوودیان لێ وەرگرت.

کانت دەڵێ: «پێوەری چێژ پەیوەندیی بە لۆژیکەوە نییە، شتێکی جوانیناسییە. واتە بنچینەی چێژوەرگرتن هەمیشە شتێکی زاتییە. هەموو کەس، هەر کەسە و بە بینینی تایبەتی خۆی، عەوداڵی یەک ئامانجە کە ئەویش دڵخۆشبوونە، چێژوەرگرتنە».

کانت، بەپێچەوانەی کلاسیکەکانەوە دەڵێ: «جوانی ئەو شتەیە کە بەبێ تێگەیشتنی عەقڵی پێمان خۆش بێت. بۆ سەلماندنی جوان، پێویست ناکات پەنا ببەینە بەر بەڵگەی عەقڵی. چونکە حوکمی چەشە پەیوەندیی بە دەستوور و یاسای عەقڵییەوە نییە».

جەوهەر، بە تێگەیشتنی کانت: «شێوەیە نەک واتا. لە تابلۆیەکدا، یان لە پەیکەرێکدا تەنانەت لە هەموو هونەری پلاستیکی و ئارشیتێکتووریدا، جەوهەر تەنیا نیگارەکانە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە واتا نییە بەڵکو شێوەکەیەتی، کە حاڵەتە بنچینەییەکە بۆ چێژوەرگرتن خۆش دەکات. ئەو ڕەنگانەی وێنەکانیان پێ کێشراوە هێند سیحراوین کە دەتوانن هەر بابەتێک بۆ واتا دروستکردنی خۆیان بدۆزنەوە».

کانت دەڵێ: بەتەنێ بڕۆ و هۆشی خۆت بەکاربێنە!

دروشمی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەمە بوو: ئازایی ئەوەت هەبێ کە خۆت هۆشی خۆت بەکار بێنیت! لەم بارەیەوە، کانت دەڵێ: «جگە لە دەبەنگی، ئەمە هیچ هۆیەکی دیکەی نییە کە سروشت هەر لە مێژەوە پلەی باڵغبوونی بە زۆربەی مرۆڤەکان گەیاندبێت و کەچی هەمان ئەم مرۆڤانە، بە خواستی خۆیان، تا دوا هەناسەی ژیان هەر لەنێو هەرزەکاریدا بچەقن و ڕێگا بە خەڵکی دیکەی غەیری خۆیان بدەن کە بەئاسانی ببنە سەرپەرشت و دەمڕاستییان». ئەم ڕابەر و سەرپەرشتارانە، پێش هەموو شتێک دێن هۆشی «مێگەلە دەستەمۆکەی خۆیان» بەتاڵ دەکەن بۆئەوەی خۆیان دڵنیا بکەن کە ئیدی «ئەم بوونەوەرە بێ وەی و بەستەزمانانە» جەسارەتی ئەوەیان نییە تەنانەت هەنگاوێکیش لەو کاوێژگەیە دووربکەونەوە کە تێیدا زیندان کراون.. ئنجا پاشان ئامۆژگارییان دەکەن و پێیان دەڵێن: «گەلۆ، بەتەنێ ڕۆیشتن کارێکی گەلەک مەترسیدارە».

ئەم پرەنسیپە فەلسەفییەی کانت هێزی یاخیبوونی بەخشییە ڕۆمانسییەکان.

ناوبراو، لە کتێبی (ڕەخنە لە بەهرەی داوەریکردن)دا، پێی وایە کە «جوانی سوودی نییە»، یان ڕاستتر: نابێ جوانی لە پێناو سوود بەکاربهێنرێت. بە ڕای ئەو: جوانی، پێویستە ئازاد و سەربەخۆ بێت. لەم بارەوە دەڵێ: «کاتێ قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە فلان شت جوانە، کەس باسی ئەوە ناکا ئایا ناوەڕۆکی ئەو شتە هیچ سوودێکی بۆمان هەیە یان نا. بەم شێوەیە، جوانی ئەو شتەیە کە هەموو کەس لە فۆرمە دیاریکراوەکەیدا پێی خۆش بێت، بێ ئەوەی کەس بەرژەوەندیی لەمەدا هەبێ».

کانت پێی وایە: کۆمەڵ خۆی ئەو کەڵکە بە هونەر دەبەخشێت و سوودێکی بۆ دەدۆزێتەوە. چونکە، بە بۆچوونی

PDF4Kurd

کانت، ئەگەر مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا نەبووایە ئەوا بیری جوانکردن و خۆجوانکردن و ڕازاندنەوەی لەلا دروست نەدەبوو. کەواتە مەیلی کۆمەڵایەتییە وامان لێ دەکات کە بایەخێکی پراتیکی یان سوود یان خاسیەتێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بدەینە جوانی.

بەم شێوەیە، کانت دژی ژێردەستەکردنی هونەر بۆ قازانجی سیاسەت و ڕەوشتی بۆرژوازی وەستا.

بە تێگەیشتنی کانت: شۆڕش ناتوانێ بیرکردنەوەی خەڵک بگۆڕێ. شۆڕش لەوانەیە بتوانێ کۆتایی بە ملهوڕێتیی تاکەکەسانە و سەرکوتکردنی سوودپەرستانە بهێنێت، بەڵام هەرگیز لە توانایدا نییە، وەک ئەوەی پێویستە، بیرکردنەوە و ڕەوتی بیرکردنەوەی خەڵک بگۆڕێت. بەپێچەوانەوە، لە جیاتی پێشداوەرییە کۆنەکان، کۆمەڵێک پێشداوەریی تازە دەخاتە ئارا کە دەبنە نێڵی گەردەنی خەڵک. کەواتە لێرەدا هیچ شتێک هێندەی ئازادی پێویست نییە، ئازادیی ئاشکرا لە بەکارهێنانی عەقڵدا لە هەموو بوارەکان. کەواتە، نەک شۆڕش، بەڵکو تەنیا ئازادی و ئازادیی بیرکردنەوەیە کە دەتوانێ بیرکردنەوەی خەڵک بگۆڕێ. ئەم پرەنسیپەش، درەنگتر بووە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ڕۆمانسیزم.

بەم جۆرە، کانت کاری زۆری کردە سەر ڕۆمانسییەکان، بەتایبەتی گۆتە و شیلەر و کۆلرێدج. لەمەش زیاتر، چەند بنچینەیەکی سەرەتایی دامەزراند تەنانەت بۆ پەرناس و فۆرمالیست و ئەبستراکتەکانیش.

فەیلەسووفی ڕۆشنگەری ئەڵمانی، هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١ کە هاوسەردەمی ڕۆمانسییەکان بوو، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو بەسەر ڕۆمانسییەکانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیویست بناغەیەکی عەقڵانی و فەلسەفی بۆ ئەو هەست و سۆزە ڕۆمانسییانەی ئەوان دابڕێژێت. بەڵام لە هەمان کاتدا، هیگڵ هەر لەو سەردەمەوە کە گەنج بوو، دەیویست یانەیەک دروست بکات لەپێناو بڵاوکردنەوەی باوەڕە ڕۆشنگەرییەکانی شۆڕشی فەرەنسا بەناو قوتابییاندا. هەر بۆیەش لە ساڵی ١٨٠١دا چووە شاری ئیەنا کە مەڵبەندی کۆبوونەوەی ڕۆمانسییەکانی ئەڵمانیا بوو، لەوێ پەیوەندییەکی کاریگەر و توندی لەگەڵ نەوەی یەکەمی ڕۆمانسییە ئەڵمانییەکاندا پەیدا کرد.

ژان ژاک ڕووسۆ ١٧١٢- ١٧٧٨، فەیلەسووفی ڕۆشنگەری فەرەنسی، لەوانەیە لە هەموو فەیلەسووفێک زیاتر ناوی بێت لە ڕووی کاریگەریی بەسەر بڵاوکردنەوەی بیری ڕۆمانسییانە و دامەزراندنی ڕۆمانسیزم. ئەمەش سەبارەت بەوەی کە ئەو زۆر بەفراوانییەوە جەختی کردە سەر پێویستبوونی خۆئازادکردن لە دەست نێڵی دابونەریتەکانی کۆمەڵ و ڕەفزکردنەوەی دەستوور و یاساکانی کۆمەڵگەی کلاسیزم.

ئەو، لە کتێبە ناودارەکەیدا «پەیمانی کۆمەڵایەتی» زۆر باریکبینانە ئەو سیستەمە هەرەمییەی کۆمەڵگە کلاسیکی هەڵوەشاندەوە کە وەک مۆتەکە سواری سنگی تاکەکەس ببوو و ئازادییەکانی تاکە کەسی دەپلیشاندەوە. ئەوەی دەستنیشان کرد کە «پەیوەندییەکی میکرۆفیزیایی چەوساندنەوە» لە لووتکەی دەسەڵاتەوە تا بچووکترین ئەندامەکانی کۆمەڵ، لەسەر حسێبی زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس هەڵچنراوە.

سەربەستیی تاکەکەس، بە بۆچوونی ڕووسۆ، نابێتە هۆی نائارامیی دەوڵەت.. بەڵکو ئەو ئازادییە تەنیا چەوساندنەوە و کۆیلایەتییەکەی تاکەکەس ڕادەماڵێ: ئەمەش چونکە لای ڕووسۆ مرۆڤ خۆی خێرخوازە.

ڕووسۆ سۆز و خۆشەویستی و غەریزە لە جیاتی زانست و تەکنەلۆژیا دادەنێ. ئەمەش چونکە، مرۆڤ لەناو کۆمەڵی تەکنەلۆژیدا دەبێتە ملکەچی دابونەریت و ڕێساکان، وای لێ هاتووە کە خەسڵەتە سروشتییەکانی خۆی لە دەست بدات و دەمامکەکان ببەستێت. بۆیە لای ڕووسۆ «مرۆڤی هوشیار و بەئاگا» واتە ئەو مرۆڤەی کە کوێرانە

PDF4Kurd

پیادەی دەستوورەکانی کۆمەڵ دەکات، «لە ئاژەڵێکی گەندەڵ زیاتر هیچی دیکە نییە».

بەم شێوەیە، ڕووسۆ باوەڕی وابوو کە مرۆڤ پێویستە بگەڕێتەوە بۆ غەریزە سروشتییەکانی خۆی (سۆز، دڵ و دەروون، خەیاڵ، ژیانی سروشتی)، پێویستە واز لەو ژیانە ساختەیەی ژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی نوێی تەکنەلۆژیی بهێنێت و ئاوها بژیت کە سروشتی خۆی دەیخوازێ: بە هەموو خەون و خولیا و غەریزە و سۆز و هەستێکی کە لە دەروونی خۆیدا هەیە.

ڕووسۆ بەپێچەوانەی هۆبز، پێی وا نییە کە سروشتی خۆرسکییانەی مرۆڤ (کە هۆبز پێی وایە شەڕەنگێزانەن) بەرەو جەنگ و هەرا و تالان و برۆ و خراپەکاری ڕامانپێچی، بەڵکو هەموو ئەمانە خۆیان بەرەنجامی دۆخی کۆمەڵایەتی و هاتنە ئارای شارستانییەتن.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٨م بەملاوە، واتە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، چینی ئەشراف و دەرەبەگ وردە وردە دەسەڵات و ئیعتیباری خۆیان لەدەست دەدا. بەتایبەت لە ڕووی ئەخلاقییەوە، فەساد، تێکشکانی پەیوەندییەکانی خێزان، شیرازە تێکچوونی کۆمەڵایەتی زۆرتر دەبوون، باری ئابووریش ڕوو لە خراپتر بوو. وۆردزۆرث ١٧٧٠-١٨٥٠، لە ١٨١٧دا نووسی: پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانی نێوان ئەندامانی چینەکانی کۆمەڵ، لە ماوەی ئەم سی ساڵەی دواییدا یان هەر بەتەواوەتی سەرەونگوون کران یانیش بەشی زۆریان لای زۆربەی خەڵک شیرازەیان تێکچوو..».

شار قەرەباڵغتر، ئاژاوە زیاتر؛ ئیدی چوونەژێر باری قانوون و دەسەڵات و دەوڵەت شتێکی زەحمەت بوو. ئنجا دوایەش ئەورووپا شۆڕشەکانی ئینگلستان و شۆڕشی فەرەنسای ١٧٨٩ی بەسەردا هات و دنیا بەتەواوەتی گۆڕا.

بەم شێوەیە شێوازی بیرکردنەوەی خەڵک و نەوەی تازە لە شێوازی بیرکردنەوەی کلاسیکەکان جودا بووەوە. نووسەرانی نەوەی تازە ئامادە نەبوون چیتر بچنە ژێر ڕکێفی قەبووڵکردنی بیرکردنەوەی کۆنی کلاسیکەکان. نووسەرانی نەوەی تازە دەیانویست گفتوگۆ لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خۆیان بکەن و ژیانی خۆیان باشتر و خۆشتر بکەن و بەرەو پێشەوەی ببەن؛ بە شێوەیەک کە لە شارەکانی فەرەنسا، لە ٢٥ ساڵی دوایی سەدەی ١٧مدا پێنج فەرهەنگستان و لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٨ مدا بیست فەرهەنگستان دامەزران. ژمارەی ڕۆژنامە ڕوویان لە زیادبوون کرد. مرۆڤ زیاتر کەوتە ناسینی دەوروبەری خۆی و وڵاتانی تر.

سەدەی ١٧م تەنیا سروشتێکی جاویدان و عەقڵێکی نەگۆڕی هەبوو و بەس؛ دەستوورێکی گشتی سەقامی گرتبوو و نەدەبووایە لێی لابدەی. بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٨م بەملاوە ئەورووپاییەکان دركیان بەوە کرد کە ژیان و جیهان زۆر لەوە گەورەتر و فراوانترە کە کلاسیکەکان تێی گەیشتبوون. نووسەران ئیدی چیتر پێویستی و منەتیان بەوە نەما کە بە گوێی ئامۆژگارییەکانی کلاسیکەکان بکەن لەبارەی ئەوەی کە داهێنانی ئەدەبی ببەسترێتەوە بە چەند یاسا و دەستوور و بنەمایەکی ئێستاتیکیی وشک و نەگۆڕ و لە قاڵب دراو. لە باری کۆمەڵایەتیشەوە کەوتنە یاخی بوون دژ بە سیستەمی بیرکردنەوە و ژیانە کۆمەڵایەتییە کلاسیکییەکە.

وەک لە باسی کلاسیکەکاندا بینیمان، ڕێنسانس لەژێر کاریگەریتیی چینی دەرەبەگدا سەری هەڵدا و سەدەکانی کلاسیک سەدەکانی حکوومەت و دەسەڵاتی ناوەندیی زنجیرە یەک لە دوای یەکەکانی پاشاکان بوو. ئەم قۆناغە تازەیەی ڕۆمانتیکەکانیش قۆناغی بۆرژوازییەت بوو. چونکە چینی ئەشراف و دەرەبەگ وردە وردە دەسەڵات و ئیعتیباری خۆیان لەدەست دابوو.

PDF4Kurd

ئەدەبیات و کولتووری سەردەمی ڕێنسانس ڕێگەخۆشکەرێک بوو بۆ ئەوەی درەنگتر- لە ناوجەرگەی سەردەمی ڕۆشنگەریدا – ڕۆمانسیزم سەرهەڵبدات: مرۆڤ لە دەست لێکدانەوە ئایدیالیستەکان و لە دەست هێزە غەیبییەکان ئازاد بکات و بیکات بە مرۆڤێکی دنیایی.

لە سەدەی حەڤدەوە دەبینین سۆز زیاتر بەناو مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئەورووپیدا بڵاودەبێتەوە، تەنانەت لە بواری فەلسەفەشدا دەبینین ژان ژاک رووسۆ وا باس دەکات کە مرۆڤ خۆشەویستییەکی غەریزیی بۆ خێر و خۆشەویستی هەیە، ئەمەشی لە بلیمەتایەتیی سروشتەوە وەرگرتووە.

ئەدەبیات و فەلسەفەی سەردەمی ڕۆشنگەری، لە سەدەی ١٨دا، مرۆڤی وەک ناوەندێکی واقیع و وەک نموونەیەکی کۆمەڵگە پیشانی خەڵک دا. جۆن لۆک ١٦٣٢- ١٧٠٤ دامەزرێنی ڕۆشنگەری لە بەریتانیا، ئەوەی ڕوونکردەوە کە مرۆڤ هەر بە غەریزە بیروبۆچوون و شەڕ یان خێری لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتووە – ئەوەی کە فەلسەفە ئایدیالیییەکەی دیکارت باوەڕی پێ بوو. جۆن لوک هەموو شتێکی گەڕاندەوە بۆ ژینگە و ئەزموونەکان: «مرۆڤ خۆی بەرپرسی یەکەمە لە ئاسوودەبوون یان بەدبەختبوونی مرۆڤ». ئەم بۆچوونەی لۆک نەک تەنیا بۆ ڕۆمانسییەکان شتێکی تازە بوو، تەنانەت دواتر ریالیستەکانیش سوودیان لێی وەرگرت.

هەروەها هەر لە سەدەی ١٨مدا، لای لیسنک و دیدرۆ، کێشەی هونەر، دیسان دەبێتەوە جیهانبینیی تاکەکەس. دنیا لەپێش چاوی تاکەکەس وردە وردە دەدۆزرێتەوە، دەبێتە ناوەندێکی دنیا.

لە سەدەی ١٨مدا خەڵک دەمێک بوو دەستیان کردبووە خۆفێرکردنی زمانە ناوچەییەکان، ئەمەش لە قوتابخانە عەلمانییەکانی دەرەوەی کەنیسەی قەشەکاندا. کەواتە، فێربوون و بەکارهێنانی زمانە ناوچەییەکانی غەیری لاتینی، وردە وردە، ببووە هۆی ئەوەی کە خوێندەواری وەک ئیمتیازێکی کەنیسە و پیاوانی دینی نەمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە وای لێهات کە خوێندەواری مۆرکێکی عەلمانی بەخۆوە بگرێت و ڕۆشنبیرییەکی فراوانتر بگرێتەوە.

دەسکەوتێکی دیکەی سەردەمی ڕێنسانس دروستبوونی دەوڵەت – نەتەوە بوو، واتە دروستبوونی دەوڵەت لەسەر بنچینەی نەتەوە. ئەمە وای کرد زمانی لاتینی کە زمانی نووسینی زۆربەی نەتەوەکانی ئەورووپا بوو وردە وردە بداتە پاش و زمانی نەتەوەکان برەو بسێنێ و هەر نەتەوەیەک زمان و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی خۆی ببووژێنێتەوە و ناسیونالیزم سەرهەڵبدات.

سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزم لە ئینگلستاندا

ڕۆمانسیزم، لە سەرەتادا، هاوکاتی ئەڵمانیا، لە ئینگلستاندا سەری هەڵدا.

شاعیرانی «دەریاچەخواز» یان لاکیستەکان Lakistes دەستەیەکی شاعیرانی ئینگلیز بوون، لە دەوری دەریاچەکانی باکووری ئینگلستان دەژیان. لە نێوان ساڵانی ١٧٩٨ و ١٨١٥دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری ڕۆمانتیکانەی خۆیان بڵاوکردەوە.

لە هەموو ئەو شاعیرانە ناودارتر: ویلیام وۆردز وۆرث ١٧٧٠- ١٨٥٠ W. Wordsworth کە بە "شاعیری سروشت" ناودارە. وەسفی ژیانی گوند و غەزەلەکانی و هەستی پاک و سادەیی و ڕەوانیی شیعرەکانی ئەو نموونەیەکی دیاری ڕۆمانسیزمی ئینگلیزین. وۆردزۆرث یەکەمین شاعیری ڕۆمانسییە کە بۆ یەکەمین جار ڕۆمانسیانە کەوتبێتە بیرکردنەوە لە چینی هەژار و جوتیار و چەوساوەکان و ژیانی کولەمەرگی و ناڵەباری ئەوانی دەربڕیبێ.

PDF4Kurd

وۆردزۆرث لە پێشەکیی ئەو دیوانە شیعرە هاوبەشەدا کە لەگەڵ کۆلریدج پێکەوە لە ١٧٩٨دا بڵاویان کردەوە، نووسیی: «ئامانجی سەرەکیمان لەم هەڵبەستانە ئەوەیە کە ڕووداو و هەڵوێستەکان لە ژیانی عادییەوە هەڵبژێرین و چەندی پێمان بکرێ بە زمانێک وەسفیان بکەین کە زمانی خەڵک بێت..»

شاعیرێکی دیکەی ئینگلیز: کۆلێریج S. T. Coleridge کە ژیانێکی بێ سەر و سامانی هەبوو، زۆربەی ژیانی بە حەشیشەکێشان بەهەدەرچوو. شیعرەکانی پڕن لە خۆشەویستی و غەم و پەژارە و نهێنی. کاریگەریی فەیلەسووفی ئەڵمانی، ئیمانوێل کانتی بەسەرەوە بوو.

ناودارترین شیعری کۆلێریج بریتییە لە «دەریاوانە پیرەکە» کە لەناو دیوانی «لیریکاڵ بالاد»دایە کە پێکەوە لەگەڵ وۆردزۆرث لە ١٧٩٨ بڵاوکرایەوە. حوسێن عەلی وەلی تەرجەمەی کردووە و لە گۆڤاری ڕامان، ژ ٣٧، ل ١٤٣-١٥٣ بڵاوکراوەتەوە.

لۆرد بایرۆن ١٧٨٨ - ١٨٢٤ L. Byron تەئسیرێکی یەکجار گەورەی هەبوو بەسەر پەرەسەندنی ڕۆمانتیزم لە ئەورووپادا. لە ١٨١٥ تا ١٨٥٠ بایرۆن ببووە مۆدێلێک و هەموو گەنجە هەستناسکەکان لاسایی شیعرەکانی ئەویان دەکردەوە. هەر هەموو ئەم شاعیرانە خولیای سەفەر و جەربەزەیی و ئازادی و خۆشەویستی بوون.

جگە لەمانە شیللی ١٧٩٧- ١٨٥١ P. B. Shelley خاوەن ڕۆحییەتێکی شیعریی لێوانلێو لە ئەڤین و شت و جوانی و ئازادی بوو. لایەنگری شۆڕش و شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێشان بوو لە بواری سیاسەت و ئەخلاق و دیندا، بەڵام ئەم بیرانەی بەشێوەیەکی سادە و خەیاڵیانە دەردەبڕی.

شایانی باسە، کۆلێریج و شیللی و بایرۆن، هەرسێکیان کاریگەریی بۆچوونەکانی شلێگڵی ئەڵمانییان بەسەرەوە هەبوو: ئەمەش لە ڕێگەی کتێبەکەی شلێگڵەوە کە لە ١٨١٥ تەرجەمەی ئینگلیزی کرابوو.

جگە لەم شاعیرانە کیتس بایەخێکی زۆری دەدایە جوانی و ئازادی لە شیعرەکانیدا. ولیەم بلیک (بلاک) و کراب و کلێر.. شاعیرانی دیکەی ڕۆمانسیزمی ئینگلیزن.

لەناو ڕۆماننووسە ڕۆمانسییە ئینگلیزەکانیشدا والتەر سکووت Walter Scott بە بڵاوکردنەوەی چەند بەرهەمێکی وەکو بۆب ڕۆی Bob Roy و ئیڤانهۆ Ivanhoe ڕۆمانی مێژوویی هێنایە ناو ئەدەبیاتی تازەوە و لەلایەن ڕۆماننووسانی ڕۆمانسیی وڵاتانی دیکە لاسایی کرایەوە: لە فەرەنسا ڤیکتۆر هووگۆ (نۆتردامی پاریس) و (مێریمی)ی نووسی، ئەلکزاندەر دووماس (سێ تفەنگدار) و (چیرۆکی مۆنت کریستۆ)ی نووسی؛ لە ڕووسیا گۆگۆل (تاراس بۆلبا)ی نووسی.

ڕۆمانسیزم لە ئەڵمانیا

ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی بە سەر دوو نەوەدا دابەش دەکرێ:

١- یەکەمین نەوەی ڕۆمانسییەکان گرووپی برایانی شلێگڵ Shelegel بوو (فردریک شلێگڵ و ویلیام شلێگڵ)، کە لەساڵی ١٧٩٧ لە شارەکانی بەرلین و ئیێنا سەری هەڵدا و تا سەرەتای سەدەی ١٩م بەردەوام بوو.

ئەم دوو برایە دەستوور و بنەماکانی هونەر و درامای ڕۆمانسیزمیان لێک دایەوە و کورتەیەکی مێژوویێشیان لەبارەیەوە نووسی و پاشان لە سەرەتای سەدەی ١٩مدا تەرجەمەی ئینگلیزی و فەرەنسی کرا. نووسەرێکی ناوداری دیکەی سەر بەم گرووپە ئۆگەست ڤێلهێلم (١٧٦٧- ١٨٤٥) بوو.

PDF4Kurd

ئەم یەکەمین گرووپەی رۆمانسییە ئەڵمانییەکان پێیان دەگوترا رۆمانسییەتی ئیێنا .

لەم قۆناغەدا گۆتە شیعر و رۆمان و شانۆنامەکانی خۆی یەک لەدوای یەکتر بڵاوکردەوە، تەئسیریان نەک تەنیا بەسەر ئەڵمانیا بەڵکو بەسەر هەموو ئەورووپادا هەبوو. هەروەها فرێدریک شیلەری ئەڵمانی ١٧٥٩- ١٨٠٩بە شیعر و شانۆنامەکانی. هۆلدێرن و نۆڤالیس١٧٧٢-١٨٠١ بە شیعر. ئەم چوار نووسەرە کۆڵەگەی بنەڕەتیی قۆناغی یەکەمی رۆمانتیسمی ئەڵمانین.

٢- نەوەی دووەمی رۆمانسیزمی ئەڵمانی لە ساڵانی ١٨١٠ و ١٨٢٠ بەملاوە دەست پێدەکات لە شاری هایدلبێرگ، بۆیەش پێی دەگوترێ رۆمانسییەتی هایدلبێرگی.

بەم شێوەیە، رۆمانتیسمی ئەڵمانی لە چارەگی یەکەمی سەدەی نۆزدەم بەملاوە هێزێکی زیاتری پەیداکرد. وردە وردە ئەم نووسەرانەش دەرکەوتن: هۆفمان ١٧٧٦- ١٨٢٢لە بواری چیرۆکی خەیاڵیدا، هنریش ڤۆن کلێیست Kleist لە بواری شانۆنامەدا، ئارنیم١٧٨١- ١٨٣١ لە بواری شیعر و چیرۆکدا.

ئەم نەوە تازەیە، لە چاو نەوەی پێشوو، زیاتر بایەخیان بە تاکڕەوی و دەربڕینی مرۆڤ وەک تاکەکەس دەدا.

رۆمانتیسمی ئەڵمانی دوای جەنگی سەربەخۆیی ئەڵمانیا، لە کۆتایی سەدەی ١٩دا، گۆڕانی بەسەردا هات و شێوەیەکی بەدبینانەی وەرگرت.

رۆمانسیزمی فەرەنسی

رۆمانسیزمی فەرەنسی لەژێر کاریگەرێتیی رۆمانسیزمی ئینگلیزی و ئەڵمانیدا چووزەرەی دەرکرد؛ ئەمەش لەو کاتەی کە شاتۆبریان ١٧٦٨ - ١٨٤٨ بۆ یەکەمین جار بەرهەمی نووسەرە ئینگلیزەکانی، هەروەها مەدام دو ستاییل بەرهەمی نووسەرە ئەڵمانییەکانی وەرگێڕایە سەر فەرەنسی. ئەمە جگە لەوەی بەرهەمەکانی ژان ژاک ڕووسۆ خۆیشی لە فەرەنسادا کاریگەریی هەبوو.

لە کاتی سەرهەڵدانی رۆمانسیزم لە فەرەنسادا، یەکسەر بەرهەمی نووسەرە ئینگلیز و ئەڵمانییەکانی وەک والتەر سکووت و ریچاردسن و یانگ و گۆتە و شیلەر ناوبانگیان پەیدا کرد و بوونە سەرمەشقی لاساییکردنەوەی نووسەرانی فەرەنسی.

یەکەم بەرهەمی شیعریی رۆمانسیزمی فەرەنسی، کە رۆمانسیزمی پێ چەسپا، لە ساڵی ١٨٢٠ لە لایەن لامارتین١٧٩٠ - ١٨٦٩ بڵاوکرایەوە کە دیوانەشیعرێک بوو بە ناونیشانی (چەند ڕامانێکی شیعری Mediations poetiques) کە سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا و نەوەی گەنجی رۆمانسیەکان بە رێبەری خۆیان لە قەڵەمیان دا. شیعری دەریاچەی تێدا بوو. ئەم هەڵبەستانەی لامارتین ئەوکات لەگەڵ رێبازی سەپاوی کلاسیکەکان یەک نەدەهاتنەوە.

لە بواری شانۆنامەشدا شانۆنامەیەکی ڤیکتۆر هووگۆ بوو بە ناونیشانی هێرنانی لە ساڵی ١٨٣٠دا، کە ئەویش وەک بەرهەمێکی رۆمانتیک پێشوازییەکی گەورەی لێکرا و سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا .

ئنجا پاشان رەخنەگری فەرەنسی، سانت بۆڤ Saint- Beuvee ، توانی بنەڕەتێکی تیۆری و رەخنەیی لە بارەی بنەماکانی رۆمانسیزم دابڕێژێت، وتی: "گوڵی شیعر لە ژێر پێی ئێمەدا دەکرێتەوە". مەبەستی بۆڤ لەم وتەیە ئەوە بوو کە ئێمەی رۆمانسی گوڵی شیعری کۆن و کلاسیک لە ژێر پێی خۆماندا دەپلێشێنینەوە و گوڵەشیعرێکی دیکە

PDF4Kurd

(ڕۆمانسی) لە جێگەی ئەم ڕەفزکردنەوەیەی کلاسیکدا دەڕوێتەوە.

لە فەرەنسا نوێنەری فیکری ڕۆمانسیزم ژان ژاک ڕووسۆ بوو، کە ڕۆح و هەستە پڕ جۆش و خرۆشەکانی نەک تەنیا لە "دانپیانان" و "ئێمیل"دا، بەڵکو لە سەرتاپای بەرهەمەکانیدا دڵۆپەی ڕۆمانسییەتیان لێ دادەچۆڕا. بەرهەمەکانی ئەو بوونە سەرچاوەی هەرە گرنگی سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزم لە فەرەنسا و ئەوڕووپادا، لە دوو ئاراستەوە: بیری تاکڕەوباوەڕی و هەستی سروشتی.

دوای ئەو لە فەرەنسا، بێرناردان دو سانت پییێر Benardin de Saint- Pierre شوێن پێی ئەوی هەڵگرت، ئنجا ڕەخنەگر سانت بۆڤ Saint- Beuvee ئینجا پاشان نووسەرانی وەک لامارتین و هووگۆ و ئەلفرێد دوڤینی و ئەلکزاندەر دووماس (باوک) و ئەلفرێد دوموسێ ١٨١٠ - ١٨٥٧. شایانی باسە، دوو نووسەری ڕۆمانسیی وەک مەدام دی ستایل ١٧٦٦- ١٨١٧ و شاتۆبریان ١٧٦٨-١٨٤٨ کە بە ڕووسۆ کارتێکراو بوون، دژی ناپلیۆن وەستان.

پەیڕەوکردنی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە لایەن داهێنەرانی فەرەنسییدا هێندە بەهێز و پڕ جۆش و خرۆش بوو کە لە کۆتاییدا ئەدەبیاتی ئەڵمانی و ئینگلیزیش کەوتنەوە ژێر تەئسیری ئەو فەرەنسییانە.

خانمێکی ڕۆمانسی لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا، بە ناوی ژۆرژ ساند George Sand ١٨٠٤-١٨٧٦، ناوی ڕاستەقینەی ئۆرۆر دیپان DUPIN بوو، لە ڕۆمانەکانیدا ژیانی چەوسانەوەی جوتیارەکانی دەردەبڕی.

ژۆرژ ساند ناوی نهێنیی ئەوە، چونکە ئەو کات جوان نەبوو کە ژن بەرهەمی ئەدەبی بڵاوبکاتەوە. زوو شووی کرد بۆئەوەی لە دەست کۆتی خێزان وماڵی خۆیان دەربازی بێت، بەڵام ئەم شووکردنە - دوای دوو منداڵیش - ئەنجامەکەی گەیشتە تەڵاق و جودابوونەوە.

ژۆرژ ساند ئەو ژنە ڕۆماننووسەیە کە تێکڕای ئەوین و ئازار و حەز و خولیا و خەیاڵە ژنانەکانی خۆی داڕشتبووە ناو ڕۆمانەکانی خۆی. دەیگوت: " ئێمە نەوەیەکی بەدبەختین، بۆیە لەم ڕووەوە ناچارین کە بە درۆکانی هونەر خۆمان لە واقیعی ژیان دووربخەینەوە". ئەم قسەیە دەکری بە یەکێک لە خاسییەتەکانی ڕۆمانسیزم بژمێردرێت.

لە ماوەی ژیانیدا کەوتووەتە چەندین پەیوەندیی خۆشەویستیی جۆراوجۆرەوە بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەندان و نووسەران: شۆپان، ئەلفرێد دو مووسێ. لە بەرهەمەکانیدا کە بەشی هەرە زۆریان ڕۆمانن و زیاتر لە پانزە ڕۆمانی نووسیوە، ئەو گیروگرفتە تراژیدی و ناهەموارانەی دەخستە ڕوو کە ئافرەت لە کۆمەڵگای تازەی فەرەنسادا لەگەڵ پیاودا و لە ژیانی خۆشەویستی و خێزاندا ڕووبەڕوویان دەبووەوە. ڕۆمانەکانی ئەو پڕن لە عەشق و هەست و سۆز و خەیاڵ و خەون و کۆستی ژنانە. لە بواری سیاسەت و ڕۆژنامەنووسیشدا کاری دەکرد. لە جوانترین ڕۆمانەکانی ئەو: " من و ئەو" ١٨٥٩، ئێندیانا ١٨٣٢، ڤالەنتین ١٨٣٢، لێلیا ١٨٣٣.

هەروەها ستاندال Stendal (١٧٨٣ - ١٨٤٢) کە هەندێ لە ڕەخنەگران دەیبەنەوە سەر ڕێبازی ریالیزم، بەڵام ستاندال بەرهەمەکانی بریتین لە ڕۆمانسیزمێکی ڕەخنەگرانە. هەر چۆنی بێ ڕۆڵێکی مەزنی بینی لە چەسپاندنی ناوەڕۆک و بیری ڕەخنەگرانە لە ڕۆمانی فەرەنسیدا. شاکارەکەی ئەو «سوور و ڕەش» (١٨٣٠) هەروەها ڕاهیبەی پارما (١٨٣٩) بە ئەڵقەیەکی گرنگ دەژمێردرێن لە پەرینەوەی ڕۆمانسیزمی ڕەخنەگرانە بەرەو ریالیزم.

PDF4Kurd

ڕۆمانسیزم لە ڕووسیا

لە ڕووسیا: ژوکۆڤسکی Joukovsky و پووشکین۱۷۹۹ – ۱۸۳۷ Poushkine: (زندانیی قەفقاس) و (نافوورەی باغچەسەرای) و (قەرەج) و (کچەئەفسەر)؛ هەروەها لیرمۆنتۆف: ئەهریمەن، ئالوا، پاڵەوانی سەردەمەکەمان، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو بەسەر پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانتیسم.

پووشکین ئیلهامی لە بایرۆن و شکسپیر وەرگرتبوو، لیرمۆنتۆفیش لە بایرۆن و ئەلفرێد دوڤینی.

لا مارتین

ڕۆمانسیزم لە سوێد

لە سوێد: سەدەکانی ناوەڕاست" لەناو داهێنانی ڕۆمانسییەکاندا زیندوو کرایەوە. بۆیە ئەفسانە و هەڵبەستە میللییەکانی ئەسکەندەنافییەکان لە ساڵی ۱۷۵٦دا بەباشی هاتنە ناساندن. لە سوێد ڕاپەڕینێکی ڕۆمانتیکی بایەخدار سەری هەڵدا. شاعیرێکی خەرابادی و بادەپەرست، بێلمان Bellman، چەند بەرهەم و شاکارێکی ڕۆمانسیی جوانی نووسی، هەروەها فێردمان Ferdman چەند نامەیەکی قافیەداری نووسی(سەعاتسازی ئەفسانەیی ستۆکهۆڵم) کە بریتییە لە چەند دیمەنێکی کۆمێدی و عاشقانەی ژیانی خەڵک لە پایتەختی سوێددا. بەڵام ئەو شاعیرەی کە زۆر بەتوندییەوە یاسا و دەستووری کلاسیکەکانی خستە ژێر ڕەخنە و نەشتەرەوە تۆریلد Thorildبوو. تۆریلد لەژێر کاریگەرێتیی ژان ژاک ڕووسۆی فەرەنسیدا بوو، دەیویست کە شیعر لە وەسفی سروشت و بەیانکردنی هەست و سۆز زیاتر هیچی دیکە نەگرێتە خۆی. کتێبێکی لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (ڕەخنەی ڕەخنە). ڕۆمانسیزمی سوێدی لەم سێ نووسەرەوە و لەسەر دەستی دوو نووسەری دیکەوە بە ناوی تێگنەر Tegner و ئۆگزێنستێرنا سەری هەڵدا.

PDF4Kurd

هەندێ خاسیەتی رۆمانسییەکان

رۆمانسیزمی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، بەڵام لە خاسیەت و بنەما گشتییەکاندا یەکتر دەگرنەوە:

رۆمانتیکەکان هەست و سۆزیان لە سەرووی عەقڵەوە دەبینی و بە باشتر و جوانتریان دەزانی، هەروەها مەیلێکی زۆریان هەبوو بۆ دەربڕینی خەم و پەژارە و ماتەمین کە دواتر ئەم خەم و پەژارە و ماتەمینییە باڵیان کێشا بەسەر هەموو ئەدەبیاتی رۆمانسیدا و بووە یەکێک لە نیشانەکانی. تەنیایی و گۆشەگیری و ڕەشبینی خاسیەتی دیاری رۆمانتیکەکانن.

ئەوەی رۆمانسییەکان وەک ڕێباز هێنایانە ئارا ئەوە بوو کە ڕاستییە بیرییەکانیان نەدەکردە سەرچاوەی دەربڕینەکانیان، ئەوان وایان دەردەبڕی کە جوانی ئاوێنەی دەربڕینی ئەو ڕاستییەیە. ئەم جوانییەشیان لە هەموو توێژ و بەشێکی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا دەبینی.

تابلۆیەکی **رۆ مانسی**

شیعر، لای ئەوان چەند ناسکتر و سادەتر و ئازادتر و دڵبەندتر بووایە هێندە زیاتر دەچووە دڵەوە. شیعری رۆمانسی واتا و مەبەستەکانی لە سنوورە دیاریکراوەکانی ئەو سەردەمە دەربازکرد. بڵاوترین بوار لە هەڵبەستی رۆمانسیدا "خۆشەویستی" بوو. گۆرانی و بەستەیان دەکردە هەوێن بۆ زۆر مەبەستی گرنگی خۆیان. گۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانیان بەکاردەهێنا بۆ دەربڕینی ڕووداوە ماتەمییەکان و گلەیی کردن لە چەپۆکی دەستی گەردوون. ڤیکتۆر هووگۆ بەتوندی ڕووی ڕەخنەی کردبووە شێواز و ڕوخسار و ڕەگەزە شیعرییەکانی ئەو کاتەی سەردەمی کلاسیزم، چونکە ژانرە شیعری و جۆرەکانی شیعر لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، ڕەنگی سواوی و بێ ئومێدیی لێ نیشتبوو؛ لە سنووری بابەتە کۆنەکان زیاتر هیچ جۆرە هەنگاوێکی نوێی ئەوتۆی پێوە نەدەبینرا. رۆمانسییەکان لە ڕووی برگە و ڕوخسار و ئاوازی

PDF4Kurd

هەڵبەستەوە بەزۆری گرنگییان بە سۆنێت Sonnet دەدا، کە دوو شاعیری ئیتاڵی دانتی و بنزارین دایانهێنابوو و لە ٤ بەش پێکهاتبوو، ٢ لەو ٤ بەشە چوارین بوون کە هەر یەکەیان لە ٢ بەیت پێکهاتبوو، ٢ بەشەکەی دیکە سێیین بوون.

هەروەها رۆمانسییەکان روویان دەکردە بیرکردنەوە لە باسە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکان لە سنووری عاتیفەیەکی خۆییەوە.

لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا متووی ژیانی منداڵی و گوند و سروشت بوون، بۆیە زۆربەیان - هەم لە ژیان و هەم لە نووسین و داهێنانی هونەریدا - بەرەو باوەشی سروشت و گوند دەگەڕانەوە؛ ئەمەشیان وەک یاخیبوونێک دژ بە ژیانی جەنجاڵی ناو شار و شارستانییەت دەردەبڕی.

هەندێکیشیان شۆڕشگێڕانە دژ بە جیاوازیی چینایەتی دەوەستانەوە، داوای یەکسانی و ئازادی و ئاسوودەیی کۆمەڵایەتییان دەکرد، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی خەیاڵی و بە دەربڕینی هەست و سۆزی ناسک و ماتەمینبار، نەک بە دۆزینەوەی چارەسەری ئایدیۆلۆژی و بەرنامەدار.

مەیدانی راستەقینەی زۆرانبازیی کلاسیزم و رۆمانسیزم شانۆنامە بوو، کە بە شانۆنامەی کرۆموێل Cromwell ی ڤیکتۆر هووگۆ ١٨٠٢ - ١٨٨٥ دەستی پێکرد، کە لە ١٨٢٧دا لەگەڵ پاشبەندێکی گرنگ بڵاوکرایەوە و کارێکی زۆریان کردە سەر گۆڕانی تێگەیشتنی فەرەنسییەکان لە بارەی شانۆ و بەرەو چەسپانی بیری رۆمانسیزم لە شانۆدا. دوای ئەویش چەند شانۆنامەیەکی گرنگی ئەلکزاندەر دووماس و ئەلفرێد دو ڤینی لە ١٨٣١ و ١٨٣٥ دا بڵاوکرانەوە.

لە شانۆی کلاسیزم تاکەکەس بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام رۆمانسییەکان بایەخیان بە تاکەکەس دا و لایەنە تایبەتی و دەروونییەکانی ژیانی تاکەکەسیان دەردەبڕی. ڤیکتۆر هووگۆ لە پاشبەندێکی کۆتایی

ژۆرژ ساند

ئەو ژنەی کە نازناوێکی پیاوانەی بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆی هەڵبژارد - لە ترسی کۆمەڵگەی فەرەنسیی ئەوکات

PDF4Kurd

شانۆنامەی کرۆمویڵ Cromwell دا، کە لە ١٨٢٧دا بڵاوکراوەتەوە و ئەم پاشبەندە بە مەرامنامەی رۆمانسیزم دەژمێردرێت، دەڵێ:"شانۆ ئاوێنەیەکە کە پێویستە هەرچی شتێکی لە دنیا و مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە دەبێ تێیدا رەنگ بداتەوە".

کلاسیکەکان بایەخێکی ئەوتۆیان بە رۆمان نەدەدا، بەڵام رۆمانسییەکان رۆمانیان بووژاندەوە و بایەخێکی زۆریان - لەچاو کلاسیکەکان - بە نووسینی دەدا. هەر لە سەردەمی رۆمانسییەکانیشدا بوو کە رۆمانی شەخسی Roman pesonnel و رۆمانی مێژوویی و رۆمانی عەشق و رۆمانی دەروونی سەریان هەڵدا. ئەمەش لە ئەنجامی بایەخدانی قووڵی نووسەرانی رۆمانتیک بە ژیان و تاکەکەس و عەشق و رووداوەکان و رابردوو. چیرۆکنووسی رۆمانسی هەتا پێی کراوە زیاتر لە خۆی دوواوە، لایەنە دەروونییەکانی خۆی بەشێوەیەکی ئاشکرا و بێ پەردە دەربڕیوە.

والتەر سکووت و لامارتین و ئەلفرێد دو مووسێ (دان پیانانەکانی کوڕێکی سەردەم) و ڤیکتۆر هووگۆ (ئاخرین رۆژی حوکم بەسەر دراوێک، کرێکارانی دەریا، خەندەلێو، بێنەوایان) هەروەها ژۆرژ ساند لە رۆماننووسە ناودارەکانی رۆمانسیزمن.

رۆمانسییەکان توانییان نوێخوازی وەک دیاردەیەکی تازە لە بواری شیعر و چیرۆکنووسیندا ئەنجام بدەن. رۆمانسییەکان ئەم گۆڕینەیان بەرپاکرد بێ ئەوەی دەنگی بێزاری و نارەزایی کلاسیکەکان ببێتە هۆی سلکردنەوەیان.

هەڵبەستە داستانییەکانی رۆمانتیکەکان لە باری بیر و هۆشەوە خەیاڵیتر و ئەفسانەییتر بوون لەچاو هی کلاسیکەکان. وەک خەون و تارمایی، سۆزی دەروونی زاتییانەی شاعیری رۆمانتیک، بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبیندران، ئەمەش بە خۆ هاوێشتنە ناو مێژووی نیشتیمانی و کەلەپووری باو و باپیران و فۆلکلۆری دێرینیانەوە، بەپێچەوانەی کلاسیکەکان.سەرتۆپی ئەم



ژان ژاک رووسۆ

PDF4Kurd

نووسەرانەش والتەر سکووت بوو.

لەو سەردەمە تازەیەدا نووسەر و هونەرمەند و شاعیران لە توێژە جۆراوجۆرەکانی خوارەوەی میللەت بوون. ژیانی میللی و هەستی نەتەوەییان دەردەبڕی و سوودیان لە کەلەپووری نەتەوەیی وەردەگرت لە ئەدەبەکەیاندا. لەم ڕووەوە، "سەدەکانی ناوەڕاست" داهێنانی ڕۆمانسیەکان زیندوو کرایەوە. بۆیە ئەفسانە و هەڵبەستە میللییەکانی ئەسکەندەناڤییەکان لە ساڵی ١٧٥٦دا بەباشی هاتنە ناساندن و لە ساڵی ١٧٥٦دا هەڵبژاردەیەک لە گۆرانییە میللییە ئینگلیزییەکان بڵاوکرانەوە. بەتایبەتیش قەشەیەکی ئینگلیزی، ماکفێرسۆن Macpherson، لە ١٧٦٠دا کۆمەڵێک پەخشانی ئاهەنگداری ئینگلیزیی بە ناونیشانی تەرجەمەی شیعرەکانی ئۆسیان Ossian، (کە شاعیرێکی سکۆتلەندی بوو لە سەدەی ٣ی زایینیدا دەژیا) بڵاوکردەوە. پاشان دەرکەوت کە بەشی هەرە زۆری ئەو شیعرانە نوسراوی خودی ئەو قەشەیە بووە. کاریگەرێتیی ئەم شیعرانە بەسەر سەرتاسەری نووسەرانی ڕۆمانتیکی ئەورووپی شتێکە ئینکار ناکرێ. بۆ نموونە گۆتەی شاعیری ئەڵمانی کە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە دامەزراندنی بنەماکانی ڕۆمانسیزم لە ئازارەکانی ڤارتەر" دا بەشێک لەو شیعرانەی ماکفێرسۆنی تەرجەمە و نەقل کردووە. هەروەها مەدام دو ستاییێلی فەرەنسی، هاندەر و بڵاوکەرەوەی ڕۆمانسیزمی فەرەنسی، ئەم شیعرانەی ماکفێرسۆنی لە هەموو بەرهەمەکانی هۆمێری کلاسیک بە جوانتر و پایەدارتر لە قەڵەم داوە.

لە ئەڵمانیاش ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاست بووە جێی سەرنجدان و لێ وردبوونەوە. لە ئیسپانیا گۆرانییە میللییە کۆنەکان و لە فەرەنسا شیعرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست زیندووکرانەوە. بەرهەمەکانی شکسپیر

شۆپان

مۆسیقاژەنی ڕۆمانتیکی پۆڵۆنی

PDF4Kurd

بەتایبەتی لە ئەڵمانیا ڕەونەق و ڕەواجێکی زۆری پەیداکرد، لە ئیتاڵیاش دانتی تازەبووەوە. هەروەها ئەدەبیاتی ئینگلیزیش لەم بوارەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا.

ڕۆمانسیزم لە هونەردا

ڕۆمانسیزم لە هونەری نیگارکێشیدا دژی نواندنی ئەکادیمییەت و کلاسیزم دەوەستێتەوە و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا سەرکەوتنێکی تەواو وەدەست دەهێنێ. ئەمەش بە هۆی ئەو دەربڕینە هونەرییە ڕەمەکی و یاخیگەرانەی (کە گۆیای ئیسپانی Goya بڵاوی کردەوە) دژی ئەو ساردی و عەقڵخوازییەی کە لە نیگاری کلاسیکەکاندا فەرمانڕەوا بوو.

ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە هۆی شۆڕشی فەرەنسا ڕوویاندابوو تاکەکەسیان ڕووبەڕووی خۆی و واقیعێکی تازە کردبووەوە، ڕووبەڕووی کابووس و خەون و ئازارە تایبەتیە شەخسییەکانی.

ژێریکۆلت Gericault ئەم بابەتانەی دەردەبڕی. تەنیایی، شەو، ترس، ئازار، ناخۆشی.

مردن تێکەڵ بە کولتوور و ڕووناکی و خۆشییەکانی ژیان ببوو لای هونەرمەندی ڕۆمانسیدا. هەروەها نیگارکێشە ئینگلیزەکانیش، وەکو توورنەر Tourner، کۆنستابل Constable، بۆنینگتۆن Bonington ڕوویان کردە نیگارکێشانی سروشت و دیمەنە سروشتی و کێوییەکان، هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی خەیاڵی بەبرشتی خۆیاندا. ئەمەش تازەهاوردێک بوو لە بواری بینینی شێوەکاریدا و بەتایبەت لە بواری بەکارهێنانی (ئاکوارێل)ئاوڕەنگدا.

لە نیگارکێشانی ڕۆمانتیک: ولیەم بلاکی W. Blake ئینگلیز، فرێدریکی Freidrich ئەڵمانی. لە فەرەنساش: یۆژین دولاکروا DELACROIX، ئووبێرت ڕۆبێرت H. Robert، گرۆ Gros، ژێریکۆلت.

هوگۆ

PDF4Kurd

لە بواری مۆسیقاشدا مۆسیقاژەنان پەیوەندیی خۆیان بە ئیقاعی کلاسیک پچڕی و ڕوویان کردە دەربڕینی مۆسیقایی سۆزاوی و دەربڕینی بیر لە ڕێگای زمانی مۆسیقاییەوە. هەر بۆیەش گۆرانییە میللییەکان پەرەیان زیاتر سەند و تێکەڵ بە مۆسیقای هاوچەرخ بوون، ئەمەش لەسەر دەستی شووبێرت Schubert ؛ هەروەها پیانۆش بڵاوبووەوە و پەرەی سەند، ئەمەش لەسەر دەستی شۆپان Chopin، هەروەها بۆیە ئۆرکێستراش پەرەی زیاتر سەند و بڵاوبووەوە لەلایەن بێرلێۆز Berlioz و درامی لیریکیش لەلایەن واگنەر Wegner و ڤێردی Verdi.

بنەما و دەستوورەکانی ڕۆمانسیزم

ڕۆمانسییەکان لە بارەی بنچینە و دەستوورەکانی خۆیان بیروڕای دژ بەیەک و ناکۆکیان هەیە. ئەم پرەنسیپانەی خوارەوە هەرە دیار و گرنگەکانن:

١- ئازادی

ساڵی ١٨٣٠ (کە ساڵی بڵاوبوونەوەی شانۆنامەی هێرنانیی ڤیکتۆر هووگۆیە) بە ساڵی شۆڕشی ڕۆمانسیزم دەژمێردرێ لە فەرەنسا، چونکە لەو ساڵەدا هووگۆ و برادەرەکانی لە گۆڤارێکی خۆیاندا ڕۆمانسیزمیان بە سیفەتی ئازادیی هونەر و تاکەکەس ناساند.

تابلۆیەکی **ڕۆمانسی**

بە لای ئەم گەنجە ڕۆمانسییانەوە، ئەوەی کە ئیلهام دەبەخشێت و بە مانای ژیان لە قەڵەم دەدرێ: " ئەڤین و هۆگرییە". ئەم ئەوین و هۆگرییە پێویستە ئازاد بێت. هونەرمەند مافی ئەوەی هەیە کە لەبارەی کۆمەڵ و قانوونە ئەخلاقییەکان داوەری بکات و بیروڕای هەبێ، ئەمەش لەپێناو هێنانەئارای زەمینەیەکی پێشکەوتووتر. ئەدەب و هونەر نابێ بە قانوونی ئاوها ببەسترێنەوە کە عەشق و هۆگری و پەیوەندی و خەیاڵ سنووردار بکەن.

ئەدەبیات و هونەری ڕۆمانسی، بەپێچەوانەی ئەدەب

PDF4Kurd

و هونەری کلاسیزم، دەتوانن هەموو کێشەیەکی ژیان، چ جوان چ ناشیرین، چ بەرز چ نزم، چ باش چ خراپ بکەنە بابەتی دەربڕین و لێکۆڵینەوەی خۆیان؛ سوود لە هەموو قۆناغ و هەموو دیمەنێکی ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵ ببینن بۆ پیشاندان: واتە باسکردنی ژیانی هەر دوو چینی سەرەوەش و خوارەوەش.. نەک تەنیا دەربڕینی ژیانی چینی سەرەوە، وەک لای کلاسیزم باو بوو.

بەم شێوەیە، ڕۆمانسییەکان پێش ریالیستەکان، یەکەمین کەسانێک بوون توانییان تا ڕادەیەک دابەزنە ناو چینی خوارەی کۆمەڵ.

جاران، واتە لە سەردەمی کلاسیزمدا، ئەم ئازادییە نەبوو کە نووسەر بێت لە مەرگەساتی چینی خوارەوە بدوێت: چونکە ئەمە واتای ئەوەی دەگەیاند کە نووسەر و هونەرمەندی کلاسیک هەڕەشە دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی چینی باڵا و تێکدانی چێژی سەپاو.

ئەدەبی کلاسیکەکان لە خزمەتی چینی ئەرستۆکراتیدا بوو. جەماوەرێکی کەمی هەبوو. لە سەدەی ڕێنسانسدا کۆمەڵەی نووسەرانی چلچرا Pleiade کە ٧ نووسەری فەرەنسی بوون لە سەردەمی هینریی دووەمدا ١٥٤٧- ١٥٥٩ ئاشکراتر لە کلاسیکەکان داوای بە سووک سەیرکردنی عامەی خەڵکیان دەکرد و هونەریان تەنیا بە هی دەستەی هەڵبژاردە دادەنا. ڕۆمانسییەکان لەمەدا بەتەواوەتی پێچەوانەی کلاسیکەکان بوون.

بیری ئازادی، هەر لە سەردەمی ڕێنسانس بەملاوە، وەک سەرەتایەک بۆ سروشتی تاکڕەوباوەڕی دەست پێدەکات. بەمەش سروشتێکی تاکەکەسییانە وردە وردە دەنووسێتە سەر بیر و بۆچوون و ڕاستییەکان. لێرەوە، بیر و بۆچوونەکان دەشێ قووڵ بن، بەڵام مەرج نییە ڕاست بن: گرنگ ئەوەیە بەگوێرەی کەسەکە خۆیەوە ڕاستگۆن. لێرەشەوە، هونەرمەند توانای خۆی و ئازادیی خۆی وەدەست دێنێتەوە. بۆیەش مافی خۆیەتی لە هەموو شتێک تێ بگات.

لۆرد بایرۆن

ئەو ئافرەتەی کە ئاڵای فەرەنسای بەرز کردووەتەوە و

PDF4Kurd

وەپێش کۆمەڵێک شۆڕشگێڕ کەوتووە (کە تابلۆیەکی یۆژین دی لاکروا)یە، بەیەکێک لە تابلۆ رۆمانسیە ناودارەکان دەژمێردرێت و نیشانەکانی ئازادی و ئازادبوونی تێدا دیارە، لە هەموو روویەکی هونەری و ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە.

٢- تاکەکەسی و تاکرەوی Le Moi

هونەرمەندی رۆمانتیک فەرمانرەوایەتیی من لە هونەردا دەچەسپێنی و تاکرەویتی لە جیاتی کۆمەڵرەوی دادەنێ: خولیا و کەڵکەڵە و بیر و ئارەزووەکانی خۆی بەیان دەکات. جاران هونەرمەندی کلاسیک ئەگەر بیویستایە مرۆڤێکی کۆمەڵخوازی وەسف بکردایە دەهات شەخسیەتێکی لە مێژوو یا لەنێو ئەفسانەیەکەوە هەڵدەبژارد، بەڵام هونەرمەندی رۆمانتیک خودی خۆی لە جیاتی ئەو شەخسییەتە مێژوویی یان ئەفسانەییە هەڵدەبژارد و خۆی دەکردە نموونەی هاوجۆرانی خۆی.

ئەلفرێد دو ڤینی

فەیلەسووفی فەرەنسی، مۆنتاین، یەکێک لە یەکەمین فەیلەسووفەکانی تاکرەوباوەری لە سەردەمی رێنسانسدا، جوان بیری تاکرەوباوەری روون دەکاتەوە و دەڵێ: «من بەجەسارەتەوە گۆشەنیگای خۆم دەردەبرم (چونکە، بیر، پێش هەموو شتێک، گۆشەنیگایەکی شەخسییە و سروشتێکی تاکەکەسیيانەی هەیە. رای من لەبارەی شتەکان نابێتە پێوەر بۆ شتەکان، تەنیا وەک پێوەرێکی بینینی تایبەتی من بۆ شتەکان حسێبی بۆ دەکرێت. من ئەوەندەم بەسە کە بۆ پێشکەشکردنی مەعریفەیەک، پێشبینیی خۆم وێنا بکەم. هەر لە رێگەی ئەمەشەوە پێشبینییەک - لە بارەی شتەکانەوە نا - لە بارەی خۆم دەردەبرم. سروشتی ئەو مەسەلانە گرنگ نین کە دەریان دەبڕم، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە من بە چ رێگایەک و چۆن دەروانمە مەسەلەکان».

بەم شێوەیە، ئەم بۆچوونە تازەگەرەی نووسەرانی سەردەمی رێنسانس کە مۆنتاین یەکێک بوو لەوان،

PDF4Kurd

زەمینەی خۆش کرد بۆ رۆمانسییەکانی سەدەی دواترکە بەتەواوەتی ئازاد بن و ئازادانە بیر بکەنەوە: باوەڕی زیاتر بە توانا و ڕۆڵی تاکەکەس بهێنن.

ئەم بۆچوونەی مونتاین، تەنانەت بەگوێرەی سەردەمی ڕێنسانسیشەوە تازە بوو: جارێ هێشتا سرڤانتس و شکسپیریش تێگەیشتنی جیهان و ڕووبەڕووبوونەوەیان لە چاوی پاڵەوانەوە تەماشا نەکردبوو. لەو سەردەمەدا، پاڵەوانەکانی شکسپیر تازە دەستیان پێ کردبوو شوێنپەنجەی تاکەکەسیانەی خۆیان بەسەر دنیاوە بەجێ دەهێشت.

لە سەرەتادا بینینی شەخسی و گۆشەنیگای تاکڕەوانە بۆ جیهان وەک شزووزێک و تەنانەت موستەحیل دەهاتە بەر چاو. لەپێناو دەربڕینی دنیای ناوەوەی تاکەکەس لە جیاتی هەمیشە بەرچاوخستنی دنیای دەرەوەی بابەتی، مەرجێک هەبوو: خەونێک کە لە ڕێگەیەوە خواوەند هوشیارییەکی لە مێشکی مرۆڤدا - لە مێشکی هونەرمەنددا - دروست بکردایە (وەک خەونی کۆمێدیای حواوەندانەکەی دانتی)، یانیش دروستبوونی وەهم و جۆرێک لە شێتایەتی (وەک لای دۆن کیشۆت دەبینین). بێگومان ئەم خەون و وەهم و هەلوەسە و شێتایەتییەش، وەک هوشیاربوونەوەیەکی تاکەکەسیانە وایە کە تازە خەریکە گەراکانی خۆی لەناو بیری ئەورووپیدا دادەنێ.

ئەلفرێد دوو مووسێ

بەم شێوەیە دەبینین تراژیدیا - لە شانۆنامە و چیرۆک و ڕۆماندا- ئەگەر لای کلاسیزم تراژیدیای چینی ئەرستۆکرات بێت (یۆلیۆس قەیسەر، شا لیر..)، دەبینین تراژیدیا لای ڕۆمانسییەکان دەبێتە تراژیدیای تاکەکەس (ئازارەکانی ڤارتەر).

هەر لە ئەنجامی ئەم بایەخدانەش بە خود و بە تاکەکەس، دەبینین لای ڕۆمانسییەکان هونەری بایۆگرافیا پەرەدەستێنێ و ژانری ژیاننامە دەبووژێتەوە.

PDF4Kurd

٣- هەڵچوون و سۆز و خرۆش

دەبێ بزانرێ، لای رۆمانسییەکان، لەپاڵ عەقڵدا، دڵ و هەست و سۆزیش دنیایەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە. لای مرۆڤ هەست و نەست پێش فیکر و عەقڵ دەکەوێت؛ هەروەها ئارەزووش زیاتر لە هەقیقەت کاریگەرێتیی هەیە. لەم رووەوە، بە رای رۆمانسییەکان، پێویستە هەست و هەوەسەکانی رۆح، پێشچاو بخرێن و لێیان بکۆڵدرێتەوە. ئەلفرێد دی مۆسییێ دەیگوت: "ئێمە دەبێ ورێنەکانیشمان بنووسین!". واتە دڵ دەبێ بێ قەید و بەند هەرچی شتێکی حەزدەکا بیڵێ، بیلێت.

دەربڕینی خەم، خەون، ئازادی، سۆز، سۆز و هەستە خرۆشەکان، تەنیایی و خەڵوەت و خۆشەویستی.. بابەتە دیارەکانی رۆمانسیزمن. لە ئەنجامی ئەم بایەخدانەی نووسەری رۆمانسی بە دەروون، لە ئەنجامی ئەم رۆچوونەی هونەرمەندی رۆمانسی بەناو کانگای تاکەکەسدا، دەبینین هونەر لە رووی دەروونناسییەوە دەوڵەمەندتر دەبێت: ئەدەب قووڵاییەکی سایکلۆژیی بەبڕشت پەیدا دەکات.

نموونەی چەند کۆپلە شیعرێکی رۆمانسییانەی ئەلکزاندەر پووشکین، شاعیری گەورەی رووسیا، - بە وەرگێڕانی عەبدوڵڵا پەشێو:

١

ئەگەر ژین درۆی لەگەڵدا کردی
خەفەت مەچێژە و دڵت نەرەنجێ
لە رۆژی رەشا باوەڕت وابێ
کە هێندە نابا خەونت دێتە جێ.

٢

دڵ بۆ دوارۆژ لێ دەدا
ئێستا مرۆڤ خەم و ژانە
هەرچی هەیە رادەبوورێ
رابردووش هەمیشە جوانە.

پاشکۆی عێراق ژ ٤٥ ساڵی ١٩٨١

PDF4Kurd

بەشێک لە هۆنراوەی

"ئەو ساتە خۆشەم هێشتا لەبیرە"

لە تەنیاییدا، لە بەندیخانەی ئەنگوستەچاودا
ڕۆژانی ژینم تێپەڕین بێ دەنگ بێ خواپەرستی
بێ ئیلهام، بێ ژین
بێ فرمێسکی گەش، بێ خۆشەویستی.

کە تۆ سەرلەنوێ وەک ئیدیالێکی ناسکی بێگەرد
خۆت پێ نیشاندام
گیان لە خەو ڕابوو، خەونەکانیشم
گەڕانەوە لام.

و: پەشێو، پاشکۆی عێراق- شوبات و ئاداری ١٩٧٨

ئیمانوێل کانت

٤- گەشت و گەڕان و ڕاکردن لە شار: بەرەو سروشت، ڕابردوو، منداڵی

تلانەوە بە دەست ئەو شوێن و کاتەی کە هونەرمەندی ڕۆمانسی تێیدا دەژی، هەروەها ئارەزووی ڕاکردن بەرەو شوێن و کاتێکی دیکە، بەتایبەتی - بە خەیاڵ - بەرەو سەردەمی منداڵی و سەردەمە کۆنەکانی چاخەکانی ناوەڕاست یان - بەڕاستی - بەرەو گوند و باوەشی سروشت خاسییەتێکی دیار و گرنگی بیرکردنەوەی ڕۆمانسییەکانە. هەر بۆیەش زۆربەی ڕۆمانسییەکان حەزیان لە گەشت و گەڕان و سەفەر دەکرد. شاعیرانی ناوداری فەرەنسی، لامارتین و شاتۆبریبان و پییر لۆتی (١٨٥٠ - ١٩٢٣) و ژیرار دو نێرڤال (١٨٠٨ - ١٨٥٥) هاتنە ئێران و تورکیا و سووریا و کوردستان و میسر (لامارتین لە سەدەی نۆزدەمدا یەکەم شاعیری فەرەنسایە کە ناوی کوردستانی هێنابێ). ئەم نووسەرە ڕۆمانسییانە بەرهەمەکانی خۆیان بە ڕۆژهەڵات دەوڵەمەند کرد.

PDF4Kurd

ئەلفرێد دی مووسێ چووە ئیتاڵیا، گۆتێ چووە ئیسپانیا و رووسیا و ئیتاڵیا، ئەلکزاندەر دووماس چووە ئیتاڵیا و ئیسپانیا، بایرۆن لە جەنگی یۆنان کوژرا.

کەواتە، مەنزڵگەی ژمارەیەکی زۆری رۆمانسییەکان لەم سەفەر و گەشت و گەڕانەی خۆیاندا: وڵاتانی رۆژهەڵات بوو. نووسەری ناوداری رۆمانسیی ئەڵمان، فریدریک شلێگل، دەیگوت: «ئێمە لە رۆژهەڵاتدا دەبێ بۆ بەرزترین نموونەی رۆمانسییەت بگەڕێین».

کەواتە، رووکردنە رۆژهەڵات و سوود وەرگرتن لە جیهانی رۆژهەڵات بنەمایەکی رۆمانسیزم بووە، هەر بۆیەش بەرهەمەکانی پووشکین و لامارتین و گۆتە و بایرۆن و هووگۆ هێندە بەهۆی ئەزموونەکان و دنیای رۆژهەڵاتەوە دەوڵەمەند کران.

رۆسۆ

رۆمانسیزم، بەم شێوەیە، لە هونەر و ئەدەبیاتی ئەورووپادا، یەکەمین کرانەوەی مەزن بوو بەرەو رۆژهەڵات. وەک ڤیکتۆر هووگۆ دەڵێ: «ئێمە لە سەردەمی لویسی چواردەمدا نێهیلیست بووین، بەڵام ئێستا رۆژهەڵاتناسین».

بایەخدانی شاعیر و نووسەرە رۆمانسییەکان بە رۆژهەڵات لە سەدەی نۆزدەمدا گەیشتە ئەوپەری پێشکەوتن. وێڕای ئەم بایەخدانە، نیگارکێشەکانیش، بە رۆڵی خۆیان، روویان کردە وڵاتانی رۆژهەڵات، ریشەی هونەریی خۆیان بەناو خەڵک و سروشتی رۆژهەڵاتدا رەگاژۆ کرد. تەنانەت رەسمکردنی دیاردە و بابەتەکانی رۆژهەڵات لەلایەن نیگارکێشە رۆمانسییە ئەوروووپییەکانەوە، لە سەدەی نۆزدەمدا بووە قوتابخانە و رەوتێکی هونەریی سەربەخۆ. ئەم قوتابخانە هونەرییەی نیگارکێشانیش، ئەمڕۆ بە ناوی رۆژهەڵاتناسی Orientalisme ناسراوە.

نیگارکێشی رۆمانسیی فەرەنسی، یۆژێن دی لاکروا، چووە جەزایر. ژێریکۆڵت بۆ تورکیا و ئێران. پووشکین چووە ئەرزەرۆم و باسی کوردە یەزیدییەکانی کرد.

PDF4Kurd

شاعیری گەورەی ئینگلیزیش، بایرۆن، چووە یۆنان و لە جەنگی سەربەخۆیی یۆناندا شەهیدبوو. تەنانەت گەلێ لە گەورە نووسەر و ڕۆماننووسە ریالیستەکانیش، بۆ نموونە گۆستاف فلۆبێرت، شەیدای ڕۆژهەلات بوون، بەهرەی بەرهەمەکانی خۆیان لە میسر و ئێران و تورکیاوە هەڵدەهێنجا.

ئەم نووسەر و هونەرمەندە ڕۆمانسییانە باوەڕیان وابوو کە کۆمەڵگای ئەورووپی کەوتووەتە خەرەندێکی قووڵەوە، مرۆڤ نرخی مرۆڤانە و بەهای ڕۆحیی خۆی لە دەست داوە. ژنی ئەورووپی بە هۆی کارکردن لە ناوەندە پیشەیی و دەوڵەتییەکان و لە کارگەکاندا هەروەها بەهۆی زێدەڕۆیی لە چوونە دەرەوەیدا، ناواخن و ڕۆڵی سروشتیی خۆی لە دەست داوە. بەم شێوەیە، خێزان، کە کۆڵەگەی کۆمەڵگایە، بە بۆچوونی ئەم ڕۆمانسییانە، داڕووخاوە.

ڕووسۆ

لامارتین، شاعیری گەورەی ڕۆمانسیی فەرەنسا، یەکێک بوو لەو ڕۆمانسییانە، کە وای دەبینی سیستەمی ژیانی ڕۆژئاوایی بەرەو ڕووخان هەنگاو دەنێت، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، وای دەبینی کە ڕۆژهەلات لانکەی لەدایکبوون و بووژانەوەیە. لەم بارەیەوە دەڵێ: " ڕۆژهەلات شانۆی شکۆمەندترین مرۆڤە".

لامارتین دەگاتە ئەو ڕایەش کە " شارستانییەتی ڕۆژهەلات هەمیشە لە سەرووی شارستانییەتی ڕۆژئاوادایە، چونکە دێرینترە، ڕەسەنایەتییەکەیشی سازگارتر و ڕسکاوترە". ڕووناکبیرێکی فەرەنسی، فرانسواز بێرەنژێ، ئەم شەپۆلەی ڕووکردنە ڕۆژهەلات لەلایەن شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی ئەورووپییەوە، لێکدەداتەوە و دەڵێ: "ڕۆژهەلات پەناگەی ئەو کەسەیە کە سەرنەکەوتووە لە خۆگونجاندنیدا لەگەڵ واقیع".

نیگارکێشە ڕۆمانسی و ریالیستە ئەورووپییەکانی سەدەی نۆزدەم، شەیدای سەفەر و جوانی و غوربەت و

PDF4Kurd

عەشقی ڕۆژهەڵات، بە دەیان ساڵ لە دەشت و دەر و شار و پایتەختە بەر هەتاوەکانی ڕۆژهەڵات ماونەتەوە و ڕەسمی ڕووبار و کچ و شار و شاخ و شەوی ڕۆژهەڵاتیان کردووە، بەدەم وێنەکێشانی جوانییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە ژیانیان بەسەربردووە. کە گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆشیان ئەو تابلۆیانەیان لە ئەکادیمیا و مۆزەخانە و گەلەری و پەیمانگا و ساڵۆنە هونەرییەکاندا هەڵواسیوە بۆئەوەی خەڵک بیانبینێت و بەو جوانییە دەگمەنانە سەرسام بن و دڵخۆش ببن.
ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لەو تابلۆیانە لە مۆزەخانەی نیشتیمانیی فەرەنسا لە پاریس پارێزراون، ئەو مۆزەخانەیەی لە ساڵی ١٨٩٠دا دامەزرا و لە ساڵی ١٨٩٣دا پێشانگەیەکی تەرخانکراوی تەنیا لەبارەی تابلۆی ڕۆژهەڵاتناسەکان پێشکەش کرد.

ئەو نیگارکێشە ڕۆمانسییانەی کە لە سەدەی نۆزدەمدا هاتوونەتە ڕۆژهەڵات و ڕەسمی جوانیی ڕۆژهەڵاتییان کردووە، ناودارترینیان ئەمانەن:

- نیگارکێشی ڕۆمانسیی فەرەنسی، یۆژین دی لاکرِوا، کە چووبووە جەزایر و باکوری ئەفریقا.
- نیگارکێشی ناپۆلسی، تۆماس ئیرنست، کە ساڵانێکی زۆر لە ئەستەمبوڵ و مەراکش ژیابوو.
- نیگارکێشی ئینگلیزی سەردەمی ڤیکتۆری، جاسێریۆ، کە چووبووە میسر و باکووری ئەفریقا.
- نیگارکێشی ڕۆمانسیی ئینگلیز، ئۆجین فرۆمێنتێن، کە بەشێکی ژیانی خۆی لە میسر بەسەربردبوو.

بە هەمان شێوە، سروشت و منداڵی پانتاییەکی فراوانیان لە ئەدەبیاتی ڕۆمانسیدا داگیر کردووە، چونکە ئەم دوو جیهانە: پاک و " بەهەشتی" و ئارامن، شاعیری ڕۆمانتیک بوونی خۆی تێیاندا دەدۆزێتەوە.
ولیەم بلیک ١٧٥٧- ١٨٢٧ نیگارکێش و شاعیری ڕۆمانسیی ئینگلیز، لە شیعرەکانیدا دەگەڕایەوە بۆ منداڵی و جیهانە جوان و بێگەردەکەی. دی مووسیێ خۆشیی لەوە وەردەگرت کە بگری بەسەر ویرانەی دڵداریدا. دڵی بەوە دەکرایەوە کە فرمێسک ببارێنی بۆ کۆنەیار، بەسەر کاولەهەوار.
بەم شێوەیە، ڕۆمانتیکەکان بەگشتی عاشقی ڕابردوو بوون. بۆ نموونە لای دی مووسیێ، گوتنی "یارێکم هەبوو" زۆر خۆشتر بووە لە "یارێکم هەیە".
نموونەی شیعرێکی ڕۆمانسییانەی ئەلفرێد دی مووسیێ، شاعیری گەورەی فەرەنسا:

دوێنێ ئارەزووی گریانم دەکرد
تەزووی پیادەهات دڵەی نامراد
هەرکە بیری تۆ و سەردانم دەکرد
هەوارگەی پیرۆز کۆنە گلکۆی یاد

سەیری ئەو گرد و هەرد و بەیارە
سەیری ئەو زیخەی بەر پێلی زیوین
سەیری بزنەڕێی ناو شاخ و دارە
جێی دەس لەملانێ و قسە و پێکەنین

PDF4Kurd

چیان بەسەر هات، ناخۆشیی ژیان
کە پیریان کردم پشتم بوو چەماو
ئۆخەی پیرەدۆڵ دۆستەکەی هاوگیان
کە تۆ دەبینم دەمکەیتەوە لاو

من بە چاوی خۆم بینیم تاکەیار
شۆڕ دەکرێتەوە ناو گۆڕێکی ڕەش
گۆڕێکی تاریک تێیدا مشک و مار
ئەو لەشە نەرمەی دەگرنە باوەش

دەبا بەسەرما بکەوتە خوارێ
قورسایی ئاسمان پانم کاتەوە
چۆن خنکاو دەگرێ توند شەپکەدارێ
هێز نییە من لە یاد جیا بکاتەوە.

و: عومەر دزەیی، کاروان ژ ١٠

٥- دۆزینەوە و بینین:

نووسەری ڕۆمانسی بەدوای دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان و دنیادا دەگەڕێت. ڕەخنەگری فەرەنسیی سەدەی ١٩م، سانت بۆف، ناو لەم دیاردەیە دەنێت " ئارەزوویەکی مەزن بۆ دۆزینەوەی نەدۆزراوە و نەناسراوەکان". هونەرمەندی ڕۆمانتیک خەیاڵ و ئومێد و پەرجوو لە جێی ڕاستی دادەنێت، زیاد لەوەی کە هەیە پابەندی پێشبینی و خەیاڵە. هونەرەکەی تێکەڵ بە موبالەغە (زێدەڕۆیی) دەکات، واتە لەو شتانە دەکۆڵێتەوە کە بوون نایلێت و پێویستە هەبێت. بەکورتی ڕۆمانسیەت جۆرێکە لە "دەروونبینی".

بۆیە، ئەگەر ئەدەبیاتی کلاسیک دۆزینەوە و موغامەڕاتی تێدا نەبووبێت، ئەوا ئەدەبیاتی ڕۆمانسیزم تژییە لە سەرکێشی لادان و دۆزینەوەی نوێ.

٦- مەسیحییەت:

خاسیەتێکی دیکەی ڕۆمانسیزم هەبوونی باوەڕی دینی مەسیحی و ڕەنگدانەوەی بیری مەسیحییە لەناو بەرهەکانیاندا.

فەیلەسووفەکانی سەدەی ١٨م لە ئەورووپا دژی دین ڕاپەڕیبوون، ڕۆمانتیکەکان بەپێچەوانەی ئەوان مەسیحییەتیان وەک پێویستییەکی دەروونی لە دڵدا زیندوو بووەوە. بۆیەش هەڵبەستی فەلسەفەی دینی – کە تارایەکی ڕەنگاوڕەنگیان بەسەر دادابوو– لای ڕۆمانتیکەکان شوێنی شیعرە زانستییەکانی کلاسیکەکانی گرتبووەوە. تەنانەت لە شیعرەکانیاندا گەلێک جار سۆفیگەرییانە باسی سروشتی گەردوونیشیان دەکرد.

PDF4Kurd

ڕۆمانتیکەکان لە ڕێگای هەست و نەستەوە بەرەو " باوەڕ" دەڕۆیشتن، بەڵام هەندێ جاریش بەرەو یاخی بوون، بۆ نموونە چامەکەی لامارتین، La chutte d un ange 1838 هەرەسی فریشتەیەک، بۆچوونێکی فەلسەفیی مرۆڤ دەردەبڕێ لە هەمبەر جیهانی ئاسماندا، واتە لە هەمبەر ئەو خوێنڕێژی و زۆر و ستەمەی کە لەلایەن مرۆڤەوە بەرامبەر مرۆڤ دەکرێ. لامارتین هەڵدەشاخێ و یاخی دەبێ.. کفر دەکات. سزای ئەو ئازار و مەینەتییە بە تۆفانێک نیشان دەدات، بۆ پاککردنەوەی زەوی لەو مرۆڤایەتییە ئاژەڵییەی کە هەیە؛ ئەو ئاژەڵییە دەکاتە ئاکارێکی نالەباری خودی مرۆڤ خۆی کە پێویستە بەم تۆفان و سێلاوە لە بیژنگ بدرێت و تەتەڵە بکرێ: بۆ گۆڕینێکی باشتر و مرۆڤایەتیەکی گونجاوتر.

شاتۆبریان دینی مەسیحییەتی زۆر خۆش دەویست، چونکە لای ئەو شاعیرانەترین دین بوو. هەر بۆیەش یەکێک لە بەرهەمەکانی خۆی ناو نا " بلیمەتیتیی مەسیحییەت". ڕۆمانتیکێکی ئەڵمانیش، فریدریک شلێگڵ، لە کتێبی مێژووی ئەدەبی نوێ و کۆندا، میوونخ ١٩٦١ ل ٢٨٤ دەڵێ: «مەسیحیترین نووسەر ڕۆمانتیکیترین نووسەرە».

٧ - خەم و پەژارە و ونبوون:

ڤیکتۆر هووگۆ بەرهەمێکی خۆی Comtemplatoins ناوناوە "بیرەوەرییەکانی ڕۆحێک". باشتر وایە ئەم ناوە بە هەر هەموو بەرهەمە ڕۆمانتیکییەکان بلێین. لە شیعرەکانی ئەم دیوانەدا گەڵای زەردی پایز، ئاهەنگی غەماوی، خۆرئاوابوون و تاریکی فەرمانڕەوان. ئەم دیاردانە، وێڕای تەنیایی و خەڵوەت و ئازاری ڕۆح، هەمان لایەنە دیارەکانی مەسیحیەتن کە لای ڕۆمانتیکەکان دووپات دەبنەوە. ژیانی دوای شۆڕشی فەرەنسا شاعیری ڕۆمانتیکی ڕووبەڕووی دنیایەکی تازەی نامۆ کردەوە. شاعیری ڕۆمانتیک هەستی بە ونبوون و سەر لێ شێوان دەکرد بەرامبەر ئەو دنیا تازەیە، هەستی دەکرد دنیای ڕاستەقینەی ئەو لەدەست چووە و ئیدی ئەو دنیایە ناگەڕێتەوە. بۆیە خەم و نیگەرانییەکی قووڵ دڵی دەڕنێت.

بابەتی ڕێبازی ڕۆمانتیکی سۆزەکانی خودی شاعیر خۆیەتی بۆیە هەمیشە لە بارەی خودی خۆیەوە دەدوێت دەڵێی خۆی ئەو جیهانە گەورەیەیە کە هەموو شتێکی لە خۆگرتووە. ئەو دەناڵێنێت، دەگری، ئازار دەکێشێت یا دەتلێتەوە وەک ئەوەی داوا لە خوێنەر بکات بەشداری لەگەڵدا بکات. کەواتە ڕێڕەوی ئەم ڕێبازە جەخت لەسەر شاعیر دەکات کە بە ئازار و ژانەوە بتلێتەوە تا هەمان کار لە خەڵک بکات.

٨ - گەڕانەوە بەرەو سەدە کۆنەکان:

"سەدەکانی ناوەڕاست" کە جێگای ڕق لێبوونەوەی کلاسیکەکان بوو، ڕۆمانسییەکان بەپێچەوانەوە ڕیزیان دەگرت و خۆشیان دەویست: بە بەشێک لە کولتووری نەتەوەیی و مەسیحیانەی خۆیان لە قەڵەم دەدا و لە داهێنانی خۆیاندا زیندوویان دەکردەوە.

عەقڵخوازیی سەردەمی ڕۆشنگەری (سەدەی ١٨م)، بە ڕادەیەک گرنگی بە داوارۆژی مرۆڤایەتی دەدا کە کار بەوە گەیشتبوو ڕابردوو بەتەواوی فەرامۆش بکریت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەیەکی فیکریی دیکە لە بەردەم ڕوشەنگەریدا قیت ببێتەوە. ئەویش بزوتنەوەی ڕۆمانسیزم بوو، کە سۆزی مرۆڤایەتی بۆ ڕابردوو، سەردەمە زێڕینییەکانی مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی دەبزواند. ئەم بزوتنەوەیە سەرەتا لە ئەڵمانیادا سەری هەڵدا، دواتر بۆ هەموو

PDF4Kurd

ئەورووپا پەلوپۆی هاویشت. هۆی سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزم لە ئەڵمانیادا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەڵمانیای ئەو سەردەم، واتە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا، لە ڕووی سیاسییەوە ببووە دەوڵەتێکی لاواز و پارچە پارچەکراو. جا لەبەرئەوە جێگای سەرسوڕمان نەبوو ئەگەر کەسانێک هەبووبن سۆزیان بۆ ئەو ڕۆژانە بجوولێت کە ئەڵمانیا دەوڵەتێکی بەهێز و دەسەڵاتدار بوو.

سەردەمی ڕۆمانسییەت لە هەمان کاتدا سەردەمی ڕسکانی ناسیونالیزم بوو لە ئەورووپا بۆیە دەستیان کردە گەڕانەوە بەرەو ئەدەبە نەتەوەیی و فۆلکلۆرەکانیان. هەر بۆیە ئەفسانە و هەڵبەستە میللییەکانی ئەسکەندەنافییەکان لە ساڵی ١٧٥٦دا بەباشی هاتنە ناساندن. لە ئەڵمانیاش ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاست بووە جێی سەرنجدان و لێ وردبوونەوە. لە ئیسپانیا گۆرانییە میللییە کۆنەکان. بەرهەمەکانی شکسپیر، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا، ڕەونەق و ڕەواجێکی زۆریان پەیداکرد، لە ئیتاڵیاش دانتی تازەبووەوە. هەروەها ئەدەبیاتی ئینگلیزیش لەم بوارەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. لە فەرەنساش شیعرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست زیندووکرانەوە.

بەم شێوەیە سەدەکانی ناوەڕاست بە ئەفسانە و چیرۆک و گۆرانییە میللییەکانی خۆیەوە و بە قەشە گوناهکارەکانی، بە سوارچاک و خەڵکە سادە و مەجلیسە مەشرەفخۆشەکانییەوە... سەرنجی ڕۆمانتیکەکانی ڕاکێشا. هووگۆ، هان دیزلاند Han d Islande و بالادەکان Ballades ی نووسی و نۆتردامی پاریس کە بەهێزترین بەرهەمی ئەوە بە شێوازی گووتێکی سەدەکانی ناوەڕاست هاتبووە نووسین.

٩- ئەفسوونی پەیڤ:

لای ڕۆمانسییەکان، فراژوویی شیعر لە زمانە وێنەدارییەکەیدایە نەک لە تەقریریەتە عەقڵییەکەیدا.

وشە تەنیا ئامرازی دەربڕینێکی سادە نییە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا خاوەن بایەخێکی گەورەیە و پێویستە لە نرخی خەیاڵخرۆشانەی ئەو وشەیە و ئاهەنگەکەی تێ بگەین. پەیوەندیی وشەکان لەگەڵ یەکتر و ئەو مانا و جۆش و خرۆشانەی کە وشە دەتوانێ بیانخولقێنێ لای ڕۆمانسییەکان شتێکی زۆر گرنگە. ڤیکتۆر هووگۆ لە ١٨٣٠دا لە وتارێکدا نووسی: "وشە بریتیە لە پەیڤ و پەیڤیش خودایە".

بەم شێوەیە، بایەخدان بە وشە و پەیڤی جۆراوجۆر قامووسی ڕۆمانتیکی دەوڵەمەندتر کرد. ئەمە لە کاتێکدا کلاسیکەکان ئیکتیفایان دەکرد بە وشەی سادە و دەستنیشانکراو.

کلاسیکەکان دەیانگوت کە شیعر بریتییە لە هونەری هۆنینەوە، کە مەرجیش نییە هەموو هۆنینەوەیەک شیعر بێت. ئەمە لە کاتێکدا گەلێک پەخشان لە ناواخندا شیعرن.

کلاسیکەکان، ئیقاع لە شیعرەکانیاندا بە چاوی مۆسیقا تەماشا نەدەکرا، بەڵکو زیاتر وەک بەحرێکی عەرووزی وابوو Meter، واتە شێوەیەکی دەرەکیی ڕێکوپێکی وشەکان، شێوەیەکی پلاستیکیانەی ئەوتۆ کە زەمەن و وشەکانی تێدا بزرنگێنیتەوە. ڕۆمانسییەکان، بەپێچەوانەوە، هەستیان بەوە کرد بێن تریەی دڵ و دەنگی هەناسەی هەستەکانی خۆیان بترنجێننە ناو ئیقاعەوە. هەر لێرەشەوە کەوتنە سەر دۆزینەوەی بەحری تازەی جۆراوجۆرتر و بەکارهێنانی نەزمی نوێ: هەڵبەستی سپی Blank verse. بایرۆن هەندێک جار تێکەڵەیەکی هەردووکیانی بەکاردەهێنا. هەندێ جاری دیکەش لە بەحرێکەوە بازی دەدا بۆ سەر بەحرێکی دیکە. بە هەمان شێوە ڕۆمانسییەکانی دیکەی وەک شیللی. بەم شێوەیە، ڕۆمانسییەکان شۆڕشێکی مۆسیقاییان بەرپا کرد.

PDF4Kurd

شاعیری رۆمانتیکی وێنەی جوانیی سروشت لەبەر جوانییەکە خۆی، دەکێشێت. ریالیزمیش ئەو وێنەیە دەکێشێت کە هەستی پێ دەکات: بەڵام لەبەر جوانییەکەی نا، بەڵکو لەبەر هەقیقەتەکەی جا جوان بێت یاخود ناشیرین.

رۆمانسیزم ژیانی لە رێگەی وێنەوە لێک نەدەدایەوە، بەڵکو کردەوە- وێنەی دروست دەکرد.

بەراوردی رۆمانسیسم و کلاسیسم

بەشێوەیەکی گشتی رەوتی ئەخلاقی و چێژی ئەدەبی و هونەریی رۆمانسییەکان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هی کلاسیکەکان هەبوو:

١- کلاسیزم عەقڵی کردبووە بنچینەی هونەر، رۆمانسیسم هەست و خەیاڵپەردازیّ.

٢- کلاسیزم کەرەستە و ئیلهامی خۆی لە ئەدەبیاتی یۆنان و رۆم یان لە مێژووی کۆن وەردەگرت، رۆمانسیسم لە ئەدەبیاتی مەسیحی سەدەکانی ناوەراست و رێنسانس و ئەفسانە میللییەکان و شکسپیر، هەروەها تا رادەیەکیش لە ژیانی هاوچەرخ.

٣- کلاسیزم پەنایان دەبردە بەر زمانی شیعری مەنزووم و یەکنەواخت کە بوالۆ بەرگریکاری بوو، رۆمانسیزم پەنایان دەبردە بەر جۆرە شیعرێک کە لە پەخشان دەچوو، هەم لە رووی ئاهەنگ و هەم لە رووی ناوەرۆکەوە وێنەیی و هەمەچەشنە بوو. لە نووسینی شانۆنامەی تراژیدیشدا کلاسیک بە شیعر، رۆمانتیک بە پەخشان بوو.

٤- کلاسیزم زیاتر ئایدیالین، واتە لە هونەردا دەیانویست تەنیا جوانی و چاکە دەرببڕن، رۆمانسیزم جگە لەوە دەیانویست ناشیرینی و خراپەش بەیان بکەن. بۆیە "درامای رۆمانتیکی" پێکهاتەیەکی تێکەڵە لە گەورەیی و نزمی، غەم و شادی.

پەیکەرێکی **رۆمانسی**

PDF4Kurd

٥- كلاسیزم بایەخیان بە گشت و كۆمەڵ دەدا، بەڵام رۆمانسییەكان بایەخیان بە تاكەكەس و تاكڕەوی دەدا و لایەنە تایبەتی و دەروونییەكانی ژیانی تاكەكەسیان دەردەبڕی.

٦- بەرنامەی رۆمانسییەكان بەرنامەی زۆرانبازی و ڕەفزكردنەوەیە. بە ڕای ئەوان ئەو دەستوورانەی ڕەواجیان هەبوو پێشتر ڕێگر بوون لەبەردەم ئازادی و دەربڕین. بۆیە رۆمانسییەكان هەموو قانوون و دەستوورەكانی كلاسیزمیان تێكشكاند. ڤیكتۆر هوگۆ لە پێشەكیی شانۆنامەی " Hernani " وا پێناسەی رۆمانسیزم دەكا: " ئازادیخوازی لە هونەردا".

٧- كلاسیزم سنوورێكی دیاریكراویان بۆ سروشت دانابوو و لایەنە خراپەكانی سروشت و سروشتی مرۆڤایەتییان باس نەدەكرد، بەڵام رۆمانسییەكان سروشتیان بەشێوەیەكی ئازاد باس دەكرد: بەو شێوە كێوییەی خۆی كە هەبوو، بە باشی و خراپەی خۆیەوە.

٨- كلاسیكەكان بایەخێكی ئەوتۆیان بە ڕۆمان نەدەدا، بەڵام رۆمانسییەكان ڕۆمانیان بووژاندەوە و بایەخێكی زۆریان بە نووسینی دەدا. هەر لە سەردەمی رۆمانسییەكانیشدا بوو كە رۆمانی شەخسی Roman personnel و رۆمانی مێژوویی و رۆمانی عەشق و رۆمانی دەروونی سەریان هەڵدا.

٩- كلاسیزم لایەنگیری ڕوونی و حەددییەت و ئاشكرایی لە دەربڕیندا بوون، رۆمانسیزم پابەندی دیمەن و هێما و ڕەنگ.

١٠ – یەكێتی كات و شوێن و ڕووداو لە شانۆنامەی كلاسیكدا هەبوو، لای رۆمانسییەكان تێك شكێنرا.

١١ – شیعری لیریكی لای كلاسیكەكان هێندە بایەخی نەبوو.

١٢- لای كلاسیك ڕووی نەتەوایەتی هێندە دیار نییە، ڕوویەكی جیهانی زاڵە، بەڵام لای رۆمانسییەكان ڕەنگ و مۆركێكی نەتەوایەتی دەردەكەوێ.

بەراوردێكی رۆمانسیزمی كوردی و ئەورووپی

١- ئێمەی كورد لە ئەدەبیاتی رۆمانسیماندا شانۆ و ڕۆمانمان نییە، بۆیە رۆمانسیزمی كوردی نەیتوانیوە بەتەواوەتی ناشیرینی و خراپەی كۆمەڵ و تاكەكەس بەیان بكات. لایەنە خراپەكانی سروشت و سروشتی مرۆڤایەتیی باس نەكردووە.

٢- قۆناغی رۆمانسیزمی كوردی هەمان ئەو قۆناغە نییە كە رۆمانسیزمی ئەورووپیی تێدا پەیدا بووە.

٣- هەندێ لە رۆمانسییە كوردییەكان (نەوەی یەكەم : مەولەوی و بێسارانی و وەفایی و وەلی دێوانە، لە شێوە و تەكنیكدا كلاسیكن، بەڵام لە ناوەڕۆكدا رومانسین).

٤- رۆمانسیسمی ئەورووپا ئیلهامی لە ئەدەبیاتی مەسیحی و سەدەكانی ناوەڕاست و ڕێنسانس و ئەفسانە میللییەكان وەرگرتووە، بەڵام رۆمانسیسمی كوردی سەرچاوەگەلێكی دیكەی هەیە.

تا ڕادەیەكیش رۆمانسیزمی كوردی كەوتووەتە ژێر كاریگەرێتیی رۆمانسیزمی ئەورووپی: عەبدوڵلا گۆران بەهرەی زۆری لە شاعیرانی ئینگلیزی رۆمانسیی وەك (كیتس) و (وۆردزۆرث) و (ئۆسكار وایڵد) و (بایرۆن) وەرگرتوو.

PDF4Kurd

سەرچاوە:

Dictionnaire Encyclopedique Larousse, Paris: 1979, P. 1051

Kant: Qu est-ce que les Lumieres? in Oeuvres Philosophiques, T.2, tr. par H. Wisman, ed.Gallimard, Paris: 1985.

Mad RUDLER: Parnassiens, Symbolisme et Decadents, Messein, 1938.

Henri Lemaitre: La poesie depuis Baudlaire, Ed. Armand Colin Coll., Paris: 1965. P. 85-101

Ch. M. Des Granges: Histoire de la litterature Francaise, Ed. Hatier, Paris: 1962. P. 850-902.

Kant: Le jugement esthetique, Textes choisis, Ed. PUF., 9me ed., Paris: 1991.

Pierre DE BOISDEFFRE: Les poetes francais d aujour d hui, Ed. PUF. Paris: 1979.

George Emmanuel CLANCIER: Panorama de la poesie francaise, Ed. Seghers, Paris: 1970

Claude BONNEFOY: La poesie des origines a nos jours, Ed. Seuil, Paris: 1975.

Cazamian : Le Romantisme en France e en Angletter, in Etudes Anglaises 1937, P. 19- 35.

Vantieghem: Le Romantisme dans la litterature europeenne, Paris m 1948.

Cornell Kenneth: The Symbolist movement, New Haven, Conn: 1958.

R. BRAY: La formation de la doctrine classique en France, Paris: 1951

Fidao- Justiniani: Qu est-ce qu un classique? Paris: 1930

.Alfred De Musset: Pages choisies; Larousse; Paris 1934

La decouvert dec la terre, Bibliotheque Nationale, Paris : Mai 1979, P. V-1.

Henri DEBOIS: La Peinture chez les Orientalistes, Paris: 1983.

Francoise BERENGER: La mythe de la femme orientale chez les ecrivains francais de 1806 a 1869, : these pour le doctorat, 1988, vol. II, p. 120-170.

Alphonse de LAMARTINE: Histoire de laTurquie, Paris:1854-1855, Vol. I, P. 48.

Alphonse de LAMARTINE: Voyage en Orient, ed. Hachette, Paris:1869, Vol. I, P. 426.

Francoise BERENGER: La mythe de la femme orientale chez les ecrivains francais de 1806 a 1869, these: pour le doctorat, 1988, vol. II, p. 6.

Larousse, Dictionnaire Encyclopedique, Paris: 1979, P. 1019.

M. L. DUTRENOY: L Orient Romanesque en france, ontreal 1946, P. 39-40.:

بەرهەمەکانی زۆربەی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندە رۆمانسییەکان، نوسخە فەرەنسییە ئۆریژینالەکانیان – ئەوانەی لێرەدا ناویان هاتووە – تەماشاکراون.

د. نوور سەلمان: دەروازەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی شیعری سمبوولیزم لە ئەدەبی نوێدا و: نەوزاد ڕەفعەت، گ. ڕامان، ژ ٢٩. سەرچاوە عەرەبییەکە: گۆڤاری (آفاق عربیه) ژمارە (٨) ساڵی (١٩٨٣).

د. عەلی لیلە: سەردەمی ڕۆشنگەری و هاتنەئارای کۆمەڵگەی مەدەنی، گ. ڕامان، ژ ١٤ – ١٥. هەولێر: ١٩٩٧

رضا سید حسینی: مکتبهای ادبی، تهران؛ ١٩٥٧.

د. حسن هنرمندی: بنیاد شعر نو در فرانسه، طهران: ١٣٥٠.

عبدالحسین سعیدیان: دایره المعارف ادبی، تهران،١٣٦٣ی هەتاوی، ل ٤٧٧.

لولیان فروست: الرومانسیة، ت: عبدالواحد لؤلؤة، بغداد ١٩٧٨

نخبه من الکتاب الانجلیز: الرومانتیکیه فی الادب الانجلیزی، ت: عبدالوهاب المسیری، دار شوشه للطباعه، ١٩٦٤

محمد غنیمی هلال : الرومانتیکیه، مصر، ل ١٣٦– ١٤٠

نخبة من الباحثین: موسوعة نظریة الادب، ت: د. جمیل نصیف التکریتي، بغداد: ١٩٩٤.

PDF4Kurd

ریالیزم Realisme

PDF4Kurd

PDF4Kurd

BALZAC EN ROBE DE CHAMBRE.
D'après le portrait de Louis Boulanger.

بالزاک

زاراوەی ریالیزم Realisme بەپێی قامووسی لارووسی فەرەنسی، ل ١١٨٦، لە دوو وشە پێک هاتووە: Real و isme کە دەکاتە «حاڵەتی بینینی واقیع بەو شێوەی کە هەیە». لە زاراوەی ڕەخنەسازیشدا واتە ئەو قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەی کە سروشت و واقیع وەک خۆی پێشکەش دەکات، بێ ئەوەی بیکاتە نموونەیی.

وشەی ریالیزم، یەکەم جار ڕۆماننوسێکی فەرەنسیی پایە مامناوەندی بە ناوی شامپفلۆری Champfleury (١٨٢١-١٨٨٩) لە ساڵی ١٨٤٣ دا بەکاری هێنا، ئەمەش لە بەیاننامەیەکدا بە ناونیشانی "مانیفێستی ریالیزم" کە تێیدا دەڵێ:" سیفەتی ریالیست دەدرێتە پاڵ من".

ئنجا دوای ئەو ڕۆماننوسی فەرەنسی، دووڕانتی، پاش ئەویش هونەرمەندی سەرکێشی فەرەنسی، کۆربێ Corbet ١٨١٩- ١٨٧٧، لە شێوەی "لە واقیعدا En realite " بەکاری هێنا کە کردبوویە دروشمی سەر دەرگای پێشانگایەکی شێوەکاریی خۆی.

لە ڕۆشنبیریی ئەورووپیدا ریالیزم بەسەر سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ: ریالیزمی سەردەمی ڕێنسانس، ریالیزمی سەردەمی ڕۆشنگەری، ریالیزمی ڕەخنەگرانەی سەدەی ١٩م.

شایانی باسە، سەرەڕای ئەوەی کە بیرکردنەوەی ریالیستانە - بە بۆچوونی هەندێ لە مێژوونووسانی ئەدەب - مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنسانس، بەلام خودی ڕێبازی ریالیزم تەنیا لە ساڵی ١٨٤٣دا بوو کە مانیفێستێکی بۆ نووسرا و ڕاگەیەندرا: کرایە ڕێبازێک بۆئەوەی نووسەر و هونەرمەندان بەپێی چەند پرەنسیپێکی فراوان لەسەری برۆن.

لە چارەگی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، لە یەک کاتدا، ڕێبازی ڕۆمانسییەت دوو دوژمنی سەرسەختی لێ پەیدا بوو: ریالیزم و پەرناسەکان. هەردووکیشیان، ریالیزم و

PDF4Kurd

پەرناس، لە یەک سەردەم و کاتدا پەیدا بوون: پێیان وابوو کە پێویستە دار و پەردووی «خەیاڵبازیی ساویلکانەی» رۆمانسییەت هەڵتەکێندرێن. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەم دوو رێبازەش هەر، پەرناس و ریالیزم، دژی یەکتر بوون.

ئەم خوێندنەوە کرۆنۆلۆژیاییەی خوارەوە یەکانگیری و پەیوەندیی رۆمانسیزم بە ریالیزم روون دەکاتەوە کە چۆن هەردووکیان پێکەوە، لە منداڵدانی سەردەمی رێنسانس و بەتایبەتیش لە سەردەمی رۆشنگەرییەوە لە دایک بوون.

سەرچاوە فەلسەفییەکانی ریالیزم

پێشاندانێکی کرۆنۆلۆژی

پووشکین

ریالیزم بەردەوامبوونی رۆمانسیزم بوو لەرووی بایەخدانی بە ئازادییەکانی تاکەکەس و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیع. تەنانەت ئەم بەردەوامبوونە لە ئاست و بوارەکانی دیکەشدا دەبینرێت، بۆ نموونە رۆمانسیزمی رووسی خۆی لە خۆیدا شێوەیەکی ریالیزم بوو، ئەمەش بەتایبەتی لای پووشکین دەردەکەوێ.

ریالیستەکان باشتر باوەشیان بۆ رۆشنگەری کردەوە، بەتایبەتیش چونکە بۆچوونەکانی رۆمانسیەکان راستەوخۆ پێچەوانەی بۆچوونەکانی رۆشنگەری بوون: رۆشنگەری رۆڵی تاکەکەسی بەرزکردبووەوە، بانگەشەی تاکخوازی دەکرد؛ رۆمانسییەکان، بەپێچەوانە، خوازیاری ئەوەبوون کە تاک لەناو کۆمەڵدا بتوێتەوە، هەروەها تاک ببێتە خزمەتکاری دەوڵەت و کەنیسە. بۆیە دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین: بە پلەی یەکەم ریالیستەکان بوون کە درەنگتر توانییان بەشێوەیەکی بنچینەیی سوود لە فەلسەفەی رۆشنگەری وەربگرن.

بەشێوەیەکی گشتی، سەردەمی ریالیزم سەردەمێکی رەخنەگرانەیە، سەردەمی دەسەڵات پەیداکردنی بیری

PDF4Kurd

زانستییه. نیتشه ئەو سەردەمەی خۆی ناوناوە سەردەمی " ئیرادەی بێ سنووری گەیشتن بە هوشیاری".

سەدەی ١٥-١٦: ڕێنسانس

لەگەڵ دەسپێکردنی سەردەمی ڕێنسانس Ren-naissance لە سەدەی ١٥مدا، سەرەتایەک بۆ تاکرەوباوەری دەست پێدەکات. بەمەش مۆرکێکی تاکەکەسیانە وردە وردە دەنووسێتە سەر بۆچوون و ڕاستییەکان. کولتووری سەردەمی ڕێنسانس ڕێگەخۆشکەرێک بوو بۆ ئەوەی درەنگتر ریالیزم سەرهەڵبدات: چونکە ڕێنسانس مرۆڤی لەدەست لێکدانەوە ئایدیالیست و هێزە غەیبییەکان ئازاد کرد و کردی بە مرۆڤێکی دنیایی.

شکسپیر (١٥٦٤ - ١٦١٦) بۆ نموونە، بەپێچەوانەی کلاسیکەکان کۆمەڵ بە ماقووڵ نابینێ، بەڵکو زیاتر وای دەبینێ کە کۆمەڵ مرۆڤی داگیرکردووە و بچووکی کردووەتەوە. شکسپیر -لە ڕێگەی پاڵەوانی ڕێنسانسییەوە - ڕەخنە لەم تەباییە و لەم داگیرکردنەی تاکەکەس بەدەست کۆمەڵەوە دەگرێ. تاکەکەس سروشتێکی پۆزەتیڤی هەیە: دەیەوێ بەپێی پێوەرەکانی خۆی، بام تاکەکەسانەش بێت، دەوروبەری خۆی بگۆڕێت.

ئەندرێ مالرۆ

سەدەی ١٨: ڕۆشنگەری

ئەدەبیات و فەلسەفەی سەردەمی ڕۆشنگەری L age des lumieres ، لە سەدەی ١٨دا، مرۆڤی وەک ناوەندێکی واقیع و وەک نموونەیەکی کۆمەڵگە پیشانی خەڵک دا.

جۆن لۆک ١٦٣٢- ١٧٠٤ دامەزرێنی ڕۆشنگەری لە بەریتانیا، ئەوەی سەلماند کە مرۆڤ هەر بە غەریزە بیروبۆچوون و شەڕ یان خێری لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتووە. هەموو شتێکی گەڕاندەوە بۆ ژینگە و ئەزموونەکان:

PDF4Kurd

«مرۆڤ خۆی بەرپرسی یەکەمە لە ئاسوودەبوون یان بەدبەختبوونی مرۆڤ».

بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری، ڤۆلتێر و مۆنتسیکیۆ و ڕووسۆ لە پێناو ئەوە تێدەکۆشان کە عەقڵ لە دابونەریتەکانی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و پاشایەتیی ڕەها و داپلۆسین ڕزگار بکەن.

ڕۆشنگەری، وەک کانت (١٧٢٤ - ١٨٤٠) باسی دەکات، بریتییە لە دەرچوونی مرۆڤ لەو حالەتە دەستەوەستانییەی کە مرۆڤ بە خۆی بەسەر خۆیدا هێنابوو. مرۆڤ نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ عەقل بەکاربهێنێت. جا بەپێی بۆچوونی کانت ڕۆشنگەری تێپەڕاندنی مرۆڤ بوو لەو بارە دەستەوەستانییە و هەنگاوێکی گەورە بوو لە بەرزکردنەوەی دەسەڵاتی عەقڵ.

لەبەر ئەوە، سەردەمی ڕۆشنگەری پلە و پایەی عەقڵی بە ڕادەیەک بەرزکردەوە کە عەقڵ ببووە مۆرکی ئەو سەردەم. لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، لە میانەی کاروباری سیاسییەوە ڤۆلتێر و ڕووسۆ و مۆنتسیکیۆ داوای جۆرێک لە حکومەتیان دەکرد کە لەسەر بنەمایەکی عەقڵی بێت و لەگەڵیدا ناکۆک نەبێت؛ دوا جاریش داوای جیاکردنەوەی ئایینیان لە دەوڵەت دەکرد.

جگە لەمەش، فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری مەسیحییەت و کڵێسایان خستە ژێر ڕەخنەیەکی توندوتیژەوە. هۆیز باوەڕی بە پێداویستیی هیچ ناوەندێک نەبوو لەنێوان مرۆڤ و خوادا. ئەوەی لا پەسەند نەبوو کە کڵێسا دادگای خواوەند بێت لەسەر زەویدا.

مۆنتستکیۆ ١٦٨٩- ١٧٥٥، فەیلەسووفی فەرەنسی، خاوەنی «ڕۆحی یاساکان» و پاشان «نامە ئێرانییەکان» لە ١٧٢١، کاریگەرترین بەرهەمی دژی سیستەمی دەسەڵاتی سەدەی هەژدەم نووسی: «ئێمە دەمانەوێت دابونەریت و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی خۆرئاوا بەئاگا بێنین».

گی دو مۆپاسان

PDF4Kurd

ڤۆلتێر ١٦٩٤- ١٧٧٨، له «نامه فەلسەفییەکان» له ١٧٧٣دا دەڵێ: «من له ڕێگەی سوودوەرگرتن له سەرچاوەی بەریتانیاوە هێرشم کردە سەر سیستەمی فەرەنسی و خاڵە لاوازەکانی و بێ دادییە فەرەنسییەکان. لێبوردنی ئایینی، ئازادیخوازی له سیاسەت و بازرگانیدا، پایەبڵندیی زانست و فەلسەفە.. له بەریتانیادا سەرنجی منیان ڕاکێشابوو».

دیڤید هیووم ١٧١١- ١٧٧٦ کۆمەڵناسی ناوداری ئینگلستان ئاسۆی بیرکردنەوەی کۆمەڵناسییانەی نووسەر و هونەرمەندانی فراوانتر کرد.

ژان ژاک ڕووسۆ ١٧١٢- ١٧٧٨، فەیلەسووفی ڕۆشنگەری فەرەنسی، دەیگوت: مەسیحییەت سەرقاڵی کێشە ئاسمانییەکانە، گوێ بە گرفتەکانی سەرزەمین نادا و مرۆڤ بە بیرکردنەوە بە ئەو دنیا خەریک دەکات. ئەمەش مەسیحییەکان ڕادەهێنێت ببن بە کۆیلە. بۆیە، بە بۆچوونی ڕووسۆ، مەسیحییەت زیان بە نەتەوە دەگەیەنێ: چونکە ڕێگرە له بەردەم هەموو گەشەسەندنێکی کۆمەڵگە.

ئەلکزاندەر دووماس

ڕۆمانی مێژوویی

له سەدەی ١٨ کێشەی هونەر، له لای لیسینگ Leesing (١٧٢٩-١٧٨١)، کە نووسەر و ڕەخنەگر و شانۆنامەنووسێکی مەزنی ئەڵمانییە، هەروەها لای دیدرۆ ١٧١٣- ١٧٨٤ فەیلەسووفی ناوداری فەرەنسا، دیسان دەبێتەوە جیهانبینیی تاکەکەس. دنیا لەپێش چاوی تاکەکەس وردە وردە دەدۆزرێتەوە، دەبێتە ناوەندێکی دنیا.

ئادەم سمیث ١٧٢٣- ١٧٩٠ له ڕووی ئابوورییەوە، بانگەشەی ڕژێمێکی ئابووری دەکرد کە بنەماکانی عەقڵخوازی بەڕێوەی ببات و ئازادی تاکەکەس بزوێنەری بێت.

مارکیز دوساد ١٧٤٠- ١٨١٤ بایەخی سێکس و ڕۆڵی غەریزەکانی مرۆڤی پیشاندا.

فەیلەسووفی ڕۆشنگەری ئەڵمانی، هیگل ١٧٧٠- ١٨٣١ کە هاوسەردەمی ڕۆمانسییەکان بوو،

PDF4Kurd

کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو بەسەر رۆمانسییەکانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیویست بناغەیەکی عەقڵانی و فەلسەفی بۆ ئەو هەست و سۆزە رۆمانسییانەی ئەوان دابرێژێت. بەڵام لە هەمان کاتدا، هیگڵ هەر لەو سەردەمەوە کە گەنج بوو، دەیویست یانەیەک دروست بکات لەپێناو بڵاوکردنەوەی باوەڕە رۆشنگەرییەکانی شۆڕشی فەرەنسا بەناو قوتابییاندا.

شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ و دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانتاری و بڵاوبوونەوەی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، ئنجا لە بەریتانیا شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشەکانی ئینگلستان لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا، هەروەها لە ١٨٠٨ یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە کۆیلە لە ئینگلتەرە.. هەموو ئەمانە چۆن کاریگەرییان هەبوو بەسەر سەرهەڵدانی رۆمانسیزم، بە هەمان شێوە ئاسۆی بیری ریالیستانەشیان فراوانتر کرد.

سانت سیمۆن ١٦٧٥- ١٧٥٥ لە چارەگی یەکەمی سەدەی ١٨مدا فەلسەفەی سوودی بڵاوکردەوە و داوای ئەوەی کرد کە هەموو ئەدەبیات و هونەرێک پێویستە سوودی بۆ کۆمەڵ هەبێت و کەڵک بگەیەنێتە مرۆڤ، ئەگینا بە هونەر نازاندرێت. ئەمە وای لە نووسەر و هونەرمەندان کرد کە خاسییەت و ناواخنێکی کۆمەڵایەتییانە ببەخشنە بەرهەمەکانیان: ئاوها بنووسن کە سوود بگەیەنێتە کۆمەڵ.

لەنێوان ١٨٣٠- ١٨٤٢دا، موحازەرە فەلسەفییەکانی ئۆگۆست کۆنت A.Comte ١٧٩٨-١٨٥٧ کە ناسراوە بە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم Pos-itivsme الوضعیە، هانی بڵاوبوونەوەی زانستی کۆمەڵناسیی دا، کە ئەمەش کاریگەریی هەبوو بەسەر دامەزراندن و بڵاوبوونەوەی رێبازی ریالیزم.

بە هەمان شێوە، فەلسەفەی ئێرنست رینان (١٨٢٣-١٨٩٢) لە کتێبەکەی خۆیدا (داهاتووی زانست) لە ساڵی ١٨٤٨دا، جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەو

زۆلا
«بەرگریکاری ئافرەتان»
لە رۆمانەکانیدا

PDF4Kurd

جیهانەی زانست بۆمانی دەدۆزێتەوە پایەدارتر و دروستترە لەچاو ئەوەی کە خەیاڵ بۆمانی دەدۆزێتەوە. بەم شێوەیە، ڕینان، لەگەڵ پۆزەتیڤیزم یەکیان دەگرتەوە لەوەی کە پێویستە متمانە بکەینە سەر زانست نەک خەیاڵ.

پۆزەتیڤیزم، کە میتافیزیکیای ڕەت دەکردەوە، بریتی بوو لەو ڕەوتە بیرکردنەوەیەی کە لە تۆژینەوەدا پشتی بەوە دەبەست کە لە واقیعدا لە ئارادابوو و دەخرایە ژێر ئەزموونەوە. وای دەبینی کە مەعریفە لە شارەزایی پەیداکردن و هەستپێکردن و زانستەکانەوە وەدەست دەهێنرێت. ئۆگەست کۆنت دەڵێت: پاش ئەوەی عەقڵی مرۆڤایەتی دان بەوە دەنێت کە مەحاڵە بتواندرێت چەمکە ڕەهاکان دەستگیر بکرێن، لەبەرئەوە عەقل واز لەوە دەهێنێت کە لە بنچینەی گەردوون و زانینی هۆکارەکان لەودیو دیاردەکان بکۆڵێتەوە. عەقڵ تەنیا بەوە ڕازی دەبێت یاسا سەرەکییەکان بدۆزێتەوە کە دیاردەکان بەڕێوە دەبەن، ئەویش بە ڕێگای بیرکردنەوە و تێبینی کردن.

ئۆگۆست کۆنت
«فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم»

پۆزەتیڤیزم دژی هەموو بۆچوون و لێکۆڵینەوەیەکی میتافیزیکیانە بوو، تەنها گرنگی بەو دیاردانە دەدا کە لەبەردەستدا بوون و دیاردەی ماددی بوون. هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی پۆزەتیڤیزم بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی ڕۆڵی ئامێر؛ بە ڕادەیەک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئامێر ببووە سەرەکیترین هۆکاری ژیان.

ململانێی نێوان پۆزەتیڤیزم و ڕۆمانسیزم بەدرێژایی سەدەیەک بەردەوام بوو، ململانێیەک لە نێوان دوو ڕەوتی بیرکردنەوە، یەکیان گرنگی بە ماددە و ئامێر و ژیانی ڕۆژانە دەدا، ئەوی دیکەیان گرنگی بە سۆز و دنیای ڕۆحی مرۆڤ.

لە ١٨٣٠، لە فەرەنسا، شاکارەکەی ستانداڵ، ڕۆمانی «سوور و ڕەش» بڵاوکرایەوە، هەروەها «شەڕی

PDF4Kurd

واتەرلوو» و «راهیبەی پارما» لە ١٨٣٩دا، هەرسێکیان بە ئەڵقەیەکی گرنگ دەژمێردرێن لە پەڕینەوەی ڕۆمانسیزم بەرەو ریالیزم.

لە ١٨٣١ بەملاوە، ڕۆماننووسی ئینگلیز، شارل دیکنز ١٨١٢ - ١٨٧٠ دەستی کردە بڵاوکردنەوەی چیرۆک و ڕۆمانە ریالیستەکانی، کە تاکو ١٨٧٠ چواردە ڕۆمانی نووسی و (ئۆلیڤەر تویست) بریتییە لە شاکارەکەی. بنچینەی ریالیزمی دیکنز لەسەر مرۆڤایەتی و بەشەردۆستی دامەزرابوو، بەرگریی لە بێ چارە و لێ قەوماو و منداڵانی بێ چارە دەکرد.

هەروەها لە ڕووسیا، گۆگۆڵ ١٨٠٩ - ١٨٥٢، لە ساڵانی ١٨٣١-١٨٣٢دا یەکەمین بەرهەمە ریالیستییەکانی بڵاوکردەوە. فیۆدۆر داستایۆفسکی دەیگوت: " ئێمە هەموومان لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە کەوتووینەتەوە". کەواتە بە ڕای ئەو سەرچاوەی ریالیزمی ڕووسی دەگەڕێتەوە بۆ گۆگۆڵ کە ئەمڕۆ ڕەخنەگران بە بابەگەورەی ریالیزمی ڕەخنەگرانە لە قەڵەمی دەدەن.

ئێمیلی و شارلووت و ئان برۆنتی

لە ساڵی ١٨٤١دا بالزاک ١٧٩٩-١٨٥٠ «کۆمێدیای مرۆڤایەتی» بڵاودەکاتەوە و لە پێشەکیی "چەند دیمەنێک لە ژیانێکی تایبەتی" دا دەنووسێ کە لە بەرهەمی ڕۆمانسییەکاندا " هەموو ساختمان و شێوەکانیان کۆن وپەژموردە بوونە و چیتر بە کەڵک نایەن"، پیشانی دا کە کاری ڕۆماننووس ئەمڕۆ شتێکی دیکەیە.

لە ساڵی ١٨٤٣دا "مانیفێستی ریالیزم" لە لایەن ڕۆماننووسێکی فەرەنسی بە ناوی شامپفلۆری، بڵاودەکرێتەوە کە تێیدا بنچینەکانی ڕێبازێکی تازەی ڕوون کردبووەوە. بەم شێوەیە وشەی ریالیزم یەکەم جار شامپفلۆری بەکاری هێنا لە "مانیفێستی ریالیزم" دا.

لە ساڵانی ١٨٤٣-١٨٤٤ یەکەمین بەرهەم و نووسراوەکانی فەیلەسووفی ماتێریالیست، کارڵ مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) دەردەکەون کە لەگەڵ سەرجەم

PDF4Kurd

بەرهەمەکانی دیکەی مارکس کاردەکەنە سەر بەرەوپێشەوەچوونی بیری ریالیزم. مارکس توانایەکی نوێی لەمەڕ تەفسیرکردن هێنایە کایەوە، توانی بنچینەی ئەوە دابنێت کە بکرێت دەقە کۆنە پیرۆزەکان لێک بدرێنەوە و تەفسیر بکرێن.

له ١٨٤٤ له ڕووسیا، تۆرگنێف ١٨١٨ - ١٨٨٣، یەکەمین بەرهەمە ریالیستییەکانی بڵاودەکاتەوە.

له ١٨٤٥ له ڕووسیا، ڕەخنەگری ناودار، بلینسکی ١٨١١- ١٨٤٨، یەکەمین بەرهەمە ڕەخنەییە ریالیستییەکانی بڵاودەکاتەوە و بنچینەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ریالیزم دادەڕێژێ.

له نێوان ساڵانی١٨٤٥- ١٨٥٩دا شارڵ بۆدلێر بۆچوونە ئێستاتیکییەکانی خۆی دەنووسێت Cu-rieusites Esthetiques کە لە ١٨٦٨دا بڵاودەبێتەوە. ئەم بۆچوونانەی بۆدلێر، دژی ڕۆمانسیزم، سمبوولێستەکان و تەنانەت ریالیستەکانیش سوودی لێ دەبینن بۆ پرەنسیپەکانی خۆیان.

له ساڵی ١٨٤٦دا نووسەرێکی مەزنی دیکەی دامەزرێنی ریالیزم لە ڕووسیا، فیۆدۆر داستایۆفسکی ١٨٢١ - ١٨٨١ دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانە ریالیستەکانی: تاوان و سزا، برایانی کارامازۆف، ئەهریمەنەکان، گێلەپیاو..

ساڵانی ١٨٤٨ - ١٨٥٠، ماوەی زۆرانبازییەکی سەختی نێوان پەرناس و ریالیزمە. ڕەتکردنەوەی دیاردە و ڕووداوەکانی "پەرناسییەکان/ هونەر لەپێناو هونەر" بوو، کە لە هەمان سەردەمی ریالیستەکاندا لە فەرەنسا بڵاوببووەوە. بۆ نموونە نیگارکێشی ریالیست، گۆستاف کۆربێ دەیگوت: " ئامانجی هونەر لەپێناو هونەر شتێکی بێهوودە و پووچە".

له ١٨٥٠دا هێرمەن مێرڤیل (١٨١٩-١٨٩١): ڕۆمانی ریالیستانەی مۆبی دیک، بە زمانی ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە.

له ١٨٥٢دا لە ڕووسیا، تۆلستۆی ١٨٢٨ -

ئوومبێرتۆ ئیکۆ

PDF4Kurd

١٩١٠، یەکەمین بەرهەمە ریالیستییەکانی بلاودەکاتەوە.

١٨٥٥

- گۆستاف کۆربێ: یەکەمین پیشانگەی شێوەکاریی ریالیستانە.

- تەرجەمەکردنی بەرهەمەکانی ئەدگار ئالان پۆ (١٨٠٩- ١٨٤٩)، لەلایەن بۆدلێرەوە بۆ فەرەنسی کە دەبێتە بنچینەک بۆ سەرهەڵدانی سمبوولیزم.

- دوای شامپفلۆری؛ ڕۆماننووسی فەرەنسی دوورانتی وشەی ریالیزمی بەکارهێنا. پاشان نیگارکێشی فەرەنسی، کۆربێ، وشەی ریالیزمی لە ساڵی ١٨٥٥دا لەشێوەی "لە واقیعدا" بەکاری هێنا کە کردبوویە دروشمی سەر دەرگای پێشانگایەکی شێوەکاریی خۆی.

١٨٥٦- ١٨٥٧

دوورانتی گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی " ریالیزم"، لەوێدا خۆی و هاوڕێکانی بەتوندی هێرشیان دەکردە سەر پەرناس و ڕۆمانسییەکان. لە هەمان کاتیشدا پرەنسیپەکانی ڕێبازی ریالیزمیان ڕوون دەکردەوە. تەنێ شەش ژمارە لەو گۆڤارە دەرچوو.

١٨٥٧

شارل بۆدلێر: گوڵەکانی خراپە.

١٨٥٩

چارلز داروین ١٨٠٩- ١٨٨٢ لە کتێبی (بنجی جۆرەکان) لە بواری بایۆلۆژیدا ئەوەی سەلماند کە یەکانگیرییەکی پتەو لەنێوان بوونەوەرەکانی سەر زەمیندا هەیە و مرۆڤ بەردەوامبوونی سروشت و گیانەوەرە فراژووەکانە. دوای ئەمەش داروینییە کۆمەڵایەتییەکان پەیدا بوون و کاریان کردە سەر بیری کۆمەڵناسی.

١٨٦١

واڵت ویتمان (١٨١٩-١٨٩٢): پەلکە گیاکان.

گۆرکی

PDF4Kurd

١٨٦٨

فلۆبێرت ١٨٢١-١٨٨٠، لە نامەیەکیدا بۆ ژۆرژ ساند ١٨٠٤- ١٨٧٦ لە ڕۆژی ١٠ ی ٨ ی ١٨٦٨دا دەڵێ: " ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە دادپەروەری تێکەڵ بە هونەر بکەین؟ وێنەکێشان بەشێوەیەکی بێ لایەن، گەورەیی قانوون و وردیی زانست دەسەلمێنێ".

١٨٦٩- ١٨٧١

- فریدریک نیتشە (١٨٤٤-١٩٠٠): بڵاوکردنەوەی (بنچینەی تراژیدیا).

نیتشە سەرچاوەیەکی گرنگی دیکە بوو بۆ سەرهەڵدانی بیری ریالیزم. کاریگەرێتی ئەو لەسەر بیری ئەورووپیدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و فەرەنسادا، بەڵام ئەم کاریگەرێتییە لەو وڵاتانەی بە ئینگلیزی دەدوێن کەمتر بەرچاودەکەوێت.

نیتشە یەکەم کەس بووە مۆدێرنیزمی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. هەر لەبەر ئەوەشە ڕەخنەی ئەو لە مۆدێرنیزم زۆر فراوانتر و تێکشکێن ترە لەچاو فەیلەسووفەکانی دیکە.

١٨٦٩

- ستێڤان مالارمێ (١٨٤٢- ١٨٩٨) لە ١٨٦٩: بڵاوکردنەوەی یەکەمین شیعرەکانی خۆی.

١٨٧١

- ڕامبۆ: بەلەمی مەست.

- هێربەرت سپێنسەر (١٨٢٠-١٩٠٣) بڵاوکردنەوەی (پرەنسیپە ئەوەڵییەکان).

١٨٧٣

- ڕامبۆ: وەرزێک لە دۆزەخ.

- تریستیان کۆربیێ (١٨٤٥- ١٨٧٥): خۆشەویستییە زەردەکان.

- شارڵ کرۆس (١٨٤٢- ١٨٨٨): یەکەم دیوانە شیعری خۆی.



مارکس و ئەنگلس

فەلسەفەی ماتیریالیزمیان دامەزراند و بووە فاکتەرێک بۆ گەشەسەندنی ریالیزم

PDF4Kurd

١٨٧٤

- ڤێرلێن: هونەری شیعر.

- کردنەوەی سالۆن و ستۆدیۆی نیگارکێشە ئیمپرەسیۆنیستەکان.

- ئۆگۆست ڕێنوار (١٨٤١- ١٩٢٠) تابلۆ ناودارەکانی دەکێشێ.

- ئیدگار دیگا (١٨٣٤- ١٩١٧) تابلۆکانی کچە سەماکەرەکان.

١٨٨٠ و ١٨٨١

گی دی مۆپاسان ١٨٥٠-١٨٩٣ یەکەمین بەرهەمە ریالیستییەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە.

١٨٨٣

فریدریک نیتشە: زەردەشت ئاوهای گوت. نیتشە لە هەمان کاتدا دەبێتە پاڵپشتێکی دامەزراندنی ڕێبازی سمبووڵیزم.

١٨٨٥

- نیگارکێشی ناودار، پۆوڵ سێزان (١٨٣٩- ١٩٠٦) بە تابلۆی (قوماربازەکان) شۆرەتی پەیداکرد.

١٨٨٨

- زۆلا ١٨٤٠- ١٩٠٢ لە سەرەتادا چەند ڕۆمانێکی لەسەر بنچینەی ناتورالیستەکانی خۆیەوە نووسی، پاشان چەند نووسەرێکی گەنج، ناودارترینیان گی دی مۆپاسان، لە بۆچوونەکانی ئالآن و پەیرەوی بنەماکانی ئەویان کرد. لە هەمان کاتدا لە یەکتر کۆدەبوونەوە و گفتوگۆیان دەکرد، تەنانەت لە ١٨٨٨ کتێبێکی هاوبەشی بەرهەمەکانیان چاپ کرد.

- ئەنتوان چیکۆف ١٨٦٠- ١٩٠٤، شانۆنامەنووس و ڕۆماننووس دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ریالیستەکانی: لالۆ ڤانیا، باڵندەی دەریا، خوشکەکان، کورتە چیرۆکەکانی.

١٨٨٩

-مۆریس مەتەرلینگ (١٨٦٢- ١٩٤٩) یەکەمین



فلۆبێرت
«مەدام بۆڤاری ... خۆمم»

PDF4Kurd

بەرهەمە سمبوولّییەکانی بلاّودەکاتەوە.

– نیگارکێشی سمبولّیست، پۆولّ گۆگان (١٨٤٨–١٩٠٣): تابلۆی زۆرانبازیی یەعقووب لەگەلّ فریشتە.

– یەکەمین نووسراوە فەلسەفییەکانی هنری بێرگسۆن (١٨٥٩–١٩٤١) کە ڕەتکردنەوەی لۆژیک و عەقلّ بوو.

١٨٩٠

زۆلا کتێبە ناودارەکەی خۆی، ڕۆمانی ئەزموونگەری، بلاّوکردەوە و تێیدا بنەماکانی ریالیزمی سروشتخوازیی ڕوون کردەوە و ئنجا بە ڕۆمانی «ژێرمینال» ناتورالیزم گەیشتە لووتکە.

١٨٩٠- ١٨٩٤

ماکسیم گۆرکی ١٨٦٨- ١٩٣٦، یەکەمین بەرهەمە ریالیستییەکانی بلاّودەکاتەوە.

لە کۆتایی سەدەی ١٩دا ریالیزمێکی تێکەلّ بە بەدبینی لە ئینگلستاندا سەری هەلّدا، نموونەی ئەو نووسەرانە ئەمانە بوون: ئێمیلی برۆنتی: (بەرزاییەکانی وێذرنج)؛ هنری جێیمس و Thackery.

لە ئەمریکاش ریالیزمی ئەمریکایی بە درێژەدانی ڕۆمانتیسم دەژمێردرێ: ئەدگار ئالان پۆ، والت وێتمان، ناتالی هۆثۆرن، ژاک لەندەن، تیۆدۆر درایزەر ١٨٧١–١٩٤٥، جۆن شتاینبک، ئێرنست هەمەنگوای، ئەرسکین کالدویل، ویلیەم فۆلّکنەر، جان دۆس پاسۆس.

هەروەها لە سوێد ئۆگوست سترێندبێرگ ١٨٤٩ – ١٩١٢ (باوک، خاتوو ژوولیا، سیانەی دیمەشق)؛ لە نەرویج ئەپسن ١٨٢٨ – ١٩٠٦ "دوژمنی گەل"؛ بە دامەزرێنەرانی ریالیزم لەو ولاّتانە قەلّەم دەدرێن.

دیکنز

PDF4Kurd

سەرەتای ریالیزم

جەنگی ریالیستەکان دژی رۆمانسیزم و پەرناس

رێبازی ریالیزم بۆ یەکەمین جار لە فەرەنسا لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩مدا دەستی پێکرد. بەڵام یەکەمین دامەزرێنەرانی ریالیزم ئەو نووسەرانە نەبوون کە ئێمە ئەمرۆ دەیانناسین، بەڵکو چەند رۆماننوس و رەخنەگر و نووسەرێکی پایە مامناوەندی بوون، وەک: شامپفلۆری Champfleury، موورژێ Murger ١٨٢٢-١٨٦١، دوورانتی Duranty (سەرنووسەری گۆڤاری ریالیزم ١٨٥٦-١٨٥٧)، کە دژی رۆمانسیزم و پەرناسەکان هەڵسابوون و تەنانەت بۆ یەکەمین جار هەر یەکێک لەو نووسەرانەش بوو (شامپفلۆری Champ-fleury) کە لە ١٨٤٣ دا زاراوەی ریالیزمی بەکار هێنا.

ئەو رۆماننووس و رەخنەگرە فەرەنسییانە: Champh-leury و Duranty (سەرنووسەری گۆڤاری Realisme ٥٦- ١٨٥٧ لە فەرەنسا) بەرگرییان لە بنچینە و دەستوورەکانی ریالیزم دەکرد، پاشان وردە وردە بە هەموو فەرەنسا و بە وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا بڵاوبووەوە.

شامپفلۆری لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری ریالیزمدا دەینووسی کە نووسەرە ریالیستەکانی وەک خۆی (ماندوو بوونە هێندەی هەر گوێ لە درۆ و دەلەسەکانی رۆمانسییەکان بگرن) گاڵتەشی بەو رۆماننووسە رۆمانسییە دەکرد کە (ژیانی ئەمرۆ فەرامۆش دەکات و بەدیار لاشەکانی رابردووەوە دەگریت و سەردولکە بەسەر مێژوودا دەخوێنێتەوە).

ریالیزم لە سەرەتادا (لە ماوەی ساڵانی ١٨٤٨ ١٨٥٠ دا کە ماوەی زۆرانبازییەکی سەختی پەرناس و ریالیزمە) رەتکردنەوەیەکی دیارده و رووداوەکانی "پەرناسییەکان/ هونەر لە پێناو هونەر" بوو، کە لە هەمان سەردەمی ریالیستەکاندا لە فەرەنسا بڵاوببووەوە. بۆ نموونە نیگارکێشی ریالیست، گۆستاف

پەیکەرێکی ریالیست

PDF4Kurd

کــۆربێ Courbet دەیگوت: " ئامــانجی هونەر لە پێناو هونەر شتێکی بێ هوودە و پووچە". شامپفلۆری هەمـوو شێوە و جۆرە نووسینەکانی کە تا سەردەمی ئەو لە ئارادا بوون ڕەفـزی دەکـردنەوە، بەڵام نووسـراوەکـانی بالزاکی پەســەند دەکــرد و دەیگوت: " زانین لە پێناو توانین! ئەمـەیە ڕای من. توانای دەربڕینی ئەو ئاکـار و باوەڕ و دەوروبەرە کـۆمـەڵایەتـییـەی کـە تێـدا دەژین. بەکـورتی، هێنانە ئارای هونەرێکی زیندوو! ئەمەیە ئامانجی من!".
لە سـاڵی ١٨٥٢ شـدا بۆچوونەکـانی خـۆی زێتـر ڕوون کردەوە و وتی کە پێویستە ڕۆماننووس پێش نووسین لە بارودخی گشتی و دەوروبەر بکۆڵێتەوە.

دوورانتی کـە لە ٥٦-١٨٥٧دا گـۆڤـارێکی دەردەکرد بە ناوی " ریالیـزم" لەوێدا خـۆی و هاوڕێکانی بەتوندی هێرشیان دەکردە سەر ڕۆمانسیـیەکان: هووگۆ و ئەلفرێد مـووسی - یان بە " سێبەری دۆن ژووان" و گـۆتی - یان بە " پیـرەمـێردێکی مـاندووی سـاویلکە" ناوزەد دەکرد. تەحقیری شـاعیـرانیان دەکرد و دەیانگوت:" شـاعیـرەکان قەشمەرترین خەڵکی دنیان".

گـۆڤـاری " ریالیـزم" دوای پێنج مـانگ داخـرا، بەڵام جـەنگی ریالیــزم دژی ڕۆمــانسـیــزم و پەرنـاس کـۆتـایی نەهات، تەنانـەت ســـەریش کــــەوت. دوورانـتی لە وتارێکدا بەبۆنەی داخرانی ریالیزم نووسی: («ریالیزم» مرد، بژی ریالیزم).

بایـەخی ئەم چەند نووسـەرە لەوەدایە کـە بۆ یەکـەمین جار دەسـتوور و تیـۆر و یاساکانی ریالیزمیان داڕشت، چەندین ڕۆمانی ریالیـزمانەشیان نووسی و بڵاوکردەوە، بەڵام هیچ یەکێـک لەو ڕۆمـانانە شـۆرەتی پەیدا نەکـرد: تا ڕۆژی بڵاوبوونەوەی " کـۆمـیـدیای مـرۆڤـایەتی" ی بالزاک لە ساڵی ١٨٤١دا.

بڵاوبـوونەوەی " کـۆمـێـدیای مـرۆڤـایەتی" ی بالزاک ١٧٩٩ - ١٨٥٠ لە ســاڵی ١٨٤١دا، هەرچەند هیـچ تیـۆرێکی لەگـەڵ بڵاونەبووەوە، بەڵام ڕۆڵێکی گـەورەی بینی لە چەسپاندنی تەواوەتیی ریالیزمدا. لە پێشەکیی

داستایۆفسکی

PDF4Kurd



کۆمیدیاکەیدا دەنووسێ دەڵێ: "لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتە ئەخلاقییەکانەوە و لە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕووداوە بنچینەییەکانی کۆمەڵ، لەوانەیە لە نووسینەوەی ئەو مێژووەدا سەربکەوم کە مێژوونووسەکان لێی بێ خەبەر بوونە: واتە مێژووی ئاکار و ڕەوشتی کۆمەڵ". بالزاک لە پێشەکیی "چەند دیمەنێک لە ژیانێکی تایبەتی" دا نووسی کە لە بەرهەمی ڕۆمانسییەکاندا " هەموو ساختمان و شێوەکانیان کۆن وپەژمووردە بوونە و چیتر بە کەڵک نایەن"، پیشانی دا کە کاری ڕۆماننووس ئەمرۆ شتێکی دیکەیە.

ستاندال Stendal ۱۷۸۳ – ۱۸٤۲، ئەگەرچی زۆربەی ڕەخنەگران دەیبەنەوە سەر ڕێبازی ڕۆمانسیزمی ڕەخنەگرانە، بەڵام ڕۆڵێکی مەزنی بینی لە چەسپاندنی شێواز و ناوەرۆک و بیری ریالیستانە لە ڕۆمانی فەرەنسیدا. شاکارەکەی ئەو، سوور و ڕەش (۱۸۳۰) هەروەها شەڕی واتەرلوو و ڕاهیبەی پارما (۱۸۳۹) بە ئەڵقەیەکی گرنگ دەژمێردرێن لە پەرینەوەی ڕۆمانسیزم بەرەو ریالیزم.

نووسەری ریالیستی فەرەنسی گۆستاف فلۆبێرت Flaubert ۱۸۲۱ – ۱۸۸۰، کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو بەسەر بڵاوبوونەوەی ریالیزم. شاکارەکەی ئەو، مەدام بۆڤاری، بە جوانترین ڕۆمانی ریالیزم دەژمێردرێ. فلۆبێرت دەیویست هەمیشە خۆی لەودیو پاڵەوان و ڕووداوەکانی ڕۆماندا بشارێتەوە، واتە خەڵکی دیکە لە جیاتی خۆی بکاتە نموونەی پیشاندان و وردبوونەوە. وێڕای ئەوەش، فلۆبێرت هەرگیز حوکمی بەسەر تاوانباران و گوناهکارەکانی ناو ڕۆمانەکانیدا نەدەدا و تاوانباری نەدەکردن، هۆیەکانی ئەو تاوانبارییانەی دەستنیشان دەکرد و بێ لایەنانە دەیخستنە ڕوو. لە نامەیەکیدا بۆ ژۆرژ ساند لە ڕۆژی ۱۰ ی ۸ ی ۱۸٦۸ دا دەڵێ: "ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە دادپەروەری تێکەڵ بە هونەر بکەین؟ وێنەکێشان بەشێوەیەکی بێ

PDF4Kurd

لایەن، گەورەیی قانوون و وردیی زانست دەسەلمێنێ". لە بەرهەمەکانی دیکەی: سالامبۆ، پەروەردەی سۆز. لە نووسەرانی دیکەی فەرەنسا کە ڕۆڵی مەزن و دیاریان هەبووە لە بلاوکردنەوەی ریالیزم: ئێمیل زۆلا، مووپاسان، برایانی گۆنکوور، A. Dumas...

لە ڕووسیا، ماکسیم گۆرکی ١٨٦٨ – ١٩٣٦ (دایک)، ڕەخنەگری ڕووس بیلینسکی؛ لەگەڵ ڕۆماننووسانی وەک گۆگۆڵ و داستایۆفسکی و تۆلستۆی و تۆرژنێف و چیکۆف و باسترناک و ئێلیا ئێهرەنبۆرگ دەورێکی زۆریان بووە لە بلاوکردنەوەی ریالیزم. ریالیزمی ڕووسی هێندە دەوڵەمەندە کە دەکرێ بەتەواوەتی بەراورد بکرێ بە ریالیزمی فەرەنسی. شایانی باسە کە ریالیزمی ڕووسی بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە: ریالیزمی سەرەتا، ریالیزمی ڕەخنەگرانە، ریالیزمی سۆسیالیستی.

لە ئینگلستان بیری زانستی بە ڕێبەرایەتیی ستیوارت میل و داروین سبنسەر بلاوبووەوە کە لە ئەدەبیاتدا ڕەنگی دایەوە و جێگای بە سۆز و خەیالاتە بایرۆنییەکان لەق کرد. ریالیزمی ئینگلیزی بەشێوەیەکی ئەوتۆ نییە کە بەراوردی پێ لەگەڵ ریالیزمی فەرەنسی بکەین.

خاسییەت و دەستوورەکانی ریالیزم

١ - مەوزووعییەت و کۆمەڵخوازی

ریالیزم بە بینینی مەوزووعیانە Objectivite خۆی لە ڕێبازەکانی پێشوو جودا دەکاتەوە. ئامانجی ئەوەیە کە سەرجەمی واقیع وەک خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، واتە دەیەوێ بە چاوێکی کۆمەڵخوازی و دوور لە زاتییەت و خۆبینییەوە ژیان و ڕووداوە هاوچەرخەکان – وەک چۆن هەن – بەیان بکات. ئەمەش هەڵوێستێکە دژ بە ئایدیالیزمی کلاسیک و خەیاڵپەروەریی ڕۆمانتیکەکان.

دەربڕینی ڕاستی، لای نووسەری ریالیست بایەخێکی گرنگی هەبوو. شاعیری ڕۆمانتیک، بۆ نموونە، وێنەی جوانیی سرووشت لەبەر جوانییەکە خۆی، دەکێشێت. ریالیزمیش ئەو وێنەیە دەکێشێت کە هەستی پێ دەکات: بەڵام لەبەر جوانییەکەی نا، بەڵکو لەبەر هەقیقەتەکەی، جا جوان بێت یاخود ناشیرین.

ریالیزم بە واتا فراوانەکەی ئەو خاسییەتەی هەیە کە وێنەیەکی وردبینانە و تەواو لە بارەی سرووشت و کۆمەڵ و مرۆڤ لە بەرهەمە هونەری یا ئەدەبییەکەدا دەردەبڕێت، بۆ ئەمەش بە فراوانییەوە پشت بە لێکۆڵینەوەی ژیانی کت و متی ڕۆژانەی خەڵک دەبەستێت و زمانی ژیانی ئاسایی دەردەبڕێت.

ریالیزم لەسەر بنچینەی ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع و تیشک خستنە سەر لایەنەکانی ژیان و شیکردنەوەی دیاردە کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتییەکان، چ دەروونی مرۆڤ و چ دەرەوەی مرۆڤ، هەڵچنراوە.

بەم شێوەیە لای ریالیستەکان مرۆڤ – لە چوارچێوەی جموجۆڵە کۆمەلایەتییەکانیدا – دەبێتە مەیدانی سەرەکیی داهێنانی ریالیستەکان. بۆ نموونە کرێکاران وەک چینێکی مافخوراوی کۆمەڵ، یان هەژار و بێ دەرەتان و لێقەوماوان، یان ئافرەتانی چەوساوە و بەشخوراوی کۆمەڵ... بەشێوەیەکی فراوان لە داهێنانی ریالیستەکاندا ڕەنگیان دایەوە (لای زۆلا لە ژێرمینال، لای گۆرکی لە دایک، لای دیکنز).

بۆیەش ریالیستەکان لە هەڵبژاردنی پاڵەوان و کەسایەتییەکاندا شەخسیاتی ناسراو و ئەفسانەیی و مێژوویيان

PDF4Kurd

هەڵنەدەبژارد (وەک رۆمانسییەکان)، بەڵکو گەڕانەوە بۆ خەڵکی عەوام و لەبیرکراوەکانی ناو کۆمەڵ. لە هەمان کاتدا ریالیستەکان مەجبوور نەبوون هەمیشە عیشق بکەنە بابەتی بەرهەمەکانیان، تەنانەت ئەگەر باسی عەشقیشیان بکردایە بەشێوەیەکی واقیعی و لە چوارچێوەیەکی باریکبینانی کۆمەڵایەتیدا باسیان دەکرد.

٢ - فەرمانڕەوایەتیی بیر و بیری زانستی:

ریالیزم بنچینەی تراژیدیا و گیروگرفتەکانی مرۆڤی لە قەدەر و جەبرییەت و ئەودیو سروشت و ڕێککەوت و لێکدانەوەی رۆمانسیانە دوور دەخستەوە، دەیگەڕاندەوە بۆ هۆکاری ماددی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە، بنچینەی تراژیدیا لای ریالیستەکان، هەندێ جار دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی چینایەتی، هەندێ جاریش بۆ ململانێی نێوان نەوەکان، لای هەندێ نووسەریش دەگەڕێتەوە بۆ برسیەتی و هەژاری، زۆر جارانیش بۆ هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. کەچی دەبینین بنچینەی تراژیدیا لە ئەفسانەکاندا و لەلای کلاسیک و رۆمانسییەکاندا دەگەڕایەوە بۆ سروشت و قەدەر و ڕێککەوت و جەبریەت و هێزە شاراوەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ.

گرنگی دانی نووسەری ریالیست بە هۆکارە ماددییەکان هێندە ئاشکرایە، کە زانست و زانا ئابووریناسەکان دەستخۆشی لە بەرهەمەکانیان دەکەن. ئەوەتا دەبینین ئابووریناسی ئەڵمان، فریدریک ئەنگلز لە بارەی بالزاکەوە ڕای وابوو کە " بالزاک لە ئابووریناسێک باشتر کۆمەڵی فەرەنسامان پێ نیشان دەدا".

ریالیستەکان وەسفکردنی مرۆڤ و دەوروبەر و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر بنچینەی نیشاندانی هۆکارە ماددی و واقیعیەکان دادەڕشت. بۆیە دەبینین گرێی چیرۆک و پەرەسەندنی دراما لای ریالیستەکان لە ڕێککەوت و موعجیزە دوور دەکەوێتەوە؛ هەروەها لە وەسفکردندا وردبین و باریکبین بوون و بەشێوەیەکی فراوان وەسفی واقیع و کۆمەڵ و ژیانیان دەکرد، ئەمەش بۆئەوەی هیچ شتێک لە واقیعدا فەرامۆش نەکەن. ئەمە لە شێوازی هەموو رۆمانسییەکانی وەکو داستایۆفسکی و زۆلا و تۆلستۆی دەردەکەوێ بەتایبەتیش لای بالزاک.

لەسەر ئەم بنچینەیەوە، هەرچی شتێکی ناواقیعیانەی کە رۆمانسییەکان تێکەڵ بە ئەدەب و هونەریان دەکرد (ئەودیو سروشت، فانتازیا، خەون، ئەفسانە، جیهانی فریشتان، جادوو و سیحر و خێو...) لای واقیعییەکان تووڕ هەڵدرایە دەرەوە.

ئەوەی کە ریالیزم لە ڕێبازەکانی پێشووی وەک کلاسیزم و رۆمانسیزم جودا دەکاتەوە ئەو باوەڕە پتەوەیە بە زانست، بۆ نموونە لای ئێمیل زۆلا، کاتێ ڕووداوەکان لەسەر بنەمایەکی زانستییانە شیتەڵ دەکاتەوە و بەڵگەبەندییان دەکات. تەنانەت زۆلا پێی وایە ریالیزم هیچی دیکە نییە لە پێکەڵپێک کردنەوەی زانست لەناو ئەدەبدا.

زۆلا لە (رۆمانی ئەزموونگەری)دا ئەرکی بابایەکی زانا و بابایەکی نووسەر وەکو یەکتر تەماشا دەکا: «ئێمەی نووسەر پێکرا لەگەڵ زانایان کاردەکەین لە پێناو زاڵبوون بەسەر سروشتدا».

٣ - هاوچەرخایەتی

ریالیزم خەسڵەتێکی هاوچەرخانەی هەبوو: بەپێچەوانەی رۆمانسییەکان، لە " ئێستادا" و لە ئەمڕۆدا دەژیا، واتە باسی ئەمڕۆ و دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە هاوچەرخەکانی دەکرد. بۆیەش هەم لە ڕوخسار و هەم لە ناوەڕۆکدا

PDF4Kurd

سەردەمانە بوو و زوو جەماوەرێکی فراوانیان پەیدا کرد. شامپفلۆری، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ریالیزم لە ١٨٧٢ دا دەڵێ: "مرۆڤی ئەمرۆ، لە شارستانییەتی نوێماندا".

ریالیزم، بەپێچەوانەی کلاسیزم و رۆمانسیزم، نەدەگەڕایەوە بۆ ئەفسانە و مێژوو و رابردوو: تەماشای ئەمرۆی دەکرد و لە مرۆڤی ناو کۆمەڵگەی ئێستایی ورد دەبووەوە. لە بواری نیگارکێشاندا هونەرمەندانی فەرەنسی Daumi-er و Millet و Degas و Barbizon و Manet و هەروەها لە بەلجیکا پەیکەرتاش Constantin Meunier و لە رووسیا Repine و لە ئیتالیا Machiaioliو Signorini بە پیشاندانی واقیعی ژیانی هاوچەرخ رۆڵێکی گەورەیان بینی لە شیرین کردن و بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی ریالیزم لە هونەری نیگارکێشاندا.

کۆنستانتین کاڤافیس شاعیرێکی یۆنانییە (١٨٦٣- ١٩٣٣)، مێژووی میللەتەکەی خۆی، وەک ئەفسانەیەک لەناو شیعرەکانیدا تواندووەتەوە، بۆئەوەی بتوانێ مانایەکی تازە، بە شێوازێکی تازە، لەبارەی ژیان و مرۆڤی هاوچەرخەوە، دەرببڕێت. شاعیری ئینگلیزی (و.هـ. ئۆدن) دانی بەوەدا ناوە کە بەدرێژایی سی ساڵ، هەمیشە لەژێر زەبری شیعرەکانی کاڤافیدا ماوەتەوە. ئەمانە چەند نموونەیەکی شیعری کاڤافین:

نوێژ

دەریاوانێک، ناخی دەریا هەڵی لووشی
دایکەکەشی، بەبێ ئەوەی پێ بزانێ
لە مەزارگای (پاکیزە)دا، هەموو رۆژێ
بەدیار مۆمێکی داگیرساوەوە، هەڵدەترووشکێ..
لەپێناو ئەوەی کە کوڕەکەی بگەڕێتەوە؛
ئاسمانیش روون، ساف ببێتەوە.

دایک هەمیشە، گوێ بۆ رەشەبا رادەدێرێ.
لەوکاتەی بە چرپە خەریکی نوێژە:
ئەیقۆنەکە
بەخامۆشی
دڵ پڕ سوێ
گوێ هەڵدەخا
دەزانێ:
کوڕەکەی رۆیی؛
تازە چیتر ناگەڕێتەوە.

٤- پەرەپێدانی بیری ئازادی و تاکباوەڕی لەپێناو کۆمەڵدا

ماوەیەکی زۆر بوو، تەنانەت هەر لە سەردەمی رۆمانسییەکانەوە، نووسەر و هونەرمەند گەشتبوونە مافی ئەوەی

PDF4Kurd

بتوانن لەبارەی کۆمەڵ و قانوونە ئەخلاقییەکان داوەری بکەن. هونەرمەند توانای خۆی و ئازادیی خۆی و دەدەست هێنابووەوە. بۆیەش مافی خۆی بوو لە هەموو شتێک تێ بگات.

بەم شێوەیە، ریالیزم بەردەوامبوونی رۆمانسیزم بوو: ئەدەبیات و هونەر هەموو کێشەیەکی ژیان، چ جوان چ ناشیرین، چ بەرز چ نزم، چ باش چ خراپی دەکردە بابەتی دەربڕین و لێکۆڵینەوەی خۆی؛ سوودی لە هەموو قۆناغ و هەموو دیمەنێکی ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵ دەبینی بۆ پیشاندان: واتە باسکردنی ژیانی هەر دوو چینی سەرەوەش و خوارەوەش.. نەک تەنیا دەربڕینی ژیانی چینی سەرەوە.

جاران، ئەم ئازادییە نەبوو کە نووسەر بێت لە مەرگەساتی چینی خوارەوە بدوێت: چونکە ئەمە واتای ئەوەی دەگەیاند کە نووسەر و هونەرمەند هەڕەشە دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی چینی باڵا و دەبێتە هۆی تێکدانی چێژی سەپاو. رۆمانسیزمیش، ڕاستییەکەی، لەوەی تێ نەپەڕاندبوو کە تەنیا ڕەخنەیەکی ئەخلاقیانە لە شەڕ بگرێت.

ئەدەبی کلاسیکەکان لە خزمەتی چینی ئەرستۆکراتیدا، رۆمانسییەکانیش لە خزمەتی چینی بۆرژوا و وردە بۆرژوادا بوون، جەماوەرێکی کەمیان هەبوو: بەڵام ریالیزم ڕژایە ناو هەموو خەڵکەوە، لە هەموو چین و توێژێکی خوارەوەی دەکۆڵییەوە.

هونەرمەندی ریالیست بەرژەوەندیی کۆمەڵ و بەتایبەتی چینی خوارەوە لە هونەردا دەچەسپێنی، ئەمەش لە گۆشەنیگایەکی تاکەکەسییانەی خۆیەوە. وەک مۆپاسان دەیگوت: «گەورەترین نووسەرەکان ئەوانەن کە ڕووانینی تایبەتی خۆیان بەسەر مرۆڤایەتیدا فەرز دەکەن».

جاران هونەرمەندی کلاسیک ئەگەر بیویستایە مرۆڤێکی وەسف بکردایە دەهات شەخسیەتێکی لە مێژوو یا لە نێو ئەفسانەیەکەوە هەڵدەبژارد. هونەرمەندی رۆمانتیک خودی خۆی لە جیاتی ئەو شەخسیەتە مێژوویی یان ئەفسانەییە هەڵدەبژارد و خۆی دەکردە نموونە. بەڵام هونەرمەندی ریالیست دەهات نموونەی کەسێکی چینی خوارەوەی کۆمەڵی لە جیاتی خۆی دادەنا، نموونەی کەسێکی کۆمەڵایەتی کە تەعبیر لە توێژێکی ستەمدیدە یان چینی چەوساوەی کۆمەڵ بکات.

بۆیە دەبینین تراژیدیا – لە شانۆنامە و چیرۆک و ڕۆماندا– ئەگەر لای کلاسیزم تراژیدیای چینی ئەرستۆکرات بێت (یۆلیۆس قەیسەر، شا لیر..)، یان ئەگەر لای رۆمانسییەکان تراژیدیای تاکەکەس بێت (ئازارەکانی ڤارتەر)، ئەوا تراژیدیا لای ریالیستەکان دەبێتە تراژیدیای چینی خوارەوەی کۆمەڵ، دەبێتە تراژیدیایەکی کۆمەڵایەتی (دایک، هەژارەکان، بەرزاییەکانی ویزبرینگ).

٥- ڕۆچوون بەناو دەروونداا

لای مارکس هوشیاریی درۆزنانەی بۆرژوازییەت جگە لە ئایدۆلۆژیا هیچ شتێکی دیکە نییە. زۆربەی باوەڕەکانی بۆرژوازییەت نەک هەر تەنها ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو ئەو واقیعە دەشێوێنن و پەردەی بەسەردا دەدەن، کە ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندی چینایەتی و دەسەڵاتی یەک چینیدایە.

لای فرۆید، لە ژیانی مرۆڤدا هۆشیاری، لایەنێکی فراوانی ژیانی داگیرکردووە. بەڵام لە هەمان کاتدا بێ ئەوەی مرۆڤ خۆی بزانێت (بێ ئاگایی) هەروەها هەست و ئارەزووە خەفەکراوەکان، ژیانی بەڕێوەدەبەن. ئارەزووە سێکسییەکان گرنگترین ئەو ئارەزووە خەفەکراوانەی مرۆڤن لای فرۆید، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان

PDF4Kurd

له سه‌ر مرۆڤ هه‌یه، بگره سه‌رتاپای ژیانی هۆشیارانه‌ی مرۆڤیش هه‌ڵده‌سووڕێنن.

بەم جۆرە لای فرۆید هوشیاری ئاگایی- نەک هەر ناتوانێت بێ ئاگایی دیاری بکات، بەڵکو خۆیشی شێوەیەکە لە شێوەکانی دەرکەوتنی بێ ئاگایی، چونکە هوشیاری لە میانەی هێزە ناعەقڵانییەکانی غەریزەدا شێوەی خۆی وەردەگرێت و دەردەکەوێت. لەبەرئەوە هۆشیاری تەعبیر لە حەقیقەتی خودی مرۆڤ ناکا، چونکە لە بنچینەدا ئەو هۆشیارییە لەسەر بنەمای خەفەکردن و لادان لە غەریزە و هێزە شاراوەکانی دیکەی خودی بێ ئاگایی دامەزراوە.

مارکس و نیتشە و فرۆید بۆ یەکەم جار ئەوەیان دۆزییەوە کە شتێک بە نێوی هۆشیاریی درۆزنانە لە ئارادا هەیە: ئەمەش چونکە هۆشیاری نەک هەر دەتوانێ ڕەنگدانەوەی حەقیقەت نەبێت، بەڵکو دەشێت پەردەیەکیش بێت حەقیقەت داپۆشێت و بیشێوێنی. نووسەرانی ریالیزم، لە بەرهەمەکانیاندا، شێلگیرانە ئەم کارەیان ئەنجام دا کە مارکس و نیتشە و فرۆید تیۆریان بۆ داڕشتبوو: نووسەر و هونەرمەندانی ریالیست پەردەیان لەسەر ئەو پەنهان و شاراوانە هەڵدایەوە.

بەم شێوەیە، لە ئەنجامی بایەخدانی نووسەرانی ریالیست بە دەروونی تاکەکەس، لە ئەنجامی ڕۆچوونی هونەرمەندانی ریالیست بەناو کانگای کۆمەڵ و تاکەکەسدا، دەبینین ئەدەبیات لە ڕووی دەروونناسییەوە - لەچاو ئەدەبیاتی ڕۆمانسییەکان - زۆر دەوڵەمەندتر دەبێت: هونەر قووڵاییەکی سۆسیۆ- سایکلۆژیی بەبڕشتتر پەیدا دەکا. هەر بۆیەش، دەروونناسی ناودار سیگمۆند فرۆید، لەبارەی توانای شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤەوە لای ڕۆماننووسی ڕووس، فیۆدۆر داستایۆفسکی دەڵێ:"داستایۆفسکی ئەندازیاری دەرونی مرۆڤە".

نیتشە بیرمەندێک بوو، بەڕاستی تەعبیری لە جەنجاڵی و ئاڵۆزیی ئەو سەردەمە دەکرد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە دوواتر دەبێتە هەنگاوێکی سەرەتا بەرەو تێکشکاندنی مرۆڤ. ئەم بۆچوونە لەناو بینینی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی ریالیستی وەک ستریندبێرگ ١٨٤٩ - ١٩١٢ و هەمەنگوای ڕەنگی دایەوە.

لە هەمان کاتدا گەڕان بەدوای پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵ، لای ریالیستەکان، گەیشتە ئەوەی کە ریالیزم ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەو دەروازانەی دەچنەوە سەر پەیدابوونی ڕێبازەکانی بێهوودەیی و نێهلیزم و ناماقووڵ و سوریالیزم.

هایدگەر پوختەی ڕەخنەکانی لەسەر فەلسەفەی نیتشە، لە کتێبی (ڕێگاکانی جەنگەڵستان- ئەو ڕێگایەی ناچێت بۆ هیچ شوێنێک) خستووەتە ڕوو. هایدگەر لە میانەی ڕەخنەکانیدا نیتشە بە بیرمەندێکی میتافیزیکی دادەنێت، بەڵام هایدگەر، نیتشە لەوەدا دەبینێت کە یەکەم فەیلەسووفە هەستی بە بزووتنەوەیەکی بنچینەیی لە سەرجەم بیری ڕۆژئاوادا کردووە، ئەویش بزوتنەوەی نیهلیسمیە.

نیتشە لە میانەی ڕەخنەکانیدا خوازیاری ئەنجامدانی چاکسازییەکی ئەو شارستانییەتە بوو، ئەو شارستانییەتەی بە عەقڵ دەستی پێکردووە؛ ئەگەر مرۆڤ فریای خۆی نەکەوێ، بەدوور نازاندرێ هەر بە عەقڵیش کۆتایی بە خۆی بهێنێت.

٦ - فەرمانڕەوایەتیی ڕۆمان

لە هەر سەردەمێکدا یەکێک لە جۆرەکانی ئەدەب فەرمانڕەوا دەبن. سەدەی حەڤدەم سەدەی تراژیدیا و شانۆ بوو، سەدەی ١٨م سەدەی بیر و پەخشانی بیر بوو. ئەگەر درەنگتریش، سەردەمی ڕۆمانسیزم بە سەردەمی شیعر بژمێردرێت، ئەوا سەردەمی ریالیزم بە سەردەمی ڕۆمان دەژمێردرێت.

PDF4Kurd

کۆتایی هاتنی رۆمانسیزم کۆتایی هاتنی ڕێژەییانەی شیعر و هێزی شاعیرانە بوو. تیۆئێل گۆتییێ لە ساڵی ١٨٦٧ دا وتی : " چێژی ئەم سەردەمە ڕووی لە شیعر وەرگێڕاوە".

ریالیزم، هەم لە ڕووی چۆنیەتی و هەم لە ڕووی چەندێتییەوە، تەکانێکی گەورەی بە رۆمان بەخشی: ساڵانی ١٨٠٥ تا ١٨٩٠ لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا سەردەمی زێڕینی رۆمانە.

ڕەخنەگران ڕایان وایە کە تەنانەت پەرەسەندنی ریالیزم لەسەر دەستی ڕۆماننووسانی وەک بالزاک و ستاندالّ، بە هۆی ئەو کاریگەرێتییەی ڕۆمانەکانی والتەر سکۆت (١٧٧١- ١٨٣٢) بووە بەسەر بالزاک و ستاندالّدا: چونکە هەردووکیان لەژێر کاریگەرێتیی والتەر سکۆتی ڕۆمانسیدا بوونە.

ریالیستەکان دەرکیان بەوە کردبوو کە ڕۆمان ژانرێکی لە هەموو ژانرێک گونجاوترە بۆ دەربڕینی ڕووانینی هونەرمەند لەبارەی کێشە بە گرێ و گۆڵەکانی کۆمەڵگا. لەم بارەیەوە، کەواتە، دەشێ جۆرج لۆکاش ڕاست بکات کە پێی وایە ڕۆمان ژانری دڵپەسەندی سەردەمی بۆرژوایە: لۆکاش وادەبینێ کە ڕۆمان لە سەردەمی نوێدا جێگەی داستانی سەردەمی دەرەبەگایەتیی گرتووەتەوە.

ڕێچکەکانی ڕێبازی ریالیزم

ریالیزم، بە سیفەتی ئەوەی چەند بنەمایەکی فەلسەفیش بوو و واقیعی لە ئایدیاڵ و ڕۆح جودا دەکردەوە، لە ئاکامدا بووە بنچینەیەک بۆ لەدایکبوونی چەندین لقی جۆراوجۆر.

ڕەخنەگر و ئەدەبناسان ڕێبازی ریالیزم بەسەر چەندین لق و ڕێچکەدا دابەش دەکەن (کە زۆربەی هەرە زۆریشیان لە ماوەی ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی ١٩دا ژیاون). ئەم لقانەش هەندێک بەزەحمەت یەک لە ئەوی دیکە جودا دەکرێنەوە، لەبەرئەوەی هەموویان لە یەک سەرچاوەوە هەڵقووڵاون کە ئەویش واقیعە. تەنانەت هەندێ لە ڕەخنەگران ڕێبازی پەرناس و سمبوولیزمیش دەگێڕنەوە سەر ریالیزم.

ناتورالیزم Naturalisme

ئەم ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە لە نێوان ساڵانی ١٨٦٠ و ١٨٨٠دا لەژێر دوو کاریگەرێتیدا دروست بوو:

١- لەژێر کاریگەرێتیی ڕێبازی ریالیزم بەتایبەتی ریالیزمی فلۆبێرت.

٢- لەژێر کاریگەرێتیی پۆزەتیڤیزمی تاین Taine کە ئەویش ڕێبازێکی فەلسەفی بوو و ئۆگۆست کۆمت Comte دایمەزراندبوو، باوەڕی بەوە هەبوو کە سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵ بەپێی چەند یاسایەکی سروشتی و ناوەوەی مرۆڤ بەڕێوە دەچن.

یەکەمین تیۆردانەر و نووسەرێک کە بنەما جوانیناسییەکانی ناتورالیزمی داڕشتبێ ئێمیل زۆلا بوو، ئەویش لە کتێبی رۆمانی ئەزموونگەری Le Roman experimental لە ساڵی ١٨٩٠دا. ئەو، ناوەرۆک و ڕاستییەکانی ڕۆمانی لەسەر بنچینەی ئەو تێبینی و سەرنجانەوە هەڵدەچنی کە لە ڕێگای واقیع و ئەزموونەکانی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵەوە وەدەستی دەکەوتن. باوەڕی وابوو کە ژینگە و واقیع سروشتی مرۆڤ دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

ئەم ڕێبازە دەیویست ئەدەب و هونەر بخاتە ژێر بەکارهێنانی مێتۆدەکانی زانستی پۆزەتیڤ، واتە واقیع

PDF4Kurd

بەشێوەیەکی مەوزووعیانەی وردبین لە هەموو بوارێکدا بەرهەم بهێنێتەوە.

ئێمیل زۆلا ئەوەی زیادکردە سەر ریالیزم کە نووسەر پێویستە بگاتە ئاکامێک کە تەبا بێت لەگەڵ ئەنجامەکانی زانست. بەدوا یەکتر هاتنی ڕاستییەکان دەبێ بە هەمان ئەو چەشنە بێت کە ڕووداوەکانی زانست پێیان دەگات. زۆلا بەپێی ئەمە لە ٣١ چیرۆکی درێژدا مێژووی خێزانێکی فەرەنسی دەگێڕێتەوە و دەگاتە ئەو ئەنجامانەی کە زانستی بۆماوەناسی لە سەردەمەکەیدا پێیان گەیشتبوو.

چڵکنی و دزێویی جوتیار و پاڵە و کرێکارەکان، قەڵەوی و تێکسمڕاویی ژنەکانی چینی بۆرژوا کە گۆستاڤ کۆربێی ناتورالیست ١٨١٩– ١٨٧٧ وێنەی دەکێشان، وەک نارەزاییەک وابوو دژی کۆمەڵی بۆرژوا.

زۆلا لە سەرەتادا چەند ڕۆمانێکی لەسەر بنچینەی ناتورالیستەکانی خۆیەوە نووسی، پاشان چەند نووسەرێکی گەنج، ناودارترینیان گی دی مۆپاسان، لە بۆچوونەکانی ئالان و پەیڕەوی بنەماکانی ئەویان کرد. لە هەمان کاتدا لە یەکتر کۆدەبوونەوە و گفتوگۆیان دەکرد، تەنانەت لە ١٨٨٨ بڕیاریان دا کتێبێکی هاوبەشی بەرهەمەکانیان چاپ بکەن. لە کۆتاییدا زۆلا کتێبە ناودارەکەی خۆی، دۆمانی ئەزموونگەری، بلاوکردەوە و تێیدا بنەماکانی ناتورالیزمی ڕوون کردەوە و ئنجا بە ژێرمینال ناتوررالیزم گەیشتە لووتکە.

تۆلستۆی و مۆپاسان و برایانی گۆنکوور و تۆماس هاردی و ئەلکزاندەر دووماس و ئەلفۆنس دۆدێ و ئۆگۆست ستریندێرگ هەروەها پۆول ئەلێکسی، هنری ژیرارد، ئنجا هویسمان و برایان ژۆل و ئەدمۆن... لەو نووسەرانە بوون کە بە دەوری ئەم ڕێبازەدا کۆببوونەوە. لە بواری شانۆشدا یەکەم شانۆی ناتورالیست قەلەڕەشەکان بوو نووسراوی هـ. بێک لە ساڵی ١٨٨٢دا.

ریالیزمی فۆتۆگرافی

ئەم ڕێبازە واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەی وەک چۆن خۆی هەبوو، وەک خۆی، واتە لە شێوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافیدا دەخستە بەر چاوی خەڵک، بێ ئەوەی ڕەخنە لە هیچ لایەنێکی خراپی کۆمەڵ بگرێت و بێ ئەوەی نووسەر یا هونەرمەند هیچ بینینێکی تایبەتی خۆی دەربڕێت و هیچ مۆرکێکی تایبەتی خۆی بخاتە سەر واقیعەکە.

بە ڕای ڕەخنەگرانی ئەدەب هەندێ لە بەرهەمەکانی بالزاک و تورژینێفی ڕووس دەچنەوە سەر ئەم ڕێبازە.

ریالیزمی ڕەخنەگرانە

ئەم ڕێبازە واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەی بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە دەخستە بەر چاوی خەڵک؛ لایەنە خراپەکانی کۆمەڵ و مرۆڤایەتیی لە چوارچێوەیەکی ڕەخنەییدا پێشکەش دەکرد؛ بەتایبەتی ڕەخنەگرتن لە چینی بالا و دەسەلاتداری کۆمەڵ و حکوومەت. لە ئاکامدا خوێنەر یا بینەری وا لێدەکرد کە بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بکاتەوە بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە لە بەرهەمەکەدا خراونەتە ڕوو. لە ڕووسیا گۆگۆڵ و هەندێ لە بەرهەمەکانی تۆلستۆی و باسترناک و ئیلیا ئێهرەنبۆرگ سەر بەم ڕێبازەن. ڕەخنەگری ڕووس، ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە تیۆریزەکردنی بنەماکانی ئەم ڕێچکەیە.

لە ئەدەبی کوردیدا دوو چیرۆکی لە خەوماوی جەمیل سائیب و مەسەلەی وێژدانی ئەحمەد موختاربەگی جافی خۆمان سەر بەم ڕێبازەن.

PDF4Kurd

ریالیزمی شۆڕشگێڕانە

ئەم ڕێبازە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە حاڵەتی پەرەسەندن و گۆڕانکاریدا وێنەدەکێشا. باوەڕێکی شۆڕشگێڕانە و پتەوی بە گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵگە هەبوو لە خراپەوە بەرەو باش و لە باشەوە بەرەو باشتر.

ئایدیۆلۆژییەتی مارکسیزم و لینینیزم، لە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیای ۱۹۱۷، پاڵپشت و زەمینەی فیکریی ئەم ڕێبازە بوو. ناوەکەشی هەر لەمەوە هاتووە.

ماکسیم گۆرکی کە هاوڕێی نزیکی لینین بوو، بە دامەزرێنی ئەم ڕێبازە لە قەڵەم دەدرێت. هەر ئەویش بووە مایەی پەرەسەندنی ئەم ڕێبازە و دروستبوونی ڕێبازی ریالیزمی سۆشیالیست لە ساڵانی ۱۹۳۲ - ۱۹۳٤دا لە یەکێتیی سۆڤیەت. بەناوبانگترین ڕۆمانی سەر بەم ڕێبازە: ڕۆمانی «دایک»ە، نووسراوی ماکسیم گۆرکی.

ریالیزمی سۆشیالیست

ئەم ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەیە کە لە ساڵی ۱۹۳٤ بەولاوە لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی سۆڤیەتییەوە دەستنیشان کرا و ئەرکی ئەوەی گرتەبەر کە چینی کرێکاران و خەڵک بە ئایدیۆلۆژییەت و ڕۆحیاتی سۆشیالیستی (کە سەرچاوەکەی یەکێتیی سۆڤیەت بوو) پەروەردە بکات.

ریالیزمی سۆشیالیست، کە "لە سەرچاوەی ڕێبازە شۆڕشگێڕییە پرۆلیتارییەکانەوە هەڵدەقوڵێ" "لەسەر بناغەی بیر و ڕەوشتی سۆشیالیستی دامەزراوە".

ریالیزمی سۆشیالیست ئەم بنچینانەی هەبوو:

١- واقیعییەتێکی مەوزووعی کە لە دەرەوەی هوشیاریدا هەیە و پێویستە لە بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگ بداتەوە.

٢- گەشبینییەکی مێژوویی لە ئاستی دەربڕینی بابەت و ژیان و ڕووداوەکان پێشکەش بکات.

٣- داهێنان پێویستە هەمان تێگەیشتنی زانستی هەبێت، واتە هەمان ئامانج بەڵام بە بەکارهێنانی ئامرازێکی دیکە.

٤- ئیلتیزام کردنی نووسەر و هونەرمەندان بۆ خزمەتکردنی ئایدیالی سۆشیالیزم.

ئەم بنەمایانە و چەندان یاسای دیکە، ژدانۆڤ Jdanov بۆ ڕێبازی ریالیزمی سۆشیالیستی دایانان و بە درێژایی سەردەمی دەسەڵاتداریتیی ستالین، نووسەر و هونەرمەندانی سۆڤیەتی خستە نێو چوارچێوەی تەنگی بەحزبایەتی کردنی ئەدەب و هونەرەوە.

بۆ ئەوەی سۆشیالیست بمێنیتەوە، بەم شێوەیە نووسەر ئەدەب و هونەر دەکاتە قوربانیی ئایدیۆلۆژیەتی سۆشیالیستی. بەشێکی زۆری ڕۆمانەکانی جەنگیز ئەیتماتۆف و ڕۆمانەکانی عەرەب شەمۆ وەکو شڤانی کورد و بەربانگ سەر بەم ڕێبازەن.

PDF4Kurd

هیپێر ریالیزم Hyperralisme

زۆرتر لە بواری نیگارکێشاندا باو بوو. لە ساڵانی سییەکانی ئەم سەدەیەدا ڕاگەیەندرا لە ئەمریکا، ئەمەش لەلایەن ئێدوارد هۆپەرHopper، شارل شیلەر، ئێندریۆ وایەت Wyeth، هەروەها لەلایەن هونەرمەندان مۆنۆری Mon-ory، ژیل ئایلۆد، ۆڵفگانگ. کە شێوازێکی زۆر باریکبینانەیان هەبوو بۆ وێنەکێشانی واقیعی مرۆڤایەتی لە ئەمریکا.

ریالیزمی تازە Nouveau Realisme

ئەم ڕێبازە کە زیاتر لە بواری هونەری نیگار و شێوەکاریدا برەوی پەیداکرد، بۆ یەکەمین جار لەلایەن سێ هونەرمەندی ئەورووپییەوە ڕاگەیەندرا (ئیڤ کلێین، رایمۆند هاینس، ژان تینگێلای) کە لە ساڵی ١٩٥٩ دا لە پاریس پێشانگایەکی هاوبەشیان کردەوە و کاریگەرێتییەکی گەورەیان خستە سەر هونەر لە فەرەنسا و ئەورووپادا.

ڕەواجی ئەم ڕێبازە لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦٣ لە ئەورووپا بەردەوام بوو؛ تا ئیتر تێکەڵ بە هونەر و ڕێباز و شێوازە هاوچەرخەکانی دیکە بوو.

هونەرمەندەکانی سەر بەم ڕێبازە واقیعی پێشکەوتووی شارستانییەتی تازەیان دەئاخنیە ناو هونەر: پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و زانستی و پیشەسازی و شارستانییەتی ئەورووپای نوی زۆر بەوردی فراوانی لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دەدایەوە. بۆ نموونە سوودیان لە کەلوپەل و ئامێر و کەرەستە و شتومەکی شکاو و فڕێدراو وەردەگرت بۆ دەربڕینی هونەری، یان کۆکردنەوەیان لە تابلۆیەکدا.

هەروەها چەندین ڕێچکەی دیکەی ئەمڕۆیی وەک ریالیزمی سیحری (فەنتازی) و هی دیکەش.. کە هەموویان هەر سەرچاوەی خۆیان لە واقیعەوە هەڵێنجاندووە، بەڵام بۆ دەربڕین پشت بە فانتازیا و توخمەکانی ئەفسانە و زێدەڕۆیی سەیر و سەمەرە دەبەستن. گابرییل گارسیا مارکیز و ئیتالیۆ کالڤینۆ و بۆرخێس.. سەر بەم ڕێچکە تازانەی ریالیزمن.

یانیش هەندێ نووسەری ریالیستی دیکە پێیان وایە کە پێویستە مۆرکی شەخسیی خۆت بنووسێنیتە ئەو جیهانەی دروستی دەکەیت. شاعیرێکی ئەمریکایی وەک والاس ستیڤنز (١٨٧٩–١٩٥٥) بۆ نموونە پێی وایە: «ریالیزم بۆگەنکردنی واقیعە»، واتە تۆ پێویستە واقیع بەشێوەیەکی ئەنقەست و بە مەبەست تێک بدەیت: بۆگەن و داڕووخاو پیشانی بدەیت.

هەر چۆنێک بێت: لچک و لێوارەکانی ریالیزم ئەمڕۆ فراوانتر بوونە، هەر نووسەر و هونەرمەندێک بە بینینی تایبەتی خۆی و شێوازی خۆی و تەکنیکی خۆی کاردەکات: بەدەگمەن نووسەری باشی ئاوها ماون کە خۆیان بە ڕێچکەیەکی دیاریکراو ببەستنەوە. لەم بارەیەوە، ڕووناکبیری فەرەنسی، ڕۆژێ گاروودی، لە کتێبی (ریالیزمی بێ کەنار)دا دەڵێ کە ئەمڕۆ هەرچی بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری، بە هەر شێواز و تەکنیکێک بێت.. هەر دەچێتەوە سەر ریالیزم. چونکە گاروودی پێی وایە کە واقیع سنووری نییە و داهێنانیش ڕەنگدانەوەی واقیعە.. کەواتە: هونەرمەند هەردەم ئازادە لەوەی کە چۆن و بە چی لەو واقیعە بدوێت.

ریالیزم لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەگەڵ سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری (١٨٩٨) بڵاوەی سەند، لە ماوەی نێوان

PDF4Kurd

دوو جەنگە جیهانییەکەشدا، واتە لە سالانی ١٩٢٠- ١٩٤٠دا گەیشتە لووتکەی خۆی.

گۆران بەپێچەوانەی هەموو شاعیرانی پێش سەردەمی خۆی، گەنجینەیەک بۆچوونی ریالیستانەی لەبارەی چەمکی شیعر و داهێنانەوە بۆمان جێهێشتووە. ئەم کارە تەنانەت شاعیرانی هاونەسلی خۆیشی بەدەگمەن کردوویانە. بۆ نموونە ئەم قسەیەی خوارەوەی گۆران ئەوە دەردەخات کە گۆران چەند ریالیست بووە. لەبارەی ریالیزمەوە دەڵێ:

«رۆژهەلاتییەکان چاویان بریوەتە ئاسمان، لەبەر ئەمەیە کە لە سەرەتای ژیانیان چۆن بوون هەر وەها ماونەتەوە و لە جێی خۆیانا چەقیون، پێشکەوتنیان بۆ نییە؛ بەلام رۆژئاواییەکان چونکە دەزانن هۆی ژیانیان لەسەر ئەرزە هیچ بەتەنگ ئاسمانەوە نین، چاویان بریوەتە دەوروپشتی خۆیان».

گۆران، لە ئەنجامی رووانینە مۆدێرنەکەی، چەند رێبازێکی نوێی ئەدەبی دەگەڵ بەرهەمەکانی و دەنێو بەرهەمەکانیدا پەیدا دەبن: رێبازی پەرناس، رێبازی رۆمانسیزم، رێبازی ریالیزم، ریالیزمی سروشتی و رەخنەگرانە و سۆشیالیستی و شۆرشگێری.

ریالیست بوونی گۆران لەمەدا دەردەکەوێ کە گۆران بۆ یەکەم جار کەوتە باسی جیهانی تاکەکەس و ئازادییەکانی، لە رێگەی تاکەکەسەوە هاتە ناو کێشە گشتییەکانەوە. هەروەها گۆران بابەت و کێشە و گرفتە کۆمەلایەتی و سیاسی و مرۆڤایەتییەکانی خستە بەر شیتەلکردنەوەی رووانینی خۆی. جگە لەمانەش، ناوبراو بەرەو سەرچاوە نیشتیمانی و کەلەپووره نەتەوەییە رەسەنەکان دەگەرێتەوە و باوەش بە سامانە شیعرییە فۆلکلۆرییەکانی خۆماندا دەکا.

لە سالی١٩٣٥دا گۆران رێبازی ریالیزم دەناسێت و دەست پێدەکات بەرهەمە ریالیستەکان دەخوێنێتەوە. سەرەتای کاریگەرێتیی ریالیزم بەسەر گۆران وردە وردە دەردەکەوێ. گۆران دەلێ:

«پاش ئەم ماوەیە تەییاری سیاسی و کۆمەلایەتی کەوتە ناومانەوە وە من بە تەئسیری ئەم دوو ئەدەبەوە (ئینگلیزی و عەرەبی) کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە..»؛ «لە ١٩٣٥ بەملاوە دوای هاتنە ناوەوەی جوولانەوەی پێشکەوتوویی (تقدمی) و کۆمەلایەتی پالی پێوە ناین کە لە ئەدەبی عەرەبی و ئینگلیزیشدا بەدوای نموونەی ئەدەبێکی (تقدمی) بگەرێین. بەم هۆیەوە لە ١٩٣٥ بەملاوە ئەم رێگەیەم گرت (ریالیزم) وەکو لە هەلبەستی دیاری خوای شەر دەردەکەوێ کە لە گۆڤاری گەلاوێژ لە سالی ١٩٤٣دا بلاوکرایەوە و چەند سالێک بەر لەو مێژووە دامنابوو.

PDF4Kurd

سەرچاوە:

CHAMPFLEURY: Le Realisme, Paris: 1857.
Lacher WALTER: Le Realisme dans le roman contemporaine, Geneve: 1940.
Kant: Qu est-ce que les Lumieres? in Oeuvres Philosophiques, T.2, tr. par H. Wisman, ed.Gallimard, Paris: 1985.
Ch. M. Des Granges: Histoire de la litterature Francaise, Ed. Hatier, Paris: 1962. P. 850-902.
Kant: Le jugement esthetique, Textes choisis, Ed. PUF., 9me ed., Paris: 1991.
Dictionnaire Encyclopedique Larousse, Paris: 1979.
Henri Lemaitre: La poesie depuis Baudlaire, Ed. Armand Colin Coll., Paris: 1965. P. 85-101
George Emmanuel CLANCIER: Panorama de la poesie francaise, Ed. Seghers, Paris: 1970
Claude BONNEFOY: La poesie des origines a nos jours, Ed. Seuil, Paris: 1975.
Taine HYPROLYTE: Histoire de la Litterature Anglaise, Paris: 1865.

بەرهەمی بەشێک لە نووسەرە ریالیستەکان، نوسخە فەرەنسییە ئۆریژینالّەکانیان – ئەوانەی لێرەدا ناویان هاتووە – تەماشاکراون. بە پێویستمان نەزانی ناوی سەرچاوەکانیان بنووسین.

عوسمان یاسین: نیتشە، گ. وەرگێڕان، ژ (٢)، هەولێر: ١٩٩٧.

بابک احمدی. مدرنیە واندیشەی انتقادی. نشر مرکز تهران ١٣٧٣ ص,٣٥

اي: فيليبس كريفيثنر: الفلسفة و الادب، ترجمة ابتسام عباس، بغداد: ١٩٨٩

ف. فولفين: فلسفة الانوار، ترجمة هنريت عبودي. دار بيروت ١٩٨١ ص, ٣٧٤

دريني خشبة: اشهر المذاهب المسرحية، وزارة الثقافة والارشاد القومي، مصر: ١٩٦٢.

PDF4Kurd